# جیهان بەرەو فرە جەمسەری

(١)

## ئەزمونی چین

موعتەسەم نەجمەدین

چاپی یەکەم
٢٠١٤

لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی خەندان بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیژی

## ناسنامەی کتێب

**ناوی کتێب: جیهان بەرەو فرە جەمسەری**

**بابەت: لێکۆڵینەوەی سیاسی**

**نوسینی: موعتەسەم نەجمەدین**

**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٤**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

# ناوەرۆك


سەرەتا ...................................................................................... ٥
**چین لە سەدەی بیستویەکدا ......................................................... ٣١**
**جەمسەرێکی سەرەکیی نوێی ئابوری ................................................ ٣١**
**چین لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩ تا ١٩٧٨ ................................................ ٣٣**
**چین لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ تا ٢٠١٢ ................................................ ٣٧**
**دینگ شیاو بینگ مەزنترین پیاوەکانی سەدەی بیستەمە ............................. ٤٢**
**دینگ ئەندازیاری ریفۆرمو کرانەوە ................................................... ٤٧**
**گرنگ نییە پشیلەکە رەش بێت، یان سپی، گرنگ ئەوەیە مشک راوکات ........ ٤٩**
**ستراتیژیەتی دبلۆماسی چین ........................................................... ٨٩**
**دووەم: قۆناغی ریفۆرمو کرانەوە ...................................................... ٩٣**

# سەرەتا

سەرەتای سەدەی بیستویەک سەرەتای دروستبوونو سەرهەڵدانی سیستمێکی نوێی جیهانییە. مرۆڤایەتی ئەمرۆ لەقۆناغی پەرینەوەیەدا لەجیهانی تاک جەمسەریەوە بەرەو جیهانی فرەجەمسەری، مودەتێک لەفەوزاو ناجێگیریو نائارامیدا ژیان دەگوزەرێنێت. قۆناغی پەڕینەوە، پێش گەیشتن بەجیهانێکی هاوسەنگو جێگیر، بەقۆناغێکی فەوزاو ناجێگیردا تێدەپەرێت. یەکێک لەسیماو رواڵەتی ئەم سەردەمە نوێیە بڵاوەکردنی فرەکولتوورو بەهاییو فرەپێوەریی جیاوازو هەمەرەنگە.

ئەمرۆ ئەمەریکیەکان، روسەکان، ئەوروپیەکان جارێکی دی دەگەرێنەوەبۆ خواستو پێویستییە ناوخۆیەکانیان؛ هەر یەکەیان کاروبارو ژیانی خۆیان بەپێی هزرو بەرژەوەندیو پرانسیپی تایبەت بەخۆیان رێکدەخەن. بەواتە، جارێکیتر رێزو حورمەت دەگەرێننەوەبۆ سەروەری نیشتمانیو نەتەوەیی. لەراستیدا ئەمەسەرەتای کۆتایی قۆناغی بەجیهانی بوونی سیستمی سەرمایەداریو بەئەمەریکیکردنی جیهانو بالأبوونی بەهاو هزری لیبراڵیزمی نوێیە.

لـەسـێیەری گۆرانکاریـەکـانی کۆتـایی سـەدەی بیسـتەمو سـەرەتـای بیسـتویـەکدا مـەحاڵـەبتوانرێت هـەمـوو نـاکۆکیو جیاوازیـەکـان لـەسیسـتمێکی سیاسـیی تـاک جـەمسـەردا رێکبخـەیـتو بگونجێنرێـت. بـە تێڕامـان لـەگـەوهـەری سـتراکچەرو هـزری سیسـتمی سیاسـیی جیهـانی، ئـەو وێنەیەبەروونی دەر دەکەوێت، کەواقعی سیستمی سیاسی دوو جـەمسـەری تـا ئاسـتێکی بـاشو دیـار سیسـتمێکی جێگیـرو ریکخراو بووە، بەڵام لەهەناویدا نـاکۆکیو نێواندژیو ترسو ناعەدالەتی زۆری هەڵگرتبووە. لەدارمانی یەکێتی سۆڤیەتو جـەمسـەری سۆسیالیسـتیدا، ئـەمـەریکـا وەک تاکـەهێـزو تاکەجەمسەری نوێ لەسـەر کورسیی دەسـەڵاتـی دنیا مایـەوەو بوو بەهێزو جەمسەرێکی بێ رکـەبـەر. هـەرچـەندەئـەم شێوەو مۆدێلە لەسیستەمدا بـەرواڵـەت زۆر سـادەو سـاکار دەرکـەوت، بـەڵام لـە راسـتیدا سیسـتمێکی زۆر مانـدو و پـڕ لـە قـەیـرانو کێشـەو گرفـت بـوو، هاوکـات بـەبـەراورد بـەقۆنـاغی دوو جـەمسـەری، کـەنزیکـەی یـەک سـەدە تـەمـەنـی کـرد، مـاوەی تـەمـەنـی ئـەم زۆر کـورت بـوو و نـەیتـوانی بـۆ زیـاتر لـەدوو دەیەوەک تەنیا هێزو جەمسـەر بمێنێتـەوە. ئـەو گۆرانکاریانـەی ئەمرۆ لەگۆڕ ەپانی سیاسیی نێودەوڵەتیدا روودەدەن، بەتایبەتـی لەهەردوو بواری ئابوریو سەربازی، دواتریش کاریگەرییان لەسەر نفووزی سیاسی، زەمینەیەکی تایبـەت دەخولقێنێت. ئـەم زەمینە تایبەتە ئۆباما بە(واقعی سیاسیی نوێ) نـاوی دەبا. لـەم بارەدا بەپراکتیکی کار لەسـەر دامـەزراندنی مۆدێلێکی نوێو

قۆنـــاغێکی نـــوێی ڕێکخســـتنەوەی کـــارو پـــەیـــوەندییـــە نێودەوڵەتیەکانی جیهان دەکرێت.

لـەم دۆخـەدا گۆڕانی گـەوهـەریـی سـەردەم، گۆڕانی پێگـەو لانکـــەی هێـــزو ســـامانە. ئـــەمـــڕۆ نـــاتوانی نکـــۆڵی لـــەو ڕاستیەبکەیت، کـەلـەقۆنـاغی نـوێی سیستـەمـی سـەرمایـەداریدا سامانو هێـز لـەخۆرئـاواوە دەپـەڕێتـەوە بـۆ خۆرهـەڵات. لـەم بـارەیـەوە، بـەپێـی ڕاپـۆرتێکی پـەیمانگـای نیـودەوڵـەتـی بـۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەساڵی ٢٠١١دا ئاماژەبۆ ئەوەدەکات، کەئەمەریکاو هێزی خۆرهەڵاتـی لـەباریکدایە، کـەکۆنترۆڵی خۆی بۆ پـاوەنکردنـی ئـابوریی دنیـا لـەدەست دەدات. لـەسـەر ئاستی ئـابوری سـەرۆکـی بـانکی نـاوەنـدی ئـەمـەریکـی (بـن برنـــاکی) لـــەموحـــازەرەیـــەکـــدا لـــەنۆفـــەمبـــەری ٢٠١٠دا ئاشـکراییکرد، کـە لـە چـارەکـەی دووەمـی سـاڵی ٢٠١٠دا سـەرجـەم بـەرهـەمـی ئـابوریی وڵاتـەسـەرکـەوتـوەکـان (الـدول الصاعدە) بەرێژەی ١٤% بـەبـەراورد بـەساڵی ٢٠٠٥ زیـادی کردوە. لەم ڕێژەیەداچینو هند پشـکی شێریان بـەرکـەوتـووە، بەڵام وڵاتەپێشکەوتووەکان نەیانتوانیوە ڕێژەی ٥% تێپەڕێنن.

بەم پێیەش، وڵاتەسەرکەوتووەکان زۆر بـەئاسانی دەتـوانن کاریگـەریـەکـانی قـەیرانـی ئـابوری تێپـەڕێـنن. بـەڵام بـۆ وڵاتەپێشکەوتووەکان ئەم قەیرانـەکـارەساتە. بـەواتـەیـەکـی تر، ئـەمریکیـەکـان ئـەمڕۆ لـە لوتکـەی دەسـەڵاتـی دنیـا پاشـەکشـێ دەکەن. بەڵام بەهۆی ئەو خـەزێنـەگـەورەیـەی هێزی سیاسـیو

ئابوری‌و سەربازی‌و.. هتد، کەبەدرێژایی سەدەی بیستەم کۆیانکردوەتەوە، ئەو هەلەیان بۆ دەرخسێت، کە لەسەدەی بیست‌و یەکیشدا وەک جەمسەرێکی سەرەکیی جیهان بمێننەوە. لەم چوارچێوەیەدا وەک وڵاتەسەرکەوتووەکانیش پێدەچێت روسیای نوێ‌و چین بەهۆی ئەو گەشەکردن‌و پێشکەوتنەخێراو بەرزەی هەیانە،ببن بەدوو جەمسەری‌تری جیهان.

مێژووی پەڕینەوەی هێز لەنێوان وڵاتەمەزنەکانی دنیادا چەندین گۆڕان‌و ئاڵوگۆری بەخۆوەبینیوە. ململانێی ئیمپراتۆرە داگیرکەرەکانی جیهانی کۆن لەسەر دابەشکردنی وڵاتانی بچووک‌و بێ هێز لەنێوان خۆیاندا چەندین سەدەو چەرخ بەردەوام بووە. بەڵام، ئەمرۆ شەڕو ململانێکان لەسایەی پێشکەوتنی تەکنولۆژیای چەکسازی‌و زانستدا، نەک هەر زۆر ترسناک‌و توندتر بووە، بەڵکو زۆر فراوانترو قووڵتر بۆەتەوە.

سەدەی نۆزدەسەردەمی دەسەڵاتی بریتانیا بوو لەجیهاندا، لەسەدەی بیستەمدا ئەم دەسەڵاتە پەڕییەوەبۆ ئەمریکا، لەساڵی ١٩١٠دا پایەسەرەکییەکانی رژێمی سەرمایەداری بە پلەی یەکەم بریتانیا بوو، بەپلەی دووەم ئەمریکا، بە پلەی سێیەم فەرەنساو پلەی چوارەم ئەڵمانیا بوو. لەشەستەکاندا پلەی ئەم پایانەگۆڕاو ئەمریکا بوو بەپلەی یەکەم‌و رێژەی ٤٧٪ی دەسەڵاتی جیهانی گرتەدەست‌و ژاپۆنیش بوو بوو بە پلەی

دووەم، کەرێژەی ٢٢% بوو. سێیەم بریتانیا ١٠،٥% ئیتالیا ٩%و فەرەنسا ٦%. لەم مێژووەبە دواوە،تا ئەمڕۆش، ئەمریکییەکان کۆنترۆڵی پلەی یەکەمیان کردووە.

لە ساڵی ١٩١٣، تا ساڵی ١٩١٩، رەسیدی زێڕ لەئەمریکا لە(٧٥٠) ملیون دۆلارەوەگەیشتە(٣٠٠٠) ملیۆن دۆلار. ئەمەجگەلەوەی بووەخاوەنی چەندین سەنەدی دارایی ئەوروپا، لە هەمان کاتدا بەرهەمی پیشەسازی بە رێژەی ١٤%و بەرهەمی کشتوکاڵی بەرێژەی ١٢% زیادی کرد. ئەم گەشەکردنەش بووەهۆی ئەوەی سەرکەوێتبۆ پلەی یەکەم لەجیهانداو ببێتبەوڵاتێکی خاوەن قەرز بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، بەتایبەتی بۆ ئەوروپای قەردار لەدوای شەری جیهانی دووەم. بۆ نموونەلەساڵی ١٩١٩دا بڕی (٣٧٠٠) ملیۆن دۆلار قەردی دەرەکی تۆمارکرد. ئەم گەشەکردنەی ئەمریکاش لەپێش هەموو شتێکەوەلەئاکامی بڕیاردانی ئەمریکا بوو بەبەشداری نەکردنی لەشەڕی جیهانی یەکەم.

لە کۆتایی شەری جیهانی یەکەمەوە کۆمپانیا ئەمریکییەکان کەوتنەجموجۆڵو روویان کردەوڵاتانی ئەوروپاو ژاپۆنو کارەکانیان لەو وڵاتانەجێگیر کرد. بە تایبەتی لەبواری پیشەسازیی (قورس)دا، وەک پیشەسازیی چەکسازیو بەستنەوەیان بەسیاسەتەئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە. لەو ماوەیەدا ئەمەریکییەکان بەتەواوەتی کۆنترۆڵی

جەمسەری سەرمایەداریان کردو بوون بەرابەرو سەرکردەی ئەو جەمسەرە.
لەساڵی ١٩١٧دا بەسەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەرو دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤییەت، ئەم وڵاتەراستەخۆ لەرێکەوتنەکانی (سایکس- بیکۆ) بۆ داگیرکردنی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ فەرەنساو بریتانیا هاتەدەرەوەو رێبازو ئاڕاستەیەکیتری گرتەبەر.

لەروویەکی ترەوەبەشداریکردنی ئەوروپا لەشەڕی جیهانیی یەکەم هۆی سەرەکیی سەرکەوتنو پەرینەوەی هێزو دەسەڵاتی جیهانی بوو لەئەوروپاوەبۆ ئەمریکا. ئەوروپای بەشدار لەشەڕدا، بەبڕی (١٨٠) ملیار دۆلار قەرزەوەلەشەڕ هاتەدەرەوە. ئەمەجگەلەدابەزینی زۆرینەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیو کشتوکاڵو .. هتد. بەمەش ئەوروپا ناچار بوو واز لەبڕێکی زۆری سەنەدە دەرەکییەکانی بهێنێ بۆ ئەمریکا.

لەماوەی بیستەکاندا بەشێکی زۆری سەرمایەدارە ئەوروپییەکان بەرەو ئەمریکا هەڵهاتن؛ بەدوای ئاسایشو ئارامیدا دەگەڕان، لەهەمان کاتدا رێژەی کۆنترۆڵکردنی سەرمایەگوزاری ئەوروپی لەلایەن ئەمریکاوەزیادی کرد.
لەساڵی ١٩٤٥دا بەکۆتایی شەری جیهانی دووەم، جیهان چووە قۆناغێکی نوێوە. شەر تەرازووی هێزی نێودەوڵەتیی بەتەواوەتی گۆڕی. سەرکردایەتیی جیهان بەتەواوەتی لەدەستی بریتانیاو فەرەنساوەپەڕییەوەبۆ دەستی ئەمەریکاو

یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام بەهۆی جیاوازیو نەگونجانی هزریو ئایدۆلۆژی، ئەم دوو هێزەنوێیە، سیستەمی نوێی جیهان سیمای دوو جەمسەری، یان دوو ئاراستەو ڕێبازی هزریو باوەری جیاوازو پێچەوانەی یەکتری هەڵگرت.

ئەم جیاوازیە لەو ساتەوە بووەهۆی خولْقاندنی شەرێکی ساردو دواتریش هەموو دنیایان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد. ئەم قۆناغەتا ساڵی ١٩٨٩ی خایاند. جەمسەری سۆسیالستی بەسەرۆکایەتیی سۆڤیەتو سەرمایەداری بەسەرۆکایەتیی ئەمەریکا شەڕو ململانێیەکی توندی خستەنێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاواوە.

لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوەسەرمایەداریی ئەمریکا لەڕێڕەوی خۆی بەردەوام بوو، زیاتر لەگەشەکردنو بەرفراوانبووندا بوو. لەم مێژووەوە جیهانی سەرمایەداریو پرۆژە نێو نەتەوەییەکانیان بوونەداردەستی ئەمریکاو کۆنترۆڵی بڕیارەئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی بەشێکی زۆری دنیایان کرد. لەلایەکیترەوە، کۆنترۆڵی بڕیارەئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆرخ کرد بەپێدانی قەرزو دروستبوونی سۆڤیەت وەک دوژمنی سەر سەختی سیستەمی سەرمایەداری ئەمەریکا کۆنترۆڵکردنی ئەوروپای ماندووو لاواز پاش دەرچوونی لە شەڕ کرد.

بەم نەخشەو سیاسەتەش لە زۆربەی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان جێگای داگیرکەری پێشووی گرتەوە. بۆ نموونە،جێگای ژاپۆنی لەکوریایی باشور گرتەوەو جێگای فەرەنسای لەڤێتنامی باشوور گرتەوە. لە پەنجاکاندا قەبارەی سەرمایەگوزاریی ئەمریکا بەتەنیا لەبریتانیا (٣٠٠) ملیۆن دۆلاری تۆمار کرد. لەساڵی ١٩٦٦ لەفەرەنسا (٦،٨) ملیار دۆلاری تۆمار کرد، بەڵام لەژاپۆن لە شەستەکاندا تەنیا (٠،٨) ملیار دۆلاری تۆمار کرد.

لەساڵی ١٩٥٠ تا ساڵی ١٩٦٤، سەرمایەگوزاری تایبەتی ئەمریکا لەدەرەوە بەرێژەی لە٣،٨% زیادی کرد. سەرمایەگوزاریی ئەمریکا لەبازاڕی هاوبەشی ئەورووپادا بەرێژەی لە٨،٥% زیادی کرد. هەروەها گوێزانەوەی سەرمایەی ئەمریکی لەماوەی ١٩٦٤ بۆ بازاڕی هاوبەش ٢٠% زیادی کرد. بریتانیا بەشی زۆری ئەو سەرمایەگوزاریەی گرتە خۆ. لەهەمان کاتدا سەرمایەگوزاری لە نێو ئەمریکادا بە رێژەی ٨،٩% زیادی کرد.

بەگشتی، بەشداریکردنی ئەورووپا لەشەڕی جیهانی دووەمدا ئەورووپای زیاتر لاوازو ماندوو کردو بووەهۆی ئەوەی چەندین مەڵبەندی ئابوری لەئەمریکای باشوورو کەنداوی فارسیو خۆرهەڵات لە دەست بداتو بۆ ئەمەریکای جێبێڵێت. هەر دوا بە دوای شەڕ، لەسەردەمی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی رزگاریو نیشتمانیو نەتەوایەتی چەندین وڵات لەجیهانی داگیرکراو شۆڕشیان دژی بریتانیاو وڵاتانی تری ئەورووپای

داگیرکەر بەرپا کردو بەمەش بەرژەوەندیی کۆمپانیا بریتانیو ئەوروپاییەکان کەوتنەمەترسییەوە.

لەئاکامدا بریتانیا ناچار بوو واز لەزۆربەی مەڵبەندە داگیرکراوەکانی بۆ ئەمریکا بهێنێتو ناچار بوو، کەبڕی (٣٥٧٠) ملیۆن دۆلار قەرز لەئەمریکا وەربگرێت بەقازانجی (٢%)و لەماوەی (٥٠)ساڵو بە(قیست)ی ساڵانە بیگێڕیتەوە. لە٢٠/١/١٩٥١دا ئەم رێکەوتننامەیەی مۆرکرد. ئەمەش سەرەتای جێگیرکردنی دەسەڵاتی ئەمریکا بوو لەبریتانیاو ئەوروپا، چونکەمەرجی پێدانی ئەم قەرزانە بۆ بریتانییەکان زۆر قورس بوو.

هەموو کات رژێمی سەرمایەداری بەگشتیو سەرمایەداری ئەمریکی بەتایبەتی قەرزو یارمەتیی وەک چەکێکو سیاسەتێک بۆ کۆنترۆڵکردنی وڵاتی قەرزدار بەکار هێناوە. بۆ نموونە دانی قەرز بە بریتانیا بووەهۆی بەستنەوەی بەبازاڕی ئەمریکاو چەندین مەرجی بەسەردا سەپاند. بە پێی رێکەوتننامەکە دەبووایە بریتانیا ئەو بڕەقەرزەی لەئەمریکا وەری گرتووە،کەلو پەلی ئەمریکی پێ بکڕێتو سەربەست نەبوو تەنانەت لە بەکارهێنانی لەچۆنیەتیی بووژاندنەوەی پیشەسازی پێشکەوتوو. هەروەها پێویست بوو لەسەر بریتانیا مامەڵە بەدۆلارەوەبکات. ئەمەش بووەهۆی ئەوەی بریتانیا بەرێژەی ٢٨%ی قەرزەکانی زەرەر بکات بە هۆی ئەو قەیرانەی، کەبەسەر دۆلاردا هات. هەروەها پێویستەلەسەر

بریتانیا پشتگیری پرۆژەی ئەمریکی بۆ دامەزراندنی رێکخراوی بازرگانی بۆ تاریفەو بازرگانی GATT بکات. ئەمەو دەیان مەرجیتر، کەتا ئەمڕۆش کاریگەرییان لەسەر بڕیاری ئابوری‌و سیاسی بەریتانیەکان هەیە.

ئەوروپای زەلیلی ژێر دەستی ئەمریکا لەشەڕی جیهانی یەکەمەوە بەردەوام، لەهەوڵی رزگاربووندا بوو لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا. بۆ ئەم مەبەستەش، چەندین تەکەتولاتی ئابوری‌و سیاسی دەبەست. سەرەتا لەپێشنیارکردنی بیرۆکەی هاوکاریی ئەوروپییەوە دەستی پێکردو لەپەنجاکاندا ئەم بیرۆکەیەبوو بە(بازاڕی ئەوروپی هاوبەش)و دواتر بە (نیزامی هاوکاری ئەوروپی)و (یەک بوونی دراوی ئەوروپی)و رێککەوتننامەی (ماسترێخت)و.. هتد. بەڵام ئەمریکا توانی بەرەنگاری‌و رووبەڕووی زۆربەی زۆری ئەو هەوڵانەی ئەوروپا ببێتەوەلەرێگای گوشار خستنەسەریان، وەک چەسپاندنی سیاسەتی پارێزگاری گومرکی لەرووی کەڵو پەلەئەوروپییەکان لە بازاڕەکانی ئەمریکاو یاریکردن بە نرخی دۆلارو دروستکردنی ناکۆکی لەنێوانیاندا بە تایبەتی لەرێگای هاوپەیمانی دێرینی (بریتانیا)وە، کەبەبەردەوامی لەبڕیارەهاوبەشەکانی ئەوروپا بۆ بەرژەوەندیی ئەمەریکا دەر دەچووەدەرەوە، یان گوشاری لەرێگای بەکارهێنانی نەوتەوە وەک چەک دژی ئەوروپا بەکاردەهێنا، چونکەکۆمپانیا ئەمریکییەکان کۆنترۆڵی زۆربەی بیرەنەوتییەکانی جیهانیان کردبوو.

دوا بەدوای شەڕی جیهانی دووەم ئەرکی بە پەلەو گرنگی وڵاتەسەرمایەدارەئەوروپییەکان سەر لە نوێ دروستکردنەوەی ژێرخانی ئەو پیشەسازییانەبوو، کەبەهۆی شەڕەوە رووخابوون. ئەمریکاش بەهۆی فروانبوونی کۆمۆنیزمەوە رەزامەندیی باشی هەبوو بۆ ئەم ویستەی ئەوروپاو بایەخی زۆری بە گەشەکردنی پیشەسازیو فراوانکردنی بازاڕەکانیو زیادکردنی مۆڵەتی ناردنەدەرەوەی سەرمایەی دەدا. بەمەش پێشکەوتنی پیشەسازی ئەوروپای لە لایەکیترەوەلەژێر رکێفی خۆی مسۆگەر کرد.

لەساڵی ١٩٤٨وەپرۆژەی مارشاڵ راگەیندرا، کەخاڵی سەرەتای دروستبوونی بازاڕی ئەوروپی هاوبەش بوو. گەڕاندنەوەی توانای بەرهەمهێنانی ئەوروپاو دروستکردنی بازاڕی ئەوروپی ئەمریکی وای لەکۆمپانیا ئەمریکییەکان کرد، کەیەکەی بەرهەمهێنان لە بازاڕە ئەوروپییە سەرمایەدارەکان دروست کرد.

لەحەفتاکاندا ئەمریکا سەرکەوتووبوو لەبەکارهێنانی سیاسەتی پووکانەوەی هەڵئاوسان (الركود التضخمي) بۆ قوتدانی دەسکەوتەکانی باشوور. لەساڵی ١٩٧٩دا قەبارەی سەرمایەگوزاریی ئەمریکا لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا گەیشتە(٣١،١) ملیار دۆلار. ئەم گەشەکردنەی ئەمریکا بووە یارمەتیدەر بۆ زیاتر ملکەچکردنی ئەوروپاو جیهانو

ناچارکردنیان بەجێبەجێکردنی بڕیارە ئابوریو سیاسییەکانی. لەهەشتاکاندا سیاسەتی پووکانەوەی لەسەر هەموو جیهان بەکار هێنا. لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی سندوقی نەختی نێودەوڵەتیو بانکی نێودەوڵەتیو رێکخراوی بازرگانی جیهانی (wto)وە، رێگای ریفۆرمی بە سەر جیهانی سێدا سەپاندو کۆی ئەو وڵاتانەی راستەوخۆو ناراستەخۆ کردەپاشکۆی خۆیو لەبازنەی بەرژەوەندییە ئابوریو سیاسیەکانی خۆیدا دیلی کردن.

ئەمریکا لەرێگەی فەرمانرەوایکردنی گەورەترین بازاڕی سەرمایەداری جیهانیو بەشێکی زۆری خاوەندارێتی کردنی دەزگا (بانکییەمەزنەکانی جیهانەوە) توانی کۆنترۆڵی کۆی پرۆسە داراییەکانی جیهان بۆ خۆی قۆرخ کات. ئەم ستراتیژەی ئەمەریکا دوو سەرەبوو. لەلایەک بۆ دروستکردنی هەرەشەبوو لەسەر دۆستەکانی لەکاتی هەڵگەرانەوەلێی بە تایبەتی بەئامانجی ئیفلاسکردن بەکۆمپانیا ئەوروپییەکان، یان کۆنترۆڵکردنیان لەکاتی پێویستدا. لەلایەکیتر، بۆ پاڵپشتیو پشت ئەستورکردنی کۆمپانیاو دامەزراوەئابوریەکانی خۆیو زیاتر گۆشەگیرکردنی ئابوری سۆسیالستیو خنکاندنیان. هەروەها لەرێگەی لیژنەی (دافیدەر)وە،یان لیژنەی سێلایەنە، کەلە دووسەد کەسایەتیی دارایی ئەمریکیو ژاپۆنی پێک هاتبوو، ئەمریکا توانی زۆربەی ئەو تەنگو چەڵەمەنێو نەتەوەییانەی تووشی بووە، چارەسەر بکات.

لەساڵی ١٩٦١ تا ١٩٦٤ ئەوروپای رۆژئاوا لە٥٠%ی هەموو سەرمایەگوزاریی ئەمریکای وەرگرت. سەر لەنوێ بووژاندنەوەی ئابوریی ئەوروپای رۆژئاواو ژاپۆن پێشکەوتنی گرنگی بەدەست هێناو بووەهۆی دروست بوونو گەشەکردنی کۆمپانیاکان بە بەشداریی زانستو تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی بەرفراوان.

لەسەرتای حەفتاکاندا شەپۆلێکی نائاسایی دژەدۆلار دەستی پێکرد. هەر لەوکاتەوەهێزو توانای ئەمریکا لەتەرازووی هێزەنێونەتەوەییەکان بەرەو کشانەوەهات. بۆ نموونە، لاسەنگی تەرازووی پێدانی ئەمریکا لەساڵی ١٩٦٩، (٦) ملیار دۆلار بوو، بەڵام ساڵی ١٩٧١ بوو بە(٢٢) ملیار دۆلار. لەساڵی ١٩٧٩ ئەوروپای رۆژئاوا هەزاران بەشی کۆمپانیا ئەمریکییەکانی لەوڵاتانی خۆیدا تۆمارکرد، کە(٨٠٠٠) بەشی بە تەنیا لەبازاڕی هاوبەشی ئەوروپیدا بوو. قەبارەی سەرمایە بەکارهاتووەکانیش لەبەشی پیشەسازی لە(٣٩٤) ملیار دۆلار زیاتر بوو. داهاتی ئەم کۆمپانیایانەش (١،١١) ملیار دۆلار بوو. لەم بڕە(٧،٢) ملیار دۆلاری بەتەنیا دەگەڕایەوەبۆ ئەمریکا.

بە بارێکیتریشدا، سۆڤیەتییەکان سنووری وڵاتەکەی خۆیان بڕیو کەوتنەدروستکردنی بەرەیەکی بەهێزو فراوان لەدژی جەمسەری ئەمەریکی، بەیارمەتیو پاڵپشتیو هاندانی

سۆڤیەتییەکان، شۆرش‌و خەباتی رزگای لەزۆربەی وڵاتانی داگیرکراو بەرپا بوو، زۆرێک لەو گەلانەتوانییان رزگاریان بێت‌و دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان دامەزرێنن. کۆی ئەو وڵات‌و سیستمانە،کەبەهاوکاریی سۆڤیەتییەکان رزگاریان بوو، بوون بەبەشێک لەجەمسەری سۆسیالستی‌و هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت، بگرەشۆرشی سۆسیالستی چەند وڵاتێکی ئازادو سەربەخۆی کرد بەدوو لەتەوە، کەهەندێکیان تا ئەمرۆش نەیانتوانیوەیەک بگرنەوە. سۆڤیەتییەکان شۆڕشێکی هزریی - ئایدۆلۆژییان لەدژی ئەمەریکا بەرپا کرد، بەڵام گرفتی گەورەی جەمسەری سۆسیالستی بە درێژایی ماوەی ململانێی لەگەڵ جەمسەری سەرمایەداریدا ئەوەبووە، کە زۆربەی تواناو کارە گرنگ‌و پێشکەوتنەکانی لەبواری پێشخستنی بواری شەڕو چەکسازیدا تەرخانکرد. بۆیەکاتێک، لە خەو بەئاگا بۆتەوە، تەماشای کردووە، کە لەبواری ئابوری‌و پیشەسازیدا کەوتبووەدوای ژاپۆن‌و ئەوروپایش. یەکێتی سۆڤیەت لەسەردەمی سەرۆک بریژنێڤەوەبەردەوام قەیران‌و کێشەکانی لە زیادبوودا بووە. لەسەردەمی گۆڕباچۆڤدا چیتر نەیتوانی بەرگەی ئەو قەیران‌و گرفتانەبگرێت. بۆیە ئەو وڵاتەبەتەواوەتی هەرەسی هێناو ئەمەریکیەکانیش مەرگی سۆڤیەت‌و جەمسەری سۆسیالزمیان بەفەرمی راگەیاند.

دوا بەدوای رووخانی دیواری بەرلین، لە ساڵی ١٩٨٩و هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرهەڵات‌و دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت‌و بوونی بەیازدەکۆماری جیاوازو کشانەوەی

هێزی سەربازیی لە نێوەڕاستی ئەوروپاو لاوازبوونی توانای بەرگریی ناوخۆیی، ترسی سەربازیی جەمسەری سۆسیالیستی بۆ وڵاتەسەرمایەدارەکان ڕەوایەوەو وڵاتەسەرمایەدارەکان، بەتایبەتی ئەوروپیەکان پێویستیان بەوەنەما، کەلە ژێر پەردەی سەربازی ئەمریکادا بمیننەوەو ملکەچی بڕیارو یاساکانی بن، تەوەری سەرەکی (C.I.A)و کۆمپانیا هەمەرەگەزەکان، کەکۆکردنەوەی وڵاتەسەرمایەدارەکان بوو، لەژێر رکێفی ئەمریکادا کۆتایهات. بارودۆخێکی نوێبۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ پەیدا بوو.

لەسەردەمی نوێدا وڵاتەئەوروپییەکانو دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان رۆژ بەرۆژ بۆ خۆ پاراستن لە تاک جەمسەریی‌و رزگاربوون لەژێر رکێفی ئەمریکا چەندین هەوڵو نەخشەیان دادەڕشت؛ بەردەوام هاوپەیمانی‌و رێککەوتننامەیان دەبەست، بەواتا قۆناغی نوێ، سەردەمی ململانێیی دەسەڵات بوو لەنێوان وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان خۆیاندا، دواتریش ململانێی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان، کەئەمڕۆ بزوێنەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتین.

ئەوروپییەکان بۆ رزگاربوونو خۆپاراستن لەتاک جەمسەریی ئەمریکا، بانگەشەیان بۆ سەربەستی ئابوری لەنێوان ئەو وڵاتانەدا، پارسەنگی تێڕوانینی کلاسیکیان لەسەر دوو بنچینە پێکهێنا:

یەکەم: یەکبوونی بەرژەوەندی.
دووەم: هاوسەنگی.

لەسێیەری ئەم دوو بنچینەیەدا، هەر لایەنێک هەستی بەوەدەکرد سوود وەرگرتنی لەو هاوپەیمانییە باشترە لەوەی، کەبەشێوەیەکی تر بێت.
خێرایی گۆڕانکارییەکان لەو ماوەیەدا زۆر زیادی کرد، جیهان پێشکەوتنێکی گرنگی بەخۆوەبینێ، بەتایبەتی لەبواری ئابووریو تەکنەلۆژیو پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەنێوان دەسەڵاتەنەیارەکانو دژە کۆنەکاندا، وەک سەردانەکانی سەرۆکی فەرەنسی بۆ چینو روسیاو ناکۆکی نێوان ئەندامانی (UN) لەسەر دوا رۆژی عێراقو بارودۆخی ئەمڕۆی رێکەوتنە ئەوروپییەکان، وەک یەکێتی دراوی ئەوروپیو رێکەوتننامەی (شنگن).

لەراستیدا ئەمانەو دەیان هاوپەیمانییو رێکەوتننامەی نوێ رووکەشی سەرەتای گۆڕانکاریی نوێی لێ بەدی دەکرا. ئەو کات لەگۆڕەپانی ستراتیژیی نێودەوڵەتیدا جموجۆڵێکی سیاسیو سەربازیی بە روونی بەدیدەکرا. لەرووییەکەوە چاوەڕوانیی دەسەڵاتی هەمەلایەنانەو فرەجەمسەری لێ دەکرا. بۆیە بۆ ئیحتواکردنی ئەو هەوڵو جموجۆڵانە، ئەمەریکییەکان زۆر بەخێرایی کەوتنەخۆیانو چەندین نەخشەو پلانیان دارشت.

لەراستیدا گەشەکردنو پێشکەوتنی ئەوروپای رۆژئاواو روخانی سۆشیالیزمو ڕەوانەوەی ترسی یەکێتی سۆڤیەت چەندین هێزی جیهانی نوێی هێنایەپێشەوە، کە بووەهۆی هەژانی دەسەڵاتی سەرکردایەتیی جیهانی ئەمریکا. مەترسیی لەدەستدانی پۆستی سەرکردایەتیی جیهان ئەمریکییەکانی ناچار کرد، کەزۆر بەپەرۆشەوە بکەونەخۆیان بۆ پارێزگاریکردن لەرۆڵی پێشوویان.

بۆ نموونە،بەشداریکردنیان لەشەڕی کەنداوو گێڕانی رۆڵی سەرکردایەتی لەکێشەی (یوگسلافیا)دا لە بنەڕەتدا هەر بۆ ئەم مەبەستەبوو. ئەمەریکیەکان هەمیشە بەتێڕوانینێکی فراوان لەسەر ئاستی جیهان بەگشتیو خۆرهەڵات بە تایبەتی رادەوەستن. لە لایەک لەرێگای پاشکۆکانی (ئیسرائیلو تورکیاو کەنداو.. هتد). لە لایەکی تر لەلایەن پایەسەرەکییەکانی ئابوریی جیهانی، رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانو بانکی نێودەوڵەتیو رێکخراوی بازرگانی جیهانی WTO .. هتد، بەئامانجی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست، لەنەیارانی، لەمەش زیاتر نەخشەکانی کۆنترۆڵکردن تا ئاقاری بەکارهێنانی هێز داکشابوو، وەک ئەوەی سەفیری ئەمریکی لەئیسرائیل (مارتن ئەندیک) وتی: "پلان بۆ سەر لەنوێ داڕشتنەوەی ناوچەی عەرەبی، یان ئامادەکردنی هێزێکی ستراتیژی لێدان بۆ گۆشەگیرکردنی ناوچە نەوتاوییەکەی (عەرەب ـ ئێران) لەباکوور لە رێگەی هاوپەیمانی سەربازی تورکیا ـ ئیسرائیل،

لەباشووریش هاتنەناوەوەی دەزگا ئەمریکییەکان بۆ تەنگەبەری (ئێران - هورمز) کەدەرگای دەریای سوورو کەنداوی عەرەبییە. ئەمە لەلایەکیتر ئامانج لێی بۆ وەستان بوو لەرووی هەر جموجۆڵێکی سوریاو لیبیاو سودان. دوورگرتنی میسر لەهەر جموجۆڵێکی عەرەبیو ئیسلامیو ئەفریقی.

ئەگەر بەوردی بڕوانینە بنکەسەربازییەکانی ئەمریکا، نەخشەیەکی بەهێز گۆشەگیرکردنی ئەم ناوچەیەی هەڵگرتبوو. ئەمەبنچینەی ستراتیژیی پرۆژەی رژێمی هەرێمایەتیو خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی ئەمەریکا بوو. هاوکات لەئەمریکای لاتینیش بەهەمان شێواز، بەردەوام زیاتر لەهەولی کۆنترۆڵکردندا بوون. لەئەفریقیاشدا، دوای سەرکەوتنی (ماندێلا)و ناچارکردنی رژێمی رەگەزپەرستی بەکشانەوە لەدەسەڵاتو دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی، ئەمریکا لەهەوڵێکی نوێداو بەشێوازێکی نوێ دووبارەلەهەولی کونترۆڵکردنی ئەم ناوچەیەدا بوو، بەتایبەتی لەرێگای کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوەو لەژێر پەردەی بازرگانیو لەژێر دروشمی بازاڕی ئازادو دیموکراتیی. ئەم راستیەش بەوردی لەسەردانەکەی سەرۆکی ئەمریکی (بیل کلنتۆن) لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ ئەفریقیاو داکۆکیکردنی لەکۆمپانیا ئەمریکییەکان، کەجارێکی دی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ ئەفریقیادا دروستکەن، دەردەکەوێت. ئەگەرچی ماندێلا دەستبەجێ ئەم پرۆژەیەی رەتکردەوە، بەڵام بەپراکتیکی

نـەیـانتوانی روبـەروی سیاسـەتو نـەخشـە دوژمنکاریـەکـانی ئەمەریکا ببنەوە.

ئەمەریکـا تـا ئـەمڕۆ خـاوەنـی هێزێکـی سـەربـازیی مـەزنـەو پشت بەتەکنۆلۆژیاو زانست دەبەستێتو سالانە بڕێـک پـارەی خــەیـاڵی لــەم بــوارەدا ســەرف دەکــاتو کــۆنترۆڵی هێــزو ئـابوریی‌و سیاسیی‌و کۆمـەڵایـەتیی گـەورەی دنیـا تـا ئـاستێکی زۆر دەکـــات. وەک پـــەیمـــانیی نـــاتۆو ســـندوقی (دراو)ی نێـۆدەوڵـەتـی‌و بـانکی نێـودەوڵـەتـی‌و رێکخـراوی بازرگـانی جیهـانی wtoو کـۆنترۆڵکردنی دەزگـا راگـەیانـدنـەکـانیش تـا رادەیـەک دەکـات. سـەرکـەوتنـی ئـەمریکـا لـەشـەڕی ساردو کـــەنـــداوی دووەمو شـــەڕی عێراقـــدا هـــەوڵێکـــی نـــوێی ئـــەمریکییـــەکـــان بـــوو بـــۆ کـــۆنترۆڵکردنو مانـــەوەلـــەپۆستی ســـەرکردایـــەتـــی جیهانـــدا، یـــان راســـتەوخـــۆ لـــەبـــەســـتنی رێککـەوتننامـەی بازرگـانی لـەگـەڵ وڵاتـانی‌تـر، وەک ئـەو رێکەوتننامەیـەی، کـەلـەگـەڵ کـەنداوی مـەکسیک بۆ داهێنـانی ناوچەیەکی سەربەست لەنێوانیانداو رێکـەوتننامـەی هاوکـاری ئابوری لەنێوان وڵاتانی ئاسیاو ئۆقیانووسی هێمن ceap.

لـەبـەرامبـەردا ئـەوروپـا دەستـەوەستـان لـەرووی ئـەم پلانـە ســـەرتاســـەرییـــە نـــەوەســـتا، بـــەڵکـــو بـــەردەوام لـــە هـــەوڵـــی یەکگرتنەوەدابوو، لەروویەکەوە لەبواری بازرگـانی‌و ئـابوریدا بـــەخێرایـــی روەو نـاوچـــەی خۆرهـــەڵاتـــی نـــاوەڕاســـتو رۆژهــەڵاتو باشــوور شــۆربوونەوە، لــەرویــەکـی تــرەوە

گرنگیەکی زۆریان دەدایە دەریای ناوەڕاست بەئامانجی کردنەوەی دەرگایەک لەدیواری گەمارۆی ئەمریکا لەخۆرهەڵات.

لە ساڵی ١٩٦٦دا لەسەردەمی شەڕی ساردا، کشانەوەی فەرەنسا لەسەرکردایەتی سەربازی (ناتۆ)، گوشارێکی سەربازیی بەهێزی کردەسەر ئەوروپییەکان، بۆچوونی پەیمانی ناتۆو فەرەنساو پێیان وابوو ئەم مەسەلەیەش پەیوەندی هەیەبەدوا رۆژی ناوچەی حەوزی دەریای ناوەڕاستو ئاسایشی ئەوروپاوە، فەرەنسییەکان پێیان وابوو ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی ئەوروپییەو لە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی باشووری پەیمانی ناتۆدایە. ئەم ناوچەیەتا دەگاتەوڵاتانی تورکیا ویۆنانو باکوری ئەفریقیا، فەرەنسییەکان بەتایبەتی پەیوەستبونێکی مێژوویو سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیان پێوە هەیە. بۆیەوا ئاسان نەبوو بۆ ئەمەریکا، کەبەبێ گرفت کۆنترۆڵی بکات.

فەرەنسییەکان لەو قەناعەتەدان سەرکردایەتی باشوور، پەیوەستەبەئەمنی ئەوروپاو دەبێت لەژێر دەسەڵاتی ئەوروپادا بێت، ئەم هەڵوێستەی فەرنسا، لە لایەن ئیسپانیاوە پشتیوانیی لیدەکراو تا رادەیەکیش ئیتالییەکان پشتیوانییان لێدەکرد، بەڵام ئەڵمانییەکان بێدەنگ بوونو بریتانیەکانیش ناڕازیبوونو دژایەتییان دەکرد. لە سەردەمی نوێدا ئەوروپا، بەگشتیو فەرەنسا بەتایبەتی، بایەخێکی زۆر بەسیاسەتی دەرەوەو

بـــارودۆخی جیهـــان دەدەن، ئـــەمـــەش راســـتەوخـــۆ کـــاری کردۆتـەوەسـەر رۆڵـی جیهـانیو ئـەمریکا. فـەرنسییەکـان لـەم ساڵانەی دواییدا رۆڵێکـی گرنگیـان لـە ناوچـەی خۆرهـەڵات بینیــووە، وەک مــۆرکردنی رێکــەوتننامــەی نێــوان یــەمــەنو ئــەریتریــا لـــەبـــارەی دوورگـــەی (حنـــیش)ی ســـتراتیژی، کـەلـە٢١/٥/ ١٩٩٦دا لـەپـاریس مـۆرکرا. ئـەمـەش بێگومـان لەگەڵ ویستو بەرژەوەندیی ئەمریکییەکاندا ناکۆک بوو.

نموونـەیەکیتر ئـەوەیـە، کـە هـەڵوێستی ئـەمریکییـەکـان هـەر لـەسـەرتـاوە نـاکۆک بـوو لـەگـەڵ هـەڵوێستی فـەرەنسییەکانـدا دەربـــارەی عێــراقو بـــە تایبـــەتـــی لـــەســـەر بڕیـــاری ٩٨٦و بـەکارهێنـانی گـورزی سـەربـازیی دژی عێراق. چـارەنووسـی رژێمـی عێراقو سزا ئابوریـیـەکـانی سـەری، ناکۆکییـەکانیـان لـــەبـارەی وەسـتانی شـــەڕی نێـوان ئیســرائیلو (حــزب الله)ی لوبنـانی، رێکـەوتنامـەی (پـاریس)ی نێـوان یـەکێتیی نیشتمانی کوردسـتانو پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لـەم قـەبـارەیـەدا دیاری بکـەینو ئـەمریکییـەکـانیش هـەر لـەسـەرەتاوەلـە رێگـەی (تورکیـا)وەدەستیان تێـوەرداو لـەباریـان بـرد. دواتـر چـەنـدین هەوڵی غـەیرە ئـەمـەریکی، بـە تایبـەتـی لـەلایـەن رووسیاوە،لـە ژێر گوشاری پشت پەردەی ئەمەریکادا لەم بوارەدا شکستی هێنا.

رێکەوتننامەی نێوان یەکێتی (دراوی) ئەوروپی، کەلەلایـەن (ئەڵمانیاو فـەرەنساو ئیسپانیاو پرتوگـالو هۆڵـەنداو بـەلجیکاو

لۆکسمبۆرگو یۆنانو ئیتالیاو فنلەنداو ئیرلەنداو نەمساوە)، پەسەندکراو لەلایەن (بریتانیاو سویدو دانمارک)ەوە رەزامەندیان لەسەر دواخست. هەر لەم بازنەیەداو لەژێر چاودێریو سۆزی کۆمەڵەی ئابوری ئەوروپیدا چەندین رێکخراوی ئەوروپیتر، وەک یەکێتیی پیشەسازیو کۆمەڵگای ئابوریو گەشەپێدان دروست بوون.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٢دا بەربەستی نێو کۆمەڵەی ئەوروپی رووخاو ئەوروپا پەڕییەوەبۆ سەردەمێکی نویو توانی بازاڕێک داهێنێتبۆ کارو کەرەستەی خزمەتگوزاریو سەرمایەو تەکنەلۆژیا. ئەو بازاڕەش، کەدوازدە وڵاتی ئەوروپی گرتەخۆ، لەخۆئامادەکردندا بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەدارە رکەبەرەکانیان، بەتایبەتی بۆ ململانێی سەرمایەداری ژاپۆنو ئەمریکاو کەنەدا .. هتد. ئامانج لەم پرۆژەیە ئەوەبوو ئەم بازاڕە ببێتەقەڵایەکی بڵندی رژێمی سەرمایەداری مەزنی جیهان.

ئەم بازاڕە نوێیەی ئەوروپا، کوێ بەرهەمی ناوچەیەکەی، بە(٢،٧) ترلیۆن دۆلار مەزەندە دەکراو هەناردەی خۆی لە(٦٨٠) ملیار دەدات، هاوردەی (٧،٨) ملیار دەبێ، (٣٢٠) ملیۆن"بەکارهێنەر" دەگرێتە خۆی، کەخاوەنی هێزی کڕینێکی (القوه الشرائیه) بەرزن.

ئەم بازاڕە تواناى بەرزكردنەوەى كۆى بەرهەمى نەتەوەیى هەیە، بەرێژەى (٤،٥%) و(١،٨) ملیۆن بوارى كارى نوێ دروست دەكات. هەروەها بەرێژەى ٦% تواناى كەمكردنەوەى نرخى شمەكى بۆ (بەكاربەر) هەیە.

بەیتى مەبەست ئەوەیە، ئەمەریكا لەقۆناغى تاك جەمسەریشدا نەیتوانى بێ گرفتو كێشە بە ئیسراحەت حوكمرانى دنیا بكات، لەگەڵ هەموو هەوڵو تێكۆشانێكى خێراو زۆرى بۆ كۆنترۆڵكردنى جیهانو مانەوە لەلوتكەى دەسەڵاتى دنیا ئاكامەكەى بێ ئومێد بوو. لەدواى قەیرانى ئابوریى نوێى جیهان لەساڵى ٢٠٠٨ەوەئەمەریكا وەك تاكەهێزى دنیاى بێ ركابەر نەمایەوە، بەڵكو چەند ركابەرێكى بەهێزییشى بۆ پەیدا بوو. ئەو هێزانەى، كەتا ئەمرۆ سیمایان بەروونى دیارە،هەردوو هێزى ئاسیایى چینو روسیایە. سەركەوتنى ئەم دوو وڵاتەبەو خێراییو ئاستەى، كە لەماوەى دەساڵى دوایدا رویدا، دەرهاویشتەكەى لەدەستدانى برێكى زۆرى دەسەڵاتەكانى ئەمەریكایە.

لەساڵى ١٩٧٨ەوە بەهاتنەسەر حوكمى سەرۆك دینغ چینیەكان پێشكەوتنو سەركەتنێكى زۆریان بەخۆیانەوە بینى. لەساڵى ١٩٨٠دا بەشى چین لەسەرجەم بەرهەمى جیهانى بە٢% مەزەندەكرا، بەڵام ئەم رێژەیەلەساڵى ٢٠٠١دا بوو بە٦،٧%و وا چاوەروان دەكرێت لەساڵى ٢٠١٥دا ئەم رێژەیەبگاتە١٦،٩%. لەساڵى ٢٠٠٠دا كۆى هەناردەى چین

٢٤٩ ملیار دۆلار بوو، لەساڵی ٢٠٠٤دا ئەم بڕەبوو بە٥٨٥ ملیار دۆلارو لەساڵی ٢٠١٠دا گەیشتە١٢٧٣ ملیار دۆلار.

وەک رێژەی گەشەی ئابوری لەکاتێکدا رێژەی گەشەی ئابوری ئەمەریکا بەهۆی قەیرانی ئابوریەوە دابەزی بۆ نزیکەی ٢،٧%، بەڵام گەشەی چین لەسەروی ٨%ەوەمایەوە. لەم چوارچێوەیەدا وەک روسیاش بەهاتنەسەر حومکی سەرۆک پوتین روسیا زۆر بەخێرای بەتایبەتی لەرێگای کۆنترڵکردنی بەشێکی زۆر لەوزەی گازو نەوتەوە، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی دەریای خەزەرو بۆریەکانی هەناردەکردنی گاز بۆ ئەوروپا (سەیلی باشورو سەیلی باکور) توانی جارێکیتر وەک یەکێ لەهێزەمەزنەکانی دنیا بێتەوەناو هاوکێشەی سیاسیو ئابوری دنیاوەو ببێتە جەمسەرێکو هێزێکی سەرەکی سیستەمی نوێ جیهان. لەبواری سیاسیدا روسەکان زیاتر لە چینیەکان دەستێوەر دەدەن. بۆ نموونە،ئەمرۆ زۆر بەجدی پشتی سوریاو ئێرانو هاوپەیمانەکانیان دەگرن.

لەبەشی ناوەراستی هەرەمی سیستمی نوێدا دوو گروپە وڵات جێگای خۆیان دەکەنەوە، وڵاتە گەورەکانی پاشماوەی سیستەمی کۆن، لەوانە ئەڵمانیا، فەرەنسا، ژاپۆن، بریتانیا، پڵنگەکانی ئاسیا .. هتد. گروپی دووەم وڵاتەگەشەکردوە سەرکەوتوکان (الدول النامیەالصاعدە)، لەوانە: هند، بەرازیل، .. هتد.

لەبەشی خوارەوەی هەرەمی سیستمی نوێی جیهان چەندین وڵات ریزبەند دەبن. ئەم وڵاتانە بەزۆری دەبنەلانکەو پێگەی پرۆژەو پرۆسەئابوریو سیاسیەکانی جەمسەرەگەورەکانی دنیا، لەمانەوڵاتانی هەرێمایەتی، وەک تورکیا، ئێران، میسر، عێراق، سوریا، .. هتد.

پێموایەلەهاوشانی ئەمانەدا کۆمەڵێک وڵات لەسەدەی بیستویەکدا دەکەونەدەرەوەی سیستەمی نوێی جیهان، لە فەرهەنگی سیاسیدا ئەم وڵاتانە لەدەرەوەی مێژوون. کۆی ئەم گۆڕانکاریانەو خواستو پێویستیەکانی قۆناغی نوێو سیستمی نوێی جیهان شێوازو مۆدێلێکی نوێی رێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان سەرجەم وڵاتان دەخوازێت، لەم سەردەمەدا لەهەردوو رووی پراکتیکیو هزری تیۆرەکانی دبلۆماسییەتو بەستنی هاوپەیمانیو رێکەوتنامەکان گۆڕانکاری گەوهەریان بەسەردا هاتووە.

هاوسەنگی پەیوەندیی نێوان وڵاتان لەهەرەمی سیستەمی سیاسی نوێدا، بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لە رابردوو دادەڕێژرێتەوە. لەدوو توێی کەلتوری فرەجەمسەریدا هەندێک جار دیموکراسیەتو هەندیکجار عەدالەتیش بەبێ خواستی جەمسەرەکان خۆیان دەسەپێنن. لەم قۆناغەدا تا ئەمرۆ سیمای سێ جەمسەری سەرەکی (ئەمەریکا، چین، روسیا) بە روونی دەردەکەوێت. هەریەک لەم

جەمسەرانەهەڵگری چەند پاشکۆیەک لەوڵاتانی سەرکەوتوو، یان گەشەکردوو دەبن. نەخشەی سیستمی نوێی جیهان جارێکیتر جیهان لەنێوان جەمسەرەکاندا دابەش دەکات. لەئایندەی ئەم قۆناغەدا ئەوەی زۆر ناروونە، چارەنووسی گەلانی هەژارو ژێردەستەیە، کەتا ئەمرۆ دیار نییە رێکەوتنی نێودەوڵەتیی جەمسەرە نوێکان بەچ ئاقارو بۆ چ ئایندەیەک پەلکێشیان دەکات.

# چین لە سەدەی بیستویەکدا
# جەمسەرێکی سەرەکیی نوێی ئابوری
# China in the twenty first century

موعتەسەم نەجمەدین
Mutasam Najmaddin

چین ئەمرۆ بە یەکێک لە وڵاتە سەرکەوتووەکان هەژمار دەکرێت. خێرایی گەشەکردنو سەرکەوتنی لە ماوەیەکی کورتی دیاریکراودا سەرجەم بیرمەندانو سیاسەتمەدارانی دنیای تووشی سەرسامی کردووە. بگرە لەمەش زیاتر لە نێو وڵاتە سەرکەوتووەکانیش چین دەپەرێتەوە بۆ ئاستی بوون بە جەمسەرێکی سەرەکیی دنیا. چیرۆکی سەرکەوتنو پەرینەوەی چین لە سیستمی نوێی جیهانیدا لە کرۆکدا وابەستەی بیرە تیۆرییەکانی سەرۆک (دینگ)ە، کە لە ساڵی ١٩٧٨ەوە هاتۆتە سەر کورسی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە.

ئەوەی جیهانی تووشی سەرسامی کردووە، لە گەوهەردا ئەوەیە، کە ئەم گەلە تەنیا لە یەک بواردا گەشەکرنێکی مەزنی بۆ خۆی تۆمار نەکردوە. بگرە لە سەرتاپا بوارەکانی ژیان، ئابوری، سیاسی، کەلتوری، کۆمەڵایەتی، سەربازیو

چەکسازی.. هتد، پێشکەوتن‌و گۆرانکاریی زۆرو مەزنی لە ماوەیەکی نموونەییدا بۆ خۆی دەستەبەر کردووە.

لە بواری ئابوریدا، لە ساڵی ٢٠٠٦دا چین بووە چوارەمین وڵاتی ئابوری لە سەر ئاستی جیهان. لە ساڵی ٢٠١١دا ئەم وڵاتە پەریەوە بۆ پلەی دووەم لە سەر ئاستی جیهان. لە ساڵی ٢٠٠٢دا بەشی تاکی چینی لە داهاتی گشتی بڕی ١١٣٥ دۆلاری تۆمار کرد. ئەم بڕە لە ساڵی ٢٠١١دا بوو بە ٥٤٣٢ دۆلاری ئەمەریکی.

یەکێک لە گەورەترین داهێنانەکانی ئەم وڵاتە ئەوەیە، کە تا ئەمرۆ قەیرانی ئابوریی جیهانی نەیتوانیوە سنوورەکانی ببرێت، لە کاتێکدا، ئەم تەنگەژەیە سەرتاپا وڵاتە مەزن‌و پێشکەوتووەکانی گرتۆتەوە. چین زۆر بە سانایی لەم قەیرانە دەربازی بووە. زۆربەی چاودێرانی ئابوری‌و سیاسی جیهانی ئەم سەرکەوتنەی چین بە سەر تەنگەژەی ئابوریی جیهاندا دەگەرێننەوە بۆ چەند فاکتەرێک:

١- بوونی یەدەکێکی مەزنی دراویی بیانی، کە بە بڕی دوو تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت.
٢ـ کۆنترۆڵکرنێکی تەواوی دامەزراوە داراییەکانی بە شێوەیەک، کە هیچ سەرمایەیەکی چینی نەیتوانی لەم وڵاتە هەڵبێت‌و بچێتە دەرەوەی سنوورەکانی.

٣ـ توانـاو هێزی حکومـەت لـە گۆڕینی ڕێڕەوی پرۆسـەی ئـابوری (گۆڕینی پشت بـەستن لـە هـەنـاردەکردنـەوە بۆ بـارو بواری ناوخۆی) لە ماوەیەکی زۆر پێوانەییدا.
٤ـ بوونی ئیرادەو ئیدارەیەکی بـەهێز بۆ بـەرجـەستەکردنـی پڕۆسەی چاکسازیو نوێبوونەوە.

لە راستیدا ئـەم پێشـکەوتنو بازدانـە مـەزنـەی ئـەم وڵاتـە بـە چەند قۆناغێکدا تێپـەڕیوە، بـەڵام وەک رەگـو ریشـاڵی لـەگـەڵ هەموو گرفتو کێشەیەکیدا دەشێت بگەڕێنرێتەوە بۆ سـەرەتـای دامەزراندنی کۆماری چینو بەرجەستەکردنی بیری مـاویزمو دواتـریش داهێنـانێکی مـەزن لـە رابـردووو خواسـتەکـانی سەردەم.

## چین لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩ تا ١٩٧٨

سـەرەتای یەکەم قۆناغی سـەردەمی کۆمـاریی گـەلی چین لـە ٣٠ی ئـەیلـولی ١٩٤٩وە دەسـتیپێکردووە. لـەم سـاڵەدا بـە دامـەزرانـدنی کۆمـاری چینوەک دەوڵـەتێکـی سۆسیالستیو دانانی بناغەی مۆدێلی ئابوری نەخشە بۆ کێشراو بۆ ئیدارەو بـەڕێوەبردنـی ئـابوری مـەرکـەزی لـە یـەکێتـی سۆڤێتەوە بـۆ مایەوە، لە سەرەتاوە ئەم مۆدێلـە لـە گـەڵ ئـەوەی نوسخـەیـەکـی کـۆپیکراوی بیـر مارکسـی لینینـی بـوو، بــەڵام مـۆرکـو ریشاڵێکی واقعو کلتوری چینیشی لە خۆ گرت. ئـەو کـات مـاو تـا ئاستێکی سنووردار ڕێگەیدا بە کەرتی تایبەت، بـەڵام دواتـر

بە هۆی زیادەڕۆیکردن لە خۆبەستنەوە بە کەرتی گشتیو زیاتر جەختکردن لە سەر مەرکەزیەتو پەیڕەوکردنی ئابوریی داریژراوو پێشتگوێخستنی ڕۆڵی بازارو ئابوریی ئەم وڵاتە بە تەواوەی تووشی ئیفلیجیو دارمان بوو، بە شێوەیەک هەژاریو کەمدرامەتی تەنیا لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگا نەوەستا، بەڵکو هەڵکشا بۆ چینی نێوەندو سەرەوەش. لەم قۆناغەدا چین یەکێک لە وڵاتە هەرە هەژارەکانی دنیا بوو، لە ساڵی ١٩٥٢دا بەرهەمی ناوخۆیی چین کەمتر بوو لە ٦٧،٩ ملیار دۆلار. ئەم دۆخەی چین بۆ ماوەی سێ سەدە بەردەوام بوو. تا لە ساڵی ١٩٧٨دا چینیەکان لە بارێکی زۆر دژواردا دەژیان.

چین بە سەرۆکایەتیی ماوتسی تۆنگو رابەرایەتیی پارتی کۆمۆنیستی چینی، پێی نایە سەردەمێکی نوێو بنەمای پتەوی خۆی دامەزراند. لە راستیدا پارتی کۆمۆنیستی چین، کە بەبنەمای پێشکەوتنی ئەو وڵاتە دادەنرێت، سەرەتا لە نێوەندی توێژی ڕۆشنبیری شۆرشگێڕ لە کۆتایی دووەم شەڕی جیهانی لەدایکبو و هەر زوو توانی تێکەڵ بە شەپۆلی هەرە بەهێزی کۆمۆنیزم ببێت، کە ئەو سەردەمە زۆر لە گەشەکردنو فروانبووندا بوو. لە هەمان کاتدا لە سەر ئاستی ناوخۆییش، زۆر بە خێرایی توانی بە نێو چینی کرێکاری پیشەسازیدا بڵاوببێتەوە. بەڵام هەر زوو قورسایی چالاکییەکانیان گوێزایەوە بۆ لادێو لە نێو جوتیاراندا بڵاوەیانکرد. لە راستیدا مەرج نییە ئەمە بە پڕۆگرامو پلان بووبێتو لە لایەن حزبەوە

جێبەجێکرابێت، بەڵکو پێویستیی واقیعی ئەو سەردەمەی چین ئەم گۆڕانەی دەخواستو دەبوو خۆی لە گەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیو ئابوریی وڵاتەکەیاندا بگونجێنێ. ماو تسی تۆنگو هاوبیرانیشی بە هیچ شێوەیەک ڕووبەڕووی ئەو واقعە نەبوونەوەوە، کە ئەوەی سۆڤێتییەکان کردیان. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەمان بۆ بەردەوامبوونو گەشەکردن سوودیان لەو واقعە بینیو کاریان بۆ گونجاندنی لە گەڵ بیری نوێیاندا کرد.

لەو کاتەوە رژێم و دەسەڵاتی چین جوتیارانی ناچار نەکرد، بە تەسلیمکردنی بەرهەمەکانیان بە نرخی کەم بە حکومەت، وەک ئەوەی سۆڤێتییەکان دەیانکرد، بەڵکو ڕێگایاندا بە ویستی خۆیان هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەنو ڕێگایاندا بە مێژوو ڕێرەوی خۆی وەرگرێت.

یەکێک لە سیاسەتە هەرە گرنگەکانی ئەو سەردەمەی چین، گرتنەبەری سیاسەتی خۆبژێویی بوو. بە واتا، هەر ناوچەیەک هەموو پێویستیەکانی خۆی بە جیا بۆ خۆی بەرهەم بهێنێت. ئەمەش گومانی تیادا نییە، کە چاکترین ئاکامی هەبوو چینیەکانو بەم سیاسەتە توانیان خۆیان لە چەندین گرفتو کێشەی هەژاریو بێکاری رزگار کەن. لە ڕاستیدا ئەم سیاسەتە دواتر بووە هۆی ئەوەی چینەکان ڕێگایەکی جیاواز بگرنەبەرو تووشی هەمان قەیرانەکانی یەکێتی سۆڤێت نەبن.

لە راستیدا ماو سیاسەتی خۆبژێویی لە ئەزموون، یان بەهرەی سەربازی، لە کاتی شەڕ لەگەڵ ژاپۆنییەکاندا وەرگرت. لە ستراتیژی بەرگریی لە وڵاتەکەی، ئەو کات بیری لەوە کردەوە، کە ئەگەر ژاپۆنیەکان بیانەوێت وڵاتی چین داگیر بکەن، ئەوە بە لای کەمەوە پێویستیان بە دوو ئەوەندەی رێژەی سوپای ژاپۆن هەیە. بۆیە ژاپۆنیەکان بۆ داگیرکردنی ئەم وڵاتە، سیاسەتی بەشکردنی چینیان گرتە بەر. لە بەرامبەریشدا چینیەکان بە هەمان میکانیزم بەرگریانکرد؛ هەر ناوچەیەک بۆ خۆی دەبوو پێویستیەکانی خۆی لە بەرهەمهێنانو بەرگریکردن دابین بکات.

بەڵام دواتر هەموو ناوچەکان پێکەوە بە ستراتیژی تەواوکردنی یەکتر نەخشەو پلانی بەرگریکردنو بەرهەمهێنان دادەرێژن، واتا هەر ناوچەیەک بە جیاو وەک یەکەیەکی تایبەت مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرا. هەر لەو کاتەوە چینییەکان ئەو ئەزموونەی سەرۆک ماویان گواستەوە بۆ سەرجەم بوارە جیاجیاکانی ئابوریو پانتاییەکی زۆر فراوانی لە پلانە ئابوریو سیاسییەکانی حکومەت داگیر کرد. گومانی تیادا نییە ئەم سیاسەتەی چین بووە هۆی ئەوەی توانای پیشەسازیو تەکنۆلۆژیاو بەرهەمهێنانو پێشکەوتنو بەرفراوانبوونێکی مەزن بە خۆوە ببینن بە هەردوو ئاستی ئاسۆییو ستوونیدا.

بۆ نموونـە، لـە نێـوان سـاڵی ١٩٥٢ ـــ ١٩٧٨دا نێـوەنـدی بەرهەمهێنانی ساڵانەی دانەوێڵە لە ١٦٠ ملیۆن تەنەوە بوو بە ٢٨٠ ملیـۆن تـەن، هـەروەهـا وەبـەرهێنـانی وزەی کـارەبـا لـە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا لە ٧ کیلۆواتـەوە بوو بـە ٢٥٦ کیلۆ وات. هەروەها وەبەرهێنانی خەڵوز لە ٦٦ ملیۆن تـەنـەوە بوو بـە ٦١٨ ملیـۆن تـەن. بـڕی بـەرهـەمهێنـانی پۆڵاش لـە یـەک ملیۆن تەنەوە بوو بە ٣٢ ملیۆن تەن.(١)

## چین لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ تا ٢٠١٢

کۆنفرانسـی ١١ی حزبـی کۆمـەنیسـتی چـین لـە ١٩٧٨ بـە سەرەتای قۆناغێکی نوێی مێژووی چین دادەنرێت، لـە هـەمـان کاتدا بە گرنگترین خاڵی وەرچەرخان لـە مێژووی نـوێی چین دادەنرێت. لە سەر بڕیارەکانی ئەم کۆنفرانسەدا گۆڕانکاریی بنـەڕەتـی بـە شێوەی پلـەبـەنـد و ئـەقڵانـی زۆر بـە وردی لـە رێـڕەوی چینییـەکانـدا بـەرجـەسـتە بـوو، ئـەو کـات، کـە ئەندازیاری چاکسازی دینگ شیاو بینگ پڕۆژەی چاکسازیو کرانەوەی لە کۆنگرەدا باسکردو سیما سەرەکییەکانی خستە روو. لـەگـەڵ بـەرهـەڵستکردنی لـە لایـان چـەنـدین ئـەنـدامو سەرکردەکانی حزب، کە ئەو کات بە لادانو کشانەوەیان لـە سۆسیالیزم ناودەبرد، بەڵام ئەم توانی قەناعەت بە بەشی هـەرە زۆری ئەندامانی کۆنفرانس بکاتو ئەو پرۆسەیە بسەپێنێت. لـەم مێژووەوە چینییـەکـان تێڕوانینـەکـانی دینـگـیـان پراکتیـزە کـردو هـەنگـاوی مـەزنیـان رووەو چاکسـازیی ئـابوریو

کۆمـەڵایـەتـی نـا. هـەر لـەو سـەردەمـەوە سیاسـەتـی خـۆ گونجاندنیان لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکان پەیڕەو کرد، ئەمە یـەکێـک لـە نهێنییـەکـانی هێـزی بـەرەنگاربوونـەوەی پیلانـە نێودەوڵـەتییـەکانی دژە سۆسیالیزمو کۆنترۆڵکردنی قـەیرانو کێشە ناوخۆییەکانیشی بوو.

لـە راستیدا ئـەم هـەنگاوەی چین بـە هاوئاهـەنگی لـە نێوان دەسەڵاتی سیاسیو گەلی چیندا نراو لـە نێوانیاندا حزب توانی رۆڵـی پێشـەنـگ ببینێـت. نـەک هـەر بـە تـەنیا لـە بـواری پێشخسـتنی ئـابوریو کـەڵـەکردنـی سـەرمایـە، بگـرەرۆڵـی مێـژووی لـە بـەرزکردنـەوەی ئاستی هۆشیاریو چاککردنی بژێویی دانیشتوانو پێشخستنی بواری زانستیو پـەرەپێدانی کۆمەڵایەتیو فکریشدا بینیو توانی گیانی نیشتمانپەروەری لـە ناخی تاکەکاندا بچێنێت.

لـە رووەیـەکـی تـرەوە، چینییـەکـان توانیـان چـاودێریی گۆڕانکارییە نێودەوڵـەتییـەکان بکـەنو سوود لـە ئـەزموونو توانـای تـەکنۆلۆژیـاو زانسـتیان وەربگـرن؛ توانییـان ئـەو ئـەزموونانـە کـۆپی بکـەنو سـوود لـە هونـەری کـارگێڕیو تەکنۆلۆژیای ئـەوروپای رۆژئـاوا وەربگرنو لـەگـەڵ واقیعی خۆیاندا بیانگونجێنن. بە واتایـەکـیتر، قـەناعـەتیان بـەوە کـرد، کە سەرمایەداریو بازاری ئـازاد چـەندین خـەسڵەتـی چاکـەی هـەیـەو دەکـرێـت سـوودیان لـێ وەربگێرێـت. بـە پێچـەوانـەی سـۆڤێتییەکـان، کـە هـەمـوو کـردەوەو هـەڵسـوکەوتـەکـانی

سەرمایەدارییان بە چاکو خراپەوە رەت دەکردەوە، چینییەکان توانییان رقو دژایەتییان لە بیری سەرمایەداری وەلا نێنو بە بیرو بۆچونێکی کراوەوە مامەڵە لە گەڵ دیاردەو رووداوەکان بکەن؛ توانییان مرۆڤێکی چنیی تێگەیشتوو لە سەر بناغەی لۆژیکو عەقڵو بنیات بنێن. توانییان سوود لە بوارەکانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوی پیشەسازیو فاکتەرەکانی سەرکەوتن ببینو ئەزموونی وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان لە گەڵ بارودۆخی خۆیاندا بگونجێنو لای خۆیان پراکتیزەی بکەن.

لە سەر ئەم بناغەیە دەسەڵاتو حکومەتی چین سیاسەتی رێگادان بە ئازادکردنو پێشخستنی پیشەسازی سووکو کارگە بچووکەکانو بوارەکانیتری کشتوکاڵو خزمەتگوزارییان پشتگوێ نەخست وەک ئەوەی سۆڤێتییەکان کردیان، چونکە ئەمانە بنەماو بڕبڕەی ئابووریو چاوگی سەرەکیی بژێویی گەلی چین بوون. لە بواری بازرگانیشدا لەگەڵ ئەوەی بەشداریکردنی چین تێیدا زۆر لاواز بوو، لە هەفتاکاندا لە بیستو یەک ملیار تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام توانییان تەکانێکی باشیش لەم بوارەدا بدەن.

بە گشتی ئەم قۆناغە لەگەڵ ئەوەی چەندین کێشەو گرفتو قەیرانی لە ئاکامی زیادبوونی رێژەی دانیشتوانو پیسبوونی ژینگەو دابەزینی ئاستی خزمەتگوزاری.. هتد بۆ چینییەکان دروستکردو وەک قۆناغێکی زۆر ناسکو گران لە سەریان

کـەوت، بـەڵام لـە هـەمـان کاتـدا بـە سـەرەتـای گرنگتـرینو سـەرکـەوتـووترین قۆنـاغی پێشـکەوتـن دادەنرێـت. لـەم سەردەمەدا چینییەکان توانییان لە سەر پێی خۆیان راوەستنو چاکسـازی بنـەڕەتـی لـە سـەرجـەم بـوارەکـانی ئـابوریو کۆمەڵایەتییدا ئەنجام بدەن. ئەم پرۆسەیە لە بناغەدا سەرەتا لە گونـدەوە دەستیپێکرد، لـە رێگـای هـەرەوەزیو پێدانی بـەشـی جوتیاران لە داهـاتو بـەرهـەمـی زەوی، حکومـەت تـەکانێکی گـەورەی بـە پێشخستنی ئـابوریی وڵات دا. بێبـەش نـەکردنـی جوتیاران لـە بـەرهـەمـەکانیـان، بووە هۆی بـەرزرکردنـەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی لادێ بە بڕی ٢/٣.(٢)

بە گشتی، ئاکامە سەرەکییـەکانی ئـەم قۆناغـە ئـەوە بـوو، کـە چینییـەکـان توانییـان لـە مـاوەی کـەمتـر لـە ٢٠ سـاڵ پڕۆسـەی ئـابوریی خۆبژێوی جێبـەجێبکـەنو پشـت بـە خـۆ ببـەستن لـە دەستخستنی خۆراکـو داشکاندنی رێژەی هاوردەی شمەک لـە دەرەوە. بـەمـەش چین توانی خـۆی بـە تـەواوی ئامادەکات بۆ چوونە گەورەترین تـەکـەتـولی ئـابوریی جیهانو رووبـەڕووی بەهێزترین شـەپۆلی پوکانـەوەی ئابوری ببێتـەوەو بـەشداری لـە پێکهاتـەی سیسـتمی نـوێی جیهـان بکـاتو هـەنگـاوی زۆر فـراوان رووەو پێشـکەوتنـی ئـابوریو گـەشـەکردنـی سەرمایـەگوزاری بنێت. هـەر لـە قۆناغـە سـەرەتاییـەکانی ئـەم سیاسـەتـەیـدا هـەنگـاوی پێویسـتی بـۆ ئاسـانکردنو رێگاخۆشـکردنی چوونـە نێـو ئـەم سیسـتمەوە نـا. لـەم هەنگاوانەوە دەستیان کرد بە کەمکردنەوەی کـەرتـی گشتی لـە

بـواری کشـتوکاڵیدا لـە رێـژەی ٢٨%ی سـاڵی ١٩٧٨ەوە بـۆ رێژکەی ٢١%. لە ساڵی ١٩٩٥شدا وا مەزەندە کراوە، کە لە ٢٠% دابـەزیبێـت بـۆ ١٠%.وەک کـەرتـی بـەشـی خزمـەتگـوزاریش، لـە ٢٤%وە سـەربکـەوێـت بـۆ ٣١%. دواتریش رێژەکە بووە بە ٤٠%. بـەڵام بـەشـی پیشـەسازی بـە نەگۆڕی لە نێوان ٤٨% و ٥٠%)دا ماوەتەوە. لە هەمان کاتدا بەشی پیشەسازی قورس، لە ٧٥%وە دابەزیوە بۆ ٤٥%.(٣)

لە راستیدا ئەم هەنگاوانەی چین لەگەڵ ئەوەی بە رووکەش چەندین پرسیارو تێرامان دروستدەکەن، بەڵام لە گەوهەردا ئاماژەی سەرکەوتنی چینییەکانن و هاوکات بە بارێکیتردا بە ئەزموون سەلماندیان، کە ئەمە چاکترینو سەرکەوتووترین سیاسـەتـی رووبـەڕووبوونـەوەی بـازاڕی دەرەکـیو شـاڵاوی فراوانخوازی سەرمایەداریو بازرگانی نێودەوڵەتیە.

لـە روویـەکـیتـرەوە، هـەر لـە بـواری کشـتوکاڵی لـە سـاڵی ١٩٧٥دا حکومەت پلانی بەرهەمهێنانی سیستمی فرۆشتن بـە نەخشەدانانی ناوەندی (التخطیط المرکزی) گۆڕی بە سیستمی پلانی سەربەست (التخطیط الإختیاری)، بە مەش جوتیارەکان ئازادیی هەڵبژاردنی بەرهەمهێنانو فرۆشتنی بەرهەمەکانیان وەرگرت.

بـە شـێوەیـەکـی گشـتی، قسـەکـردن لـە سـەر ئـەم شۆرشـەی چینییەکان، بە بێ قسەکردن لە سەر رابەرو ئەندازیاریی ئەم

شۆڕشە، کارێکی کەمو کورتو نا دروست دەردەچێت. بۆیە پیاداچوونەوەیەکی خێرا بە مێژووی ژیانو بیرو کارو کردارەکانی دینگ شیاو بنگ، لێرەدا خۆی دەسەپێنێتو ناکرێت پەراوێز خرێت.

## دینگ شیاو بینگ مەزنترین پیاوەکانی سەدەی بیستەمە

لە راستیدا چۆن بمەوێت قسە لە سەر دینگ بکەم، نەک هەر ناتوانم مافی خۆی بدەمێ، بەڵکو هەندێک جار بە بێ وردکردنەوەی حەقیقەتی ئەو پیاوە مەزنە، دوور نییە حەقیقەتی قۆناغێکی مێژوویی ئەزموونی گەلێکی زیندوو نەشێوێنم. بۆیە، لێرەدا بۆ سەرەتای خۆ ئامادەکردنم لە ناساندنی ئەو پیاوە مەزنە، من تەنیا وتەیەکی بیرمەندو سیاسەتمەداری ئەمەریکی هنری کسنجەر دەکەمە دەسپێکی پیاچوونەوەیەکی خێرا بە ژیان ئەو پیاوە مەزنە، کە دەڵێت: "دینگ یەکێک لە مەزنترین پیاوەکانی سەدەی بیستەمە، بۆیە تا ئەمرۆش ناکرێت بە بێ باسکردنی ئەم پیاوە باسی چین بکەیت."

لە ساڵی ١٩٧٨دا، کاتێک، کە وڵاتی چین لە قیرانێکی مەزندا بوو، لە سەر لێواری دارمانو لێکترازاندا بوو، گرفتو تەنگەژە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان خستبووە بینەقاقای دەستەڵاتو گەلانی ئەو وڵاتە، لەو ساتەدا پیاوێکی مەزن بە

دەستێکی پۆڵایینەوە دێتە گۆڕەپانی رووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە نالەبارە. پیاوێک بەعەقڵو بیرێکی زۆر قووڵو لۆجیکییەوە، بناغەی سەردەمێکی نوێو ئاییندەیەکی گەشو پرشنگدار بۆ ئەم وڵاتە دادەرێژێت. پیاوێک کە هەموو پێکهاتەی پڕ بوو لە بوێری و هێز، پیاوێک، کە بە هەموو پێوەرەکانی ژیان لە سەردەمی دابڕانی کارێزمادا، کارێزمایەکی بێ وێنە بوو.

دینگ ئەو کات رایگەیاند، کە دەبێت ریفۆرمو کرانەوە بکەینە ستراتیژی کارکردنمان. دەبێت زۆر بە جەرگەوە رووبەڕووی کێشەو تەنگژەکانمان ببینەوە. لەم پرۆسەیەدا ئێمە لە رەوتی سۆسیالستی لا نادەین، بەڵکو چارەسەری گرفتکانمان لە گەڵ پرنسیپەکانی سۆسیالیزمدا دەگونجێن. لەم ساتەدا بۆ بەجەستەکردنی بیرو باوەرەکانی، دینگ چوار پرنسیپی سەرەکی خستە روو:

١ــ پابەندبوون بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.
٢ــ بەردەوامبوون لە سەر رێبازی سۆسیالستی.
٣ــ بە سەرۆکایەتی حیزبی کۆمەنیستی چین.
٤ــ بە بیرو باوەڕی مارکس ــ لینین ــ ماوتسی تۆنگ.

لە ٢٢ی ئابی ١٩٠٤دا، لە شارۆچکەی قوانگ لە هەرێمی سیچوان لە باشوری خۆرئاوای چیندا، دینگ لە خێزانێکی جوتیاردا لە دایکبووە. تا قۆناغی دواناوەندی خوێندنی لە

سیچوان تەواو کردووە. دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن، رووی کردۆتە وڵاتی فەرنسا. لەو وڵاتەدا تێکەڵ بە کاری سیاسی بووەو ئاشنایەتیی لە گەڵ رەوتە سیاسیە سەرەکیەکاندا پەیدا کردووە. ئاشنای بیری چەپ بووە. لە ساڵی ١٩٢١دا، بە دامەزراندنی حیزبی شیوعیی چینی پەیوەندیی بە یەکێتیی لاوانی کۆمۆنیستی چینەوە لە ئەوروپادا کردووە. لە ساڵی ١٩٢٤دا پەیوەندیی بە رێکخستنەکانی حیزبەوە کردووە. دوای دوو ساڵ پاریسی بەجێهێشتووەو رووی لە یەکێتیی سۆڤیەت کردووە. لەوێدا زیاتر ئاشنای بیری مارکسیزم بووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٦دا، لە سەر داوای کۆمەنتێرن گەڕاوەتەوە بۆ چین.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٧دا ناوی خۆی لە دینگ شیاو شینگەوە گۆڕیوە بۆ دینگ شیاو بینگ، شیاو بینگ بە واتەی ئاشتی (فەتتی) دێت، لە گەوهەردا ئەمە سەرەتای قۆناغێکی نوێی بیرکردنەوەو ژیانی ئەو بووە. لێرەوە ئیتر بیری مارکسیزمو چەپایەتی خۆیی ئاوێتەو تێکەڵی باوەڕو ئینتیمای نیشتمان پەروەریو گرتنەبەری رێبازی ئاشتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کردووە.

دینگ لە دوای گەرانەوەی لە باکوری چین گیرساوەتەوە. بەڵام بە هۆی راوەدونانی لە لایەن دەستەڵاتەوە، کەوتۆتە سەفەرکردن. رووی کردۆتە باشور. لە ساڵی ١٩٢٩دا سەرپەرشتی خۆپێشاندانێکی جەماوەری لە دژی دەستەڵات

کردووە، لە هەمان ساڵدا بەشداریی هەڵمەتی ریفۆرمی نێو حیزبی کردووە. بەشداریکردنی دینگ لە شەڕی بەرگری لە هێرشەکانی ژاپۆن لە دژی چین، شارەزاییەکی زۆری لە بواری تەکتیکی سەربازیو رێکخستنو دروستکردنی پەیوندیدا پەیدا کردووە. لە ساڵی ١٩٤٩دا، بە سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکانو دامەزراندنی کۆماری چین، دینگ بەردەوام بوو لە کاری حیزبیو ناوچە ناوچەو بەش بە بەشی حیزب گەڕاوەو دەروێشانە کەوتە کارکردن بۆ بەهێزکردنو رێکخستنو پێشخستنی ئۆرگانەکانی حیزب.

لە ساڵی ١٩٥٢دا گەڕاوەتەوە بۆ پێکینو لە ماوەیەکی کورتدا چەندین پلەو پایەی حیزبیو حکومی گرنگی وەرگرتووە، لەوانە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتو جێگری سەرۆکی لیژنەی کارو باری داراییو دواتر وەزیری داراییو بەریوبەری پەیوەندیکانی حیزب، تا بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو لە کۆنفرانسی هەشتەمی حیزبدا لە ساڵی ١٩٥٦دا بۆتە سکرتێری گشتی لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعیی چین.

لە ساڵی ١٩٦٦دا، لە گەرمەی شۆرشی رۆشنبیریدا، دینگ لە سەر بیرو باوەرەکانیو خواستی چاکسازیو بەرجەستەکردنی گۆڕانو نوێبوونەوە لە هەموو پۆستەکانی دوور دەخرێتەوەو، وەنەفی دەکرێتو وەک کرێکارێکی ئاسایی دەگوازرێتەوە بۆ کارگەیەکی پیشەسازی.

دینگ بە هۆی جیاوازیی بیرو تێڕوانینو باوەڕەکانیەوە، کە لــە ســییەکانــەوە بــە ئاشــکرا خســتبوویە روو، بــە تــەواوی پێچەوانەی بیر کلاسیکی ماویزم بووە؛ چەندین جار تووشی کێشەو گرفت بووە. زۆر جار ناچار کراوە دەست بەرداری پلــەو پایــەی حیزبــیو حکــومی بێــت، لــە ســاڵی ١٩٦٦ەوە تۆمەتبار کراوە بەوەی، بانگەشە بۆ بیری سەرمایەداری دەکات. بۆیە بە فەرمی خراوەتە ژێر چاودێریی زۆرەملێ وە. لــە ســاڵی ١٩٦٩دا خــۆیو خێزانــەکــەی دوور خرانــەوە بــۆ کــەرتــی جیانگشــی لــە باشوری خۆرهەڵاتــی چین. بۆ جاری سێیەمیش لە ساڵی ١٩٧٦دا نەیارانی لە بازنەی حوکمرانیدا قەناعەتیان بە ماو کردووە لە سەر کار لایبەرێت، چونکە ئەوەی دینگ گوتوویەتی، پێچەوانەی بیری ماویزم بووە. لە ساڵی ١٩٧٧دا، دوای مردنــی مــاو، بــە پاڵپشــتی هــەوادارانو هاورێیانی لە بازنەی حکومرانی حیزبدا جارێکیتر گەڕاوەتەو هەموو پۆستەکانی زۆر لە پێشوو بە بەهێزتر وەرگرتۆتەوە. ئــەوجــا راســتەوخــۆ کــەوتۆتــە دژایــەتیکردنــی ئــەو فــەوزاو کێشانەی، کە ماو بە شۆڕشی رۆشنبیری دروستی کردبوون.

بە مردنی ماو گۆڕەپانی سیاسیی چین شەڕێکی توندی لە نێوان هەردوو رەوتــی محافزکارو رەوتــی ریفۆرم گرتــەخۆ. محافزکــارەکــان بــەرگرییــان لــە پرنســیپە کلاســیکیەکــانی کۆمۆنیستی دەکرد.رەوتــی ریفــۆرمیش، بــە ســەرۆکایــەتــی دینگ، باسیان لە پێویستی گۆڕانو ریفۆرمو نوێبونەوە دەکرد. ئــەم شــەڕو رکــابــەریــە لــە خولی سێیەمــی کۆمیتــەی نێــوەنــدی

یازدەی حیزبی کۆمۆنیستی چین بۆ بەرژەوەندیی رەوتی ریفۆرم‌و نوێبوونەوە یەک لا بووەوە.

لە کۆتای ساڵی ۱۹۷۸دا دینگ بووە سەرۆکی چین، هەر لەو کاتەووە راستەوخۆ کەوتە دارشتنەوەو پراکتیزەکردنی بیرو بۆچونەکانی. بەرنامەو پرۆژەی سەر لە نوێ بنیاتنانەوەی چینی دەست پێکرد. کەوتە رێکخستنەوەی ماڵی چینی لە نێوەوە. پرۆسەیەکی کامڵی بۆ ریفۆرم‌و کرانەوەی وڵاتەکی خستە روو.

## دینگ ئەندازیاری ریفۆرم‌و کرانەوە

بە شێوەیەکی گشتی، دوو بۆچوون، یان دوو رای جیاواز لە سەر شۆڕشەکەی دینگ هەن. بۆچوونێک، کە پاشماوەی بیری ماویزمن، کە پێیان وایە ئەوەی (دینگ) کردوویەتی، کودتا بووە لە بیرو رێبازی ماوتسی تۆنگ. رێبازێکی تێکەڵ لە سۆسیالیستی‌و سەرمایەداریی لەو وڵاتەدا بەرپا کرد. بۆچوون‌و رایەکیش، کە زیاتر لە هەوادارانی (دینگ) خۆیەتی، دەڵێن: "ئەوەی (دینگ) ئەنجامی دەدات پێشخستنی بیری سۆسیالستی چینیە. ئەوە کار لە سەر دارشتنی رێبازێکی تایبەت بە چین دەکات."

وردبوونەوە لە سەرچاوەی ئیلهامی (دینگ) لە پرۆسەی ریفۆرم‌و نوێبوونەوە چەند بناغەیەکی هەیە. لە رووی

تیۆریەوە، یەکیان لە بیرو نەریتی کۆنی چینیەکان، کە بە شێوەیەکی گشتی لە فەلسەفەی کۆنفۆشیۆسەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوی‌تریان لە بیری نویێو گۆڕانکاریەکانی سەرەتای سەدەی بیستو یەکەوەیە.

لە روی پراکتیزەییەوە دینگ سوودی لە هەردوو ئەزموونی سەرکەوتنی وڵاتانی ئاسیا وەرگرتووە. بۆ نموونە سوودی لە ئەزموونی سەرکەوتنی تایلاندو مالیزیاو سینگاپوور وەرگرتووە. هەروەها سوودی لە ئەزموونی شکستخواردنی دەوڵەتە سۆسیالستەکانو پرۆسەی ریفۆرمی یەکێتی سۆڤیەت، بە تایبەتی پیرسترۆیکا وەرگرتووە. نهێنیی سەرکەوتنی چینییەکان لەوەدا بووە، کە بە پراکتیکی لە مۆدێلی ریفۆرمی سۆڤیەت دوورکەوتنەوە، کە وەک قاڵبێکی ئامادەکراو بوو لە لایەن سەرۆک گۆرباچۆڤەوەو شێوازی چارەسەرکردنی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بوو. مۆدێلەکەی دینگ ئیلهامی لە وتە بەناوبانگەکەی ماوەوە وەرگرتووە، کە دەڵێت: "لە واقعدا بە دوای راستیدا بگەرێ، کە مەبەست لێی نەخشەو رێگاو مۆدێلێکی ئامادەکراو نییە، کە بۆ هەموو وڵاتان وەک یەک بگونجێت، یان بشێت."

مۆدێلی چینیەکان لە پرۆسەکەدا گفتوگۆو قبووڵکردنو رەتکردنەوەو ئەزموون لە خۆ دەگرێت، رەگو ریشاڵی ئەم مۆدێلە لە واقعی وڵاتی چینەوە، پێش هەر سەرچاوەیەکی‌تر

ڕێچکە دەگرێت. بە شێوەیەکی گشتی، پرۆژەو پرۆسەی گۆڕانو ریفۆرمی چینیەکان بە دوو ئاڕاستەدایە:

١ــــ گواستنەوە Transformation: لەم ئاڕاستەیەدا چینییەکان کار بۆ گۆڕانی ریشەیی لە ستراکچەری هەردوو سیستمی ئابوریو سیاسی وڵات بە شێوەیەکی دارێژراو دەکەن. ئەم گواستنەوەیە لە سەرجەم بواری ئابوریو سیاسیو تا ئاستێک کەلتوریو کۆمەڵایەتیش گۆڕانی ریشەیی لە رابردوودا دەکەن.

٢ــــ ریفۆرم Reform: لەمەدا پرۆسەی ریفۆرم لای چینیەکان بە واتای گۆڕان لە سیاسەتی کارکردن دێت، چ وەک ئەنجامدانی چاکسازی لە سیاسەتدا، یان گۆڕینو دارشتنی سیاسەتێکی نوێ.

بەم ستراتیژە، چینییەکان پرۆسەیەکی کامڵ بۆ پەڕینەوە لە قۆناغێکی دواکەوتووەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوو ئەنجام دەدەن، بەڵکو لەمەش زیاتر، ئەمرۆ ئەم وڵاتە بازێکی زۆر گەورە بۆ پێشەوە دەدات.

## گرنگ نییە پشیلەکە رەش بێت، یان سپی، گرنگ ئەوەیە مشک راوکات

پرۆسەی ریفۆرمو کرانەوە، کە لە رووی زمانەوانیەوە لە دوو وشە پێک هاتووە، لە گوزارشتەدا دوو پایەی گرنگی کۆی بەرنامەی نوێبونەوەی ئەم وڵاتەیە، ئەم دوو پایەیە لە

رووی تیۆری‌و پراکتیکیەوە تەواوکەری یەکترن، ریفۆرم لە گەوهەردا هێزی پاڵنەری کرانەوەیە، هاوکات کرانەوەش بە بارێکی‌تردا دەبێتە هاندەری ریفۆرم، بەواتە پرۆسەی ریفۆرم‌و کرانەوە لە کرۆکدا پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، بۆیە پرۆسەیەکی ئاڵۆزو پڕ ترس‌و تەنگ‌و چەڵەمەیە. ئەنجامدان‌و پراکتیزەکردنی زەمەنێکی دیاریکراوی نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە، بە بەردەوامی نوێ جێگای کۆن دەگرێتەوە.

ئەم ئەزموونەی چینیەکان پرۆسەیەکی کامڵ‌و گشتگیرە، سەرجەم بوارەکانی ئابوری، سیاسی، کلتوری، کۆمەڵایەتییە، دانانی بناغەی شارستانیەتێکی ئیکیۆلۆژییە.

بە پێی تیۆرەکەی دینگ ریفۆرم سەرەتا لە بواری ئابوریەوە دەست پێ دەکات.

لە شیکارکردنی تەنگژەکانی وڵاتدا دینگ گەیشتە ئەو باوەرەی، کە یەکێ لە گرفتە گەورەکانی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سۆشیالزم لە کرۆکدا ئەوەیە ئەم مۆدێلانە لە پرۆسەی کارکردنیاندا سیاسەت بە سەر قازانجدا دەسەپێنن. هەتا ساڵی هەشتاکان چین بەدەست مۆدێلی ماویەتەو دەیناڵاند، بۆیە لە کۆتای هەشتاکاندا کۆی کارگە پیشەسازیە مەزنەکانیان تووشی قەیران‌و گرفتی گەورە بوون. لە فەرهەنگ‌و ئەدەبیاتی سۆسیالستیداوشەی سوودو سەرمایەداری لە کێڵگەکانی بەرهەمهێنان عەیب‌و شورەیی بوو.

بەم پرانسیپە سۆسیالیستەکان گورزی کاریگەریان لە بەرژەوەندی ئابوری‌و ڵات دا، هەموو ئابوری‌و بژێوی خەڵکیان خستبووە خزمەت ئایدیۆلۆژیاوە. بۆ رزگار بوون لەم دۆخە دەبوو دینگ کار لە سەر شکاندنی بەستەڵەکی ئەو بیروباوەرە رەقانە بکات، بۆیە لە راستیدا ئاستەنگ‌و بەربەستی زۆر گەورەو بەهێز لە بەردەمیدا بوون تا بتوانێ بەرنامەو بیرو بۆچونەکانی پراکتیزە بکات.

لە ساڵی ١٩٨٦دا بریاریدا بە ئازادکردنی ئیدارەی کارگەکان لە ژێر دەستی سەرکردە سیاسیەکان. بەم بریارە رێگای لە دەست تێوردانی حیزب لە ئیدارو بەرێوەبردنی کارگەکان گرت. هەرچەندە ئەم بریارەی رووبەڕووی رەخنەو نارەزای زۆر توند بوو لەلایەن چەندین کادرو سەرکردەی حیزبەوە. بەڵام دینگ سوور بوو لە سەر بریارەکەی تا جێبەجێ کرد. لەم ساڵەدا دەرگای چەندین کارگە ئەوانەی کارەکانیان لە زیاندا بوو داخرا. بەم کارە بە هەزاران کرێکار لە کار دەرکران‌و بێکاری گەیشتە ئاستێکی ترسناک.

لە ساڵی ١٩٨٨ زۆر بە پەلە کاری لە سەر ئازادکردنی بازار کرد، نرخی لە ژێر دەسەڵاتی حیزب‌و حکومەت دەرکرد. ئەم بریارو سیاسەتانەی دینگ هەروا بە ئاسانی‌و بە بێ گرفت تێنەپەری، شەپۆلێکی گەورەی هەڵئاوسانی بەرپاکرد. خەڵکێکی زۆر لە ترسی گرانی‌و قاتوقری

روویانکردە بازارەکان بۆ کرینی شمەکو کەلو پەل، ئەم قەیرانو گرفتە بوو هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر پارەو پولەکانیان لە بانکەکان بکشێننەوە. لەم هەلەدا بازرگانانی شمەکی بچوک، پارەو داهاتێکی زۆریان کۆکردەوە، گەندەڵی بە تایبەتی لە نێو ئەندامو سەرکردەکانی حیزبدا بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو تەشەنەی کرد، تەنیا لە سێ مانگی سەرەتای زیاتر لە شەش هەزار کەس بە تومەتی گەندەڵی درانە دادگا. لەم بارودۆخەدا بە هۆی بڵاوەکردنی گەندەڵیو بێکاریو بەرزبوونەوەی نرخ دەنگی نارەزایو خواستی چاکسازی گەیشتە بارێکی ترسناک. تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی لە ساڵی ١٩٨٩ بە سەدان هەزار لە خوێندکارانی زانکۆ خۆپێشاندانێکی جەماوەری گەورە لە مەیدانی تینانمن ئەنجام بدەنو بە سەدان بریندارو چەندین کوژراویشی لێ بکەوێتەوە. لە راستیدا هەموو ئەم کێشەو ئاستەنگانە سەرۆک دینگی لە بەرنامەو بریارەکانی پاشگەز نەکردەوە، بۆیە ئەمرۆ هەموو جیهان بە گشتی چینیەکان خۆیان بە تایبەتی بە پیرۆزیو مەزنی باس لەو پیاوە دەکەنووەک رابەرو گەورە لە مێژوویوڵاتەکەیانو جیهانیش تۆماری دەکەن.

لەم قۆناغەدا چینیەکان سیستمێکی ئابوری دوو لایەنەیان بۆواقعی خۆیان دارشت. سیستمێکی تێکەڵیان لە هەردوو سیستمی سەرمایەداریو سۆسیالستی داهێنا، ئەم سیاسەتە بەواقعی هۆی سەرەکی گەشەکردنی گەورەو فراوانی ئابوری ئەم وڵاتەیە. چەندین هەلیوەبەرهێنانی دەرەکی دروستکرد،

ئەم هەلانە بوونە هۆی زیادبوونی بەرهەمی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٧٠ەوە ساڵانە بە ڕێژەی ١٠%.(٣)
لە پرۆسەی گەشەکردنی ئابوری چیندا بۆ هەموو هەرێمو ناوچەکان یەک ستراتیژو یەک سیستم پرکتیزە نەکرا، بەڵکو هەر ناوچەیەک بە پێی خواستو پێویستیەکان بۆ گەشەکردنو پێشکەوتن سیستمێکی ئابوری تایبەت بە خۆی بۆ دارێژرا، هەروەها هەر هەرێمێک شێوازێکی تایبەت لە وەبەرهێنانو سیستمێکی تایبەتی باجو گومرکی بۆ دانرا.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ لە کۆنفرانسی حیزبدا چوار پێشنیار بۆ پێشخستنی ئابوریوڵات خرانە روو:

١ـ ئابوری چین بە شێوەیەک بگونجێندرێت کە لە گەڵ ستراکچەری گۆرانکاریە جیهانیەکاندا بگونجێت، ئەم پێشنیارەی کۆنفرانس گرێکوێرەیەکی هەیە، چونکە لە واقعدا دەوڵەتان لە سیستمی نوێی جیهان یەک سروشتو شێوازیان نییە، بۆیە دەبوو چینیەکان وردتر مامەڵە لە گەڵ ئەم پێشنیارەدا بکەن، بۆیە هەر ئەو کات راوێژکاری سکرتێری گشتی حیزب زهاو زیانج ئەو وڵاتانەی کردە سێ بەشەوە:

ئا ــ حکومەتو ئابوریی رەق، ئەم مۆدێلەدا دەستەڵاتو ئابوری هیچیان نەرمیان تیادا نیە، زۆر بە زەحمەت لە گەڵ گۆرانکاریە گەوهەریەکانی جیهاندا دەگونجێن.

ب ــ حکومـەتێکی رەق‌و ئابوورییـەکـی نـەرم، لـەم مۆدێلـەدا کەرتی ئابوری زیاتر لـە دەسـەڵات نـەرمـی‌و بـواری گونجـانی تیادایە.

ج ــ حکومـەت‌و ئـابوری نـەرم، ئـەم شێوازە مۆدێلی وڵاتـە پێشکەوتوەکانـە، کـە بـە بـەردەوامـی لـە گـەڵ گۆرانکاریـەکانـدا خۆیان دەگونجێنن.

بەم سیاسەتە چینیـەکان تـەحـەفوزیـان لـە سـەر هیچ وڵاتێک نـەکـردو دەرگـای کـارکردن‌و بازرگانییـان بـە رووی کـەسـدا دانـەخست. بـە بـارێکی‌تریشـدا بـەم سیاسـەتـە دەرگایـەکـی زۆر فراوانیان لە رووی بواری پێشـکەوتـن‌و گـەشـەکردنـی خۆیانـدا کردەوە.

٢ــ سـەر لـە نـوێ پیاچونـەوە بـە ستراکچەرو ریزبـەنـدی کەرتە ئابوریەکان بە پێی پێویستی قۆنـاغی نوێ، لـەم بـوارەدا واقعـی چین ئـەوەی دەسـەپانـدا، کـە ریزبـەنـدی گرنگیدان بـەم کەرتانە بەم شێوەیە بێت، کشتوکاڵ، پیشەسازی، لێکۆڵێنـەوەی زانستی، لە کۆتایشدا بواری بەرگری.

٣ــ سـەر لـە نـوێ دارشتنەوەی ستراکچەری کـەرتـەکـانی بـەرهـەمهێنـان، لـە سـاڵی ١٩٨٠ حیزب بڕیاریدا بـە گۆرینی موڵکایەتـی کێڵگـە گشتیەکـان بۆ مـوڵکی خێزان‌و رێگادان بـە پرۆژەی تایبـەت. بەم بڕیارە تـەنیا پیشـەسازی قـورس‌و کـەرتـی وزە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا مایەوە.

٤ــ لـه سـاڵی ١٩٨٤ حیزبـی شـیوعی چـین بریاریـدا بـه چاکسـازی شارسـتانی لـه سـەر بناغـەی پیاداچوونـەوە بـه سیستمەکانی نرخو کریّو سەپاندنی سیستمی لامەرکەزی، کردنەوەی دەرگا لە بەردەم وەبەرهێنانی بیانیو رێگا بدرێت پـرۆژەی هاوبـەش لـەگـەڵ وەبـەرهێنـانی دەرەکیـدا ئـەنجـام بـدرێتو دەرگـا لـه رووی کردنـەوەی دامـەزراندنی پـرۆژەی تایبەت بکرێت.

٥ـ پێدانی پلەیەک سەربەخۆی بە دامـەزراوە ئیداریـەکانو رزگارکردنی لە بیروکراتیەتی حیزبی.
٦ـ لە رێگای کەم کردنەوەی باجی گومرکیـەوە ئاسانکاری بۆ کاڵاکانی بازرگانی دەرەکی ئەنجام بدرێت.
٧ــ هـەوڵـدان بـۆ بونـە ئـەنـدام لـەدامـەزراوە دارایـیو بازرگانیەکاندا.
٨ــ هانـدانی کـەناڵـەکـانی گـەشـتیاریو پێشخسـتنی بـه پرۆسەیەکی فراوان.

لـه بـواری چاکسـازی لـه کـەرتـه گشـتیەکانـدا سیاسـەتـی تەرخانکردنی بڕێک لە قازانج بۆ پێشخستنو تـازەکردنـەوەی ئـەم کـەرتـه سـەرەتـای قۆنـاغێکی نـویّ بـوو. لـه پرۆسـەی ریفۆرمو کرانەوەدا چینیەکان تـەنیا بیریان لـه سوودو قـازانج نـەکردەوە، بـەڵکو بـەرنامـەیەکـی تـەواویان بۆ فراوانکردنو پێشخستنو بـەردەوامبوونی هـەر کـەرتێک بۆ خۆی کرد. لـه بواری کەرتی گشتیدا سیاسەتـەکانیـان بـەو ئاراستـەیە بوو ئـەم

کەرتانە شان بە شانی کەرتی تایبەت گەشە بکەن‌و پێشکەون، تا ئەمانەوەک سەرجەم وڵاتە دواکەوتووو سۆسیالستیەکان لە سەر سکی دەوڵەت‌و نەژێن.

لە ئاکامی ئەم سیاسەتەدا، بەشی خاوەنداریێتی دەوڵەت لە ساڵی ۱۹۷۸ تا ساڵی ۱۹۹٦ لە (٥٦%)وە دابەزی بۆ ٤۱%، هەروەها بەشی خاوەنداریێتی گشتی لە ٤۳%وە دابەزێ بۆ ۳٥%، لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا بوو بە ۲٤%ی سەرجەم بەرهەمی ناوچەیی، ئەمە لە کاتێکدا لە سەردەمی (ماو)دا بەشی کەرتی تایبەت نەبوو، یان زۆر بە کەمی بوونی هەبوو. لە ساڵی ۱۹۹٦دا دەوڵەت ۱۱۲ ملیۆن کرێکاری لە شارەکان بەگەڕ خستبوو، کەرتی گشتیش (۳۰٦) ملیۆن کرێکارو کەرتی تایبەت (۳۰) ملیۆن کرێکاری هەبوو.(٤)

بە واتا سەرەتایەکی زۆر بەهێزی دروستبوونی کەرتی تایبەتی‌و سیستمی سەرمایەداری بەدەر کەوت‌و توانییان بە سەنگێکی پێویستەوە تێکەڵ بە بازنەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری‌و سیستمی نوێي جیهان‌و رێکخراوو تەکەتولاتە ئابورییە جیهانی‌و هەرێمایەتییەکان ببن، لە هەمان کاتدا دەوڵەتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان‌و رێکخراوە جیهانییەکانیش گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەنابێت‌و ناکرێت ئەم دۆخە نوێیەی چین پشتگوێ بخەن. چیتر بۆیان نالوێت‌و لە بەرژەوەندیاندا نابێت لە رووی سیاسەتی فراوانخوازی ئابوری ئەم وڵاتەدا بوەستن. لەم بازنەیەدا زۆرێک لە بیر

مەندان‌و سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا لە نێویشیاندا گەورە دیپلۆماتی ئەمەریکی هنری کسنجەر رای وایە، کە دەبێت لەم قۆناغە بە دواوە ئەمەریکا هەوڵی هاوبەشبوونەوە لە بڕی لە رووەستان لە گەڵ چیندا بدات.

لەگەڵ ئەوەی داڕمانی بلۆکی خۆرهەڵات قۆناغێکی نوێی بۆ سیستمی سەرمایەداری هێنایەکایەوە، هاوکات چینییەکانیش لەم گۆڕانە بێ بەش‌و دوورە پەرێز نەبوون، بەڵکو لە چەندین رووەوە کاریان بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ ئەم سەردەمە نوێیەدا کرد. لەم بوارەدا سەرەتای نەوەدەکان بە سەرەتای تازەترین قۆناغی پێشکەوتنی چین‌و خاڵی وەرچەرخان لە رێڕەوی بەرەوپێشچوونی دادەنرێت.
لە ساڵی ١٩٩٤دا زیاد لە ٢٠٠ کۆمپانیای فرە رەگەزو بیانی سەرمایەیان لە چین بەگەڕ خست، لەمانە ٥٢ یان لە کۆمپانیا مەزنەکانی ئەمەریکا بوون، کە بە خاوەنی ئامرازو میکانیزمی سەرەکی نوێ‌و زانستی پێشکەوتوو بوون، بەم گۆڕان‌و رووداوە، چینیەکان نەک هەر توانیان پێ لە سەر بەشی خۆیان لەسیستمی نوێی جیهان‌و بازاڕی جیهانیدا داگرن. بەڵکو بوون بەهێزێکی مەزن‌و سەرەکی نوێی ئابوری جیهان لە پاڵ ئەمەریکاو ئەوروپاو ژاپۆندا.
لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨دا ٦٥ دەوڵەت‌و هەرێمی بیانی نزیکەی ٢٢،٠٥٠ ،٢٢ چالاکی ئابوریی‌و پڕۆژەیان بە بڕی ٢٧،٦١ بلیۆن دۆلار لە شاری شنگی جێبەجێ کرد، بەمەش

چـین بـوو بـە مـاڵی یـەک لـە سـەر دەی ٥٠٠ گـەورە کۆمپانیاکەی جیهان.(٥)
بـە گشـتی لـە ئاکـامی ئـەم گۆڕانکارییانـە چـین تـوانی بەرزترین نێوەندی گەشەکردنی ئابوری لە ماوەی ١٩٧٨ ـــ ١٩٩٦ بە رێژەی زیاتر لە (٩%) نێوەندی ساڵانە بۆ خۆی تۆماربکات.(٦) ئەم رێژەیەش بێگومان زۆر لە ئاستی ئاسایی خۆیـان زیـاتر بـووو لـە هـەمـان کاتـدا بـەرزتـرین رێـژەی گەشەکردنە لە سەر ئاستی هەموو وڵاتانی جیهان.

لـە سـاڵی ١٩٩١دا رێـژەی گـەشـەکردنـی چـین ١٠,٩%ی تۆمـارکردو لـەسـاڵی ١٩٩٤ ئـەم ڕێـژەیـە گـەیشـتە ١١%. هـەروەهـا رێـژەی گـەشـەکردنـی پیشـەسـازی لـە ١٩٩٢ بڕی ١٨%ی تۆمـار کـردو هـەنـاردەی ٢٤%و ئاسـتی بژێـوی لـە ماوەی دە ساڵدا چوار ئەوەندەی خۆی بەرزبووەوە.(٧)

بە گشتی رێژەی ناوەندی هەناردەی لەبازرگانی دەرەکیدا لە ١٩٧٩ ـــ١٩٩٣ سـاڵانە ١٤,٥%ی تۆمـارکردو لـە سـاڵی ١٩٩٤ ئـەم رێـژەیـە بـوو ٣١,٩%، ئـەم رێـژەیـە بـڕی ١٢١ ملیار دۆلار تۆمارکرد، لە هەمان کاتدا رێژەی هاوردەی بڕی ١١,٢%ی تۆمـار کـرد، کـە دەیکـردە بـڕی (١١٥,٧) ملیـار دۆلار.(٩)

بە واتایەکیتر چینییـەکـان لـە دۆخـی کورتهێنـان دەرچوونو چوونـە دۆخـی زێدەوە. ئـەمـەش چینییـەکـانی بردە پێگـەیـەکـی

نوێو توانی بچێتە یانەی دە هەناردەکەرە زەبەلاحەکەی جیهانو دواتریش بچێتە رێکخراوی بازرگانی جیهانی WTOوە، کە لە کۆنفرانسی ٢٠٠٢ی دەوحەدا بە رەسمی راگەیاندرا.

بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم بەرهەمی ناوچەیی چین لە ساڵی ١٩٩٦دا رێژەی ١١% کۆی سەرجەمی بەرهەمی خۆماڵی لە سەر ئاستی گشت جیهان پێک دەهێنا. ئەمەش بەرامبەر نیوەی سەرجەم بەرهەمی ناوچەی کیشوەری ئاسیاو ٢٨% کۆی بەرهەمی ناوچەیی وڵاتە گەشەکردووەکان بوو.(١٠)

چین لەم قۆناغەدا زۆر بە خێرای هەنگاوی بەرەو گەیشتن بە لوتکە دەنا، چین ئەمرۆ لە بواری ئابوریدا شەر لە سەر گەیشتن بە پلەی یەکەم دەکات. لە بواری گەشەکرندا نێوەندی رێژەی گەشەکردنی لە نزیکەی ٩% یە. لە ساڵی ٢٠٠٧دا ئەم رێژەیە گەیشتە ١١%.(١١)
بە شێوەیەکی گشتی چین لە سەرجەم کەرتەکانی ئابوریدا گەشەکردنو پێشکەوتنی مەزنی بەرپاکرد، هەندێک لەم کەرتو بوارانە:

١ـ بواری جوتیاریو کشتوکاڵی

ئەمرۆ چینییەکان لە پلە هەر بەرزو نزیکەکانن لە لوتکەی بەرهەمهێنانی جیهانی لە بواری کشتوکاڵیدا، ئەم وڵاتە بە یەکێ لە گرنگترین پێگەو سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی دانەوێڵەو لۆکەو سەوزەمەنیو چایو چەندی جۆریتری خۆراک لە سەر ئاستی جیهان دادەنرێت. ئەمە جگە لەوەی ناوەندێکی گەورەی کشتوکاڵی پیشەسازیە، لە بواری بە خێوکردنی ئاژەڵدا خاوەنی سامانێکی بێشومار لە مەڕو ماڵاتو مانگاو بەرازو ئاژەڵە دەریاییەکانە.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین چین لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ ـ ١٩٨٣ شۆرشێکی مەزنی بە بێدەنگی لە گوندەکانیدا بەرپاکرد، سەرەتا دامەزراندنی بناغەی چاکسازیو نوێبوونەوە لەو گوندانە بە گرێدانی گرێبەستێک لە نێوان جوتیارانو دەوڵەتدا دەستی پێکرد گەوهەری ئەم گرێبەستە ئەوە بوو، کە دەوڵەت زەویەکشتوکاڵیەکان بدات بە جوتیاران ئەوانیش لە بەرامبەردا برێک لە بەرهەمەکانیان بدەن بە دەوڵەتو ئازاد بن لە چۆنێتی مامەڵەکردن بە برەکەی تریەوە. ئەم ئەزموونە دواتر لە زۆر جێگاو ناوچەدا پراکتیزەکراو سەرکەوتنی گەورەشی بە دەست هێنا.

لە کۆتایی حەفتاکاندا چین پرۆژەی ریفۆرمو نوێبوونەوەی خستە بواری جێبە جێکردنەوە، سیاسەت مەدارو بیرمەندی گەورەی چین دینگ بۆ پراکتیزەکردنی پرۆژەکەی رێگای چاکسازیو گۆرانی هەنگاو بە هەنگاوی گرتەبەر، لە

پرۆسەکەیدا هاوسەنگیەکی لە نێوان ئازادکردنی بازارو پارێزگاری لە ستراکچەرو هەیبەتی دەوڵەت دروست کرد، بۆیە لە گەڵ هەموو بەرپەرچدانەوەیەکی نادروستو دەرهاویشتەیەکی نەخوازراوی، ئەو قۆناغە دەوڵەتوەک دامەزراوەیەکی بەهێز رووبەرووی دەبووەوە. سەرۆک بریارەکانی گەشەکردنو ریفۆرمی زۆر بەوردیو لە سەر خۆ جێبەجێ کرد، تا بە تەواوی توانی جێپێی خۆی قایم کات.

سەرەتای پرۆسەکەیان کە بە ریفۆرمی ئابوری دەستی پێکرد، لەم کەرتەدا هەنگاوی یەکەمیان لە دارشتنەوەی ستراکچەرو پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵیەوە دەستیان پێکرد. لەم بوارەشدا سەرەتا کارکردنیان بە سیستمی هەرەوەزی هەڵوەشاندەوەو بازاری کشتوکاڵیان بە شێوەیەکی بەرچاو ئازاد کرد. ئاستەنگو کۆتو بەندەکانی بەردەم گەشەکردنی ئەم کەرتەیان بە تەواوی لابد، ئەمەش لە کرۆکدا بۆ ئەوەی ئەم کەرتە جارێکیتر لە سەر بناغەی سودو زیان ئیدارەی خۆی دارێژێتەوە.

مۆدێلی سۆسیالستیی بازار، کە لە داهێنانی سەرۆک دینگ بوو، نهێنی سەرکەوتنی پرۆسەی ریفۆرمو نوێبوونەوەیەو چیرۆکی سەرکەوتنی بەردەوامی ئەو نەتەوەیە. کرۆکی قۆناغی ریفۆرمو نوێبوونەوە لەم کەرتەدا لە ساڵی ١٩٧٨وە بە دوو قۆناغ دەستی پێکرد:

قۆناغی یەکەم: سەرەتا لە بە تایبەتیکردنی زەویو ئازادکردنی کەرتی کشتوکاڵیو بەشدارکردنەوەی جووتیاران بوو لە سودو قازانجی بەرهەمەکانیان. بەم سیاسەتەیان چینیەکان گەشەکردن و پێشکەوتنێکی زۆریان تۆمارکرد، بە بارێکیتردا زیادبوونی رێژەی بەرهەمهێنانو زیادبوونی داهات، هاندەر بوو بۆ دامەزراندنی پیشەسازی کشتوکاڵی لە گوندەکانو پێشکەوتنی ئەم کەرتە، هاوکات زیادبوونی داهاتو باشبوونی بژێوی جووتیاران دەرگای لە سەر کەڵکەبوونی سەرمایەش لە وڵاتەدا کردەوە. چینیەکان بۆ رێکخستنەوەو دامەزراندنی بناغەی گەشکردنێکی بەردەوامو بەرز پرۆژەی بە دامەزراوەکردنی گوندیان داهێنا، ئەم پرۆژەیە لە قۆناغە باڵاکانیدا پرۆسەی بە دامەزراوەکردنی گوند بازنەی کەرتەکانی ئاژەڵداریو چەندین بواریتری وەک کەرتی بیناسازیو پیشەسازی بچوک.. هتد لێکەوتەوە.
سیاسەتی نوێیو ستراتیژیی دەوڵەت بۆ گوندەکان لێروە گرنگیدان بوو بە بەرهەمهێنانی شمەکو روەکە کشتتوکاڵیە گرانبەهاکان. لە ماوی هەشتاکاندا رێژەی پیشەسازی کشتوکاڵی لە بەرهەمی کەرتی کشتوکاڵی ٢٣٪ ی تۆمارکرد، بەرهەمی ریفۆرم لە کەرتی کشتوکاڵی لە قۆناغی یەکەمیدا بوو هۆی ئەوەی ١٧٠ ملیۆن جووتیار لە بازنی هەژاری رزگارکات.

وەک ئاستی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانیش لە نێوان ساڵی ١٩٧٨ بۆ ٢٠٠٤ بەرهەمی لۆکە سێ ئەوەندەی خۆی

زیـادیکرد لـە ٢،٢ ملیۆن تۆنـەوە بـوو بـە ٦،٣ ملیـۆن تـۆن، بـەرهـەمـی رۆن شـەش ئـەوەنـدی خـۆی زیـادیکرد (لـە ٥،٢ ملیۆن تۆنەوە بوو بـە ٣٠ ملیۆن تـەن، لـە نێوان ١٩٨٤ ەوە تـا ٢٠٠٤ پـەروەردکردنـی ئـاژەڵـداری پێشـکەوتنـی بـەرچـاوی بـەخـۆوە بینـی، بـەرهـەمهێنـانی گۆشـت لـە ١٩ ملیـۆن تـۆن گۆشتەوە بوو بە ٧٠ ملیۆن تۆن.

بە شێوەیکی گشتی خسڵەتـی پێشـکەوتنـی کـەرتـی کشتوکاڵی دوو بواری گرتـەوە، لە لایەک رێکخستنی بواری جووتیاریو فراوانکردنـــی رێـــژەی زەویو زیـــادکردنی جـــۆرەکـــانی بـــەرهمهێنـــانی کشـــتوکاڵی، لـــە لایـــەکیتـــر گرنگیـــدان بـــە بەخێوکردنی ئاژەڵداری، لە بواری بەرهمهێنانی گەنمو لۆکـەو گـەنمـەشـامیو سـەوزەو چـای، لـە بـواری ئـاژەڵـداریش بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتو بەرازو ئاژەڵ دەریایەکان لە پلـەی یەکەمدا بوو.

٢ـ بواری پیشەسازی

لە بیستو پێنج سـاڵی کۆتایدا چینیـەکـان توانیـان پیشـەسـازی بکەنە رەورەوەی گەشەکردنێکی زۆر خێراو پتەو. گۆڕانێکی گـەوهـەری لـە سروشـتـو واقعـی کـەرتـی پیشـەسـازی ئـەنجـام بـدەن. ئـەمرۆ چین خـاوەنـی ٢٢٠ هـەزار کارگـەیـە، لـەمانـە ٢٠٠٠ کارگەیان گەورەو مەزنن، ٢٢ هەزاریان کارگەی مام

ناوەندینو ٢٠٠ هەزاریان کارگەی، دامەزراوەی قەبارە بچوکن.

بە شێوەیەکی گشتی کەرتی پیشەسازی لە رووی دابەشبوونی جوگرافیەوە بە پێی بنەماکانی زانستی پیشەسازی بە سەر ناوچەکاندا دابەشکران، چینیەکان نەخشەو پلانێکیوردیان بۆ ئەم دابەشکردنە هەبوو.

لەم سیاسەتەیاندا بە وردی حیسابیان بۆ ئاسانکاری سەرکەوتن کرد، بۆیە دابەشکردنەکایان لە ماوەیەکی کورتدا دەسەکەوتو ئاکامی زۆر گەورەی هەبوو.

ئەزموونی چینیەکان تایبەتمەندیەیەکی زۆر گرنگی هەیە، لە هەموو برگەو بەشێکیدا دەخوازێت چەندین شیکارو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بۆ بکرێ، ئەمرۆ زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو، یان تازە گەشەکردوو روو دەکەنە ئەم وڵاتەو دەیانەوێت سوود لە ئەزموونو نەخشەی سەرکەوتنیانوەرگرن.

ئاکامی ئەم ئەزموونە لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدەدا چینیەکان بازی زۆر مەزنیان داوە، بۆ نموونە لە ماوەی نێوان ١٩٤٩ ــ ٢٠٠٠ لە بەرهەمهێنانی ئاسندا لە پلەی ٢٦ەوە پەریونەتەوە بۆ پلەی یەکەم، لە بەرهەمهێنانی خەڵوزدا لە پلەی ٩ یەمەوە پەریونەتەوە بۆ یەکەم، لە بەرهەمهێنانی

پترۆڵدا لە پلەی ٢٧ەوە گەیشتوونەتە پلەی پێنجەم. ئەمرۆ چین لــە بــەرهــەمهێنــانی تیــرەی لۆکــەو چنینــی پیشــەســازیو بەرهەمهێنانی پێڵاودا لە پلەی یەکەمدان، لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلــدا لــە پلــەی شــەشــەمــن. لــە بــواری پیشــەســازی تــەکنۆلۆژیــای بــاڵادا (ئــەلکتــرۆنو زانیــاریو تــۆرەکــانی ئەنتەرنێتو پێداویستیەکان مانگە دەسکردەکاندا) هەنگاوی زۆر مەزنیان ناوە.

لـە دە سـاڵی یـەکـەمـی ئـەزموونی پراکتیزەکردنـی تیـۆری بـازاری سۆسیالستی، کـەرتـی پیشـەسازی بە هـەردوو بـاری ئاسـۆییو سـتوونیدا پێشـکەوتنێکـی زۆر خێـرای بـە خۆیـەوە بینی، بەواتا هەم لە بواری زیادکردنی جۆرەکانی پیشەسازیو هەم لە بواری فراوانکردنـی کارگـەیدا، لـەم قۆناغـەدا سـەرەتـا چینیـەکـان بـە پـرۆژەو کارگـەی بچـوک دەسـتیان پێکـرد، ئـەم شێوە کارگانە زۆر بە خێرایی لـە گونـدو شارۆچکە بچووکـو نێوەندەکاندا بڵاوەیان کرد، دواتر سەرجەم ناوچەکانی وڵاتیـان گرتەوە. لە راستیدا دامەزراندنی کارگـەو پیشـەسازی قـەبارە بچوک یەکێ لە نهێنیەکانی سـەرکـەوتنـی چینیـەکانـە، بۆیـە ئـەم جۆرە پیشەسازیە جێگای بایـەخو گرنگیـی دەوڵـەتو بـەشێکی گرنگـی سیاســەتمــەدارانو پیــاوان کــارو پیشــەســازی بــوو، تــەنانــەت دوای هێنــانی وەبــەرهێنــانی بیــانیو دامــەزرانــدنی پیشەسازی مەزنیش.

یەکێك لە گرنگیەکانی ئەم جۆرە پیشەسازیە، دابینکردنی کەرەسەی سەرەتای بوو بۆ پیشەسازیو کارگە مەزنەکان بە نرخێکی کەم، بە واتا هاوکارێکی گرنگ بوو بۆ کەم کردنەوەی خەرجیو تێچووی شمەک و بەرهەمەکانی ئەو کارگانە، لە رەهەندێکیتردا ئەم کەمبوونەوەیە یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ بە هێزکردنی وڵاتەکەیان لە ململانێکردنی شمەکە بیابیەکاندا.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە قۆناغی دووەمی پێشکەوتنو گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی، قۆناغی دامەزراندنی پیشەسازی مەزن دەستی پێکرد. کەرتی پیشەسازیی مەزن بە پلەی یەکەم پشتی بە هاتنی وەبەرهێنانی دەرەکی دەبەست. ئەم پێشکەوتنە لە رووی گەشەکردنی مرۆییو داهێنانو پێشخستنی توێژی کرێکارانی بەهەرەدار کاریگەری زۆر دیاری هەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارە خوێندەوارەکان روویان کردە ئەم کەرتە، لە گەڵ کرانەوەی ئابوری چیندا زیاتر لە سەد ملیۆن کرێکاری ئەم وڵاتە تێکەڵ بە ئابوریی جیهانی بوون، لە راستیدا ئەم ژمارەیە زیاتر بوو لە ژمارەی کرێکارانی هەر حەوت وڵاتە پیشەسازیە گەورەکەی دنیا. کۆی بەرهەمەکانی پیشەسازیە گەورەکان هەناردەی وڵاتانی دەرەوە دەکران بە تایبەتیش ئەمەریکا.

لە پێناو کۆنترۆڵکردنو رێکخستنەوەی ئەم بەشەدا، دەوڵەت چەندین کۆمەڵگای پیشەسازی مەزنی دامەزراند. ئەم

کۆمەڵگایانە بازنەیەکی کامڵیان بۆ بەرهەمهێنانی شمەکو کەرەسەکانی هەناردەکردن دروست دەکرد. ئەمانە بوون بە پایەی بە هێزی راگرتنی ئابوری چین لە ئاستێکی بەرزو باڵادا، ئەو زەمینەیەیان خوڵقاند، کە ئەم وڵاتە ئامادە بێت بۆ ئەوەی ببێتە یەکێ لە جەمسەرە سەرەکیەکانی ئابوری جیهانو خەونی گەیشتن بە پلەی یەکەمو بە هێزترین وڵاتی ئابوری جیهان، واتە لە ماوەیەکی کورتدا پێش ئەمەریکا بکەوێت، نزیک کاتەوە لەواقع.

٣ـ بواری‌وزەو سامانە سروشتیەکان

چین خاوەنی برێکی مەزنی یەدەکی کانزا سروشتیەکانە، لە بواری دەرهێنانی پترۆڵدا تا ساڵی ٢٠٠٠ بری بەرهەمهێنانی ١٧٤ ملیۆن تەنی تۆمارکروە، لە بواری یەدەکی خەڵوزدا لە پلەی یەکەمدان، بری بەرهەمهێنانیان لە ساڵیکدا ١٩١٠ ملیۆن تەن تۆمار دەکات. لە بەرهەمهێنان ئاسنو زەنکو قورقوشمدا لە پلەی یەکەمی جیهاندان،

لە ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠٠٤ لە ئاکامی فراوانبوونو خێرابوونی گەشەو پێشکەوتنی بوارەکانی ئابوری پێویستیەکانی لە پترۆڵ زیادی کرد، مەزنی بواری پێشکەوتنی پیشەسازی چین بووە هۆی ئەوەی نرخی نەوت لسەر ئاستی جیهان بەرزبێتەوە. لەم بوارەدا ئەمرۆ چینیەکان لە هەوڵی زۆردان بۆ دەسخستنی پێداویستیەکانیان لە سەرچاوەکانو وزە، بۆ ئەم مەبەستە بە هۆی کۆنتۆرلکردنی سەرچاوەکانی‌وزە لە زۆر بەی ناوچەکانی دنیا لە لایەن ئەمەریکاوە، چینیەکان زیاتر روو

لەو وڵاتانە دەکەن کە نەیاری ئەمەریکان، یان لە بازنەی دەسەڵاتەکانی ئەودا نین.

٤ــ بواری بازرگانی: چین ئەمرۆ بە یەکێ لە هێزە مەزنەکانی بواری بازرگانی دادەنرێت، بە شێوەیەک لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتانی دنیا لە باری کورتهێناندان، تەرازوی بازرگانی ئەم بەردەوام لە زیادبووندایە. لە نێوان ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٥ ئەم زیادەیە لە ٢٥ ملیار دۆلارەوە پەریەوە بۆ ٩٠ ملیار دۆلار.

چینیەکان تەحەفوزی بازرگانیان لە سەر هیچ وڵاتێک دانەناوە، بۆیە بازرگانی لە گەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەنجام دەدەن، لە پێشەوەش وڵاتانی ژاپۆن، ئەمەریکاو ئەوروپاو پڵنگەکانی ئاسیا. لە پرۆسەی بازرگانیدا بەرهەمە پیشەسازیەکان بەشی هەرە زۆری هەناردەکانی داگیر دەکات، بەڵام وەک بواری هاوردە زۆرترین رێژەیان کەرەسەو شمەکیی خاوو سەرەتاییە.

لە هەشتاکانەوە حکومەتی چین بە شێوازی پلەبەند و لە سەرخۆ، کاری بۆ رزگارکردنی کەرتی بازرگانی کرد، شێوازی بازرگانی ئاراستەکراوی، قۆناغ بە قۆناغ هەڵوەشاندەوە، لە ناوەراستی هەشتاکانەوە سیستمی دوولایەنەی بەرجەستەکرد، سیستمی گومرکی تەفزیلی، بە پێی ئەم سیستمە بەرهەمە هاوردەکان هەواڵەی

گومرککردن دەکەن، بەڵامەک بەرهەمە هەناردەکان لە باج خۆش دەکرێن. لە ساڵی ١٩٩٢ نەخشەی ئیلزامی بە رێژەیەکی بەرچاو هەڵوەشایەوە.

لە سەرەتای نەوەتەکانەوە گەشەکردنی کەرتی بازرگانی چینی لە دۆخی کورتهێنان بەتەواوی دەرچوو.

لە ساڵی ١٩٩٥ەوە تاریفەی گومرکی زۆر بە خێرایی بەرەو داکشان چوو، کردنەوەی بازارە ناوخۆیەکانو بەرجەستەکردنی گۆڕانو چاکسازی ناوخۆیی رێگا خۆشکەر بوو بۆ تێکەڵبوونی بە رێکخراوی بازرگانی جیهانی WTO.

ستراتیژی سەرکردایەتی چین بۆ برەودان بە گەشەکردن پشتیان بە کرانەوەی بەردەوام بە رووی ململانێی نێودەوڵەتیەکاندا بەست، لە کانونی یەکەمی ٢٠٠١ چین بووە ئەندامی رێکخراوی بازرگانی جیهانی، بە پێی دەقی پرۆتۆکۆڵی چوونە نێو ئەم رێکخراوەوە، بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە ژێر چاودێریدا دەبێت، بە واتا تا ساڵی ٢٠٠٦ی بۆ دیاریکرابوو. دواتر دەبێتە ئەندامی مافی خاوەنداری فکری TRIP. قۆناغی دوای وەرگرتنی چین لەم رێکخراوە، بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی وەبەرهێنانو بەکاربەری ناوخۆی لێکەوتەوە، چەندین وەبەرهێنەرو وەبەرهێنانی گەورەیان راکێشایە ناو پرۆسەو بازاری خۆیانەوە لەم رێگایەشەوە توانییان سنووری بازارە جیهانیەکان ببڕن. لەم ماوەیەدا چینیەکان مۆدێلی ئابوری خۆیان لە سەرر بناغەی پشت بەستن بە هەناردە کردنو وەبەرهێنانی بواری

پیشەسازیی دامەزراند، ئەم وڵاتە توانی رێژەی هەناردەو وەبەرهێنانی راستەوخۆ بە رێژەی ٦٠% ی گەشەی چینی پێک هێنا، ئەم رێژەیەش بە بەراورد بە حەوت وڵاتە پیشەسازیە گەورەکەی جیهان، کە بری ١٦% بووە، ناوچەی یۆرۆ ٣٠% بووە.

لە ستراتیژیەتی ئابوری چین، سیاسەتێکی دوو لایەنەیان هەبوو، لە لایەک بەرهەمهێنانی شمەکی نرخ کەم بۆوڵاتانی هەژارو کەم درامەتو شمەکی گران بەها، بۆوڵاتانی پێشکەوتووو دەوڵەمەند. لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی ٢٠٠٤دا رێژەی بەرهەمهێنانی (نرخ کەمی) بڕی ٧٠%ی بڕی. لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستو یەکدا بەرهەمە ئەلکترۆنیەکان سێ لە سەر چواری بەرهەمەکانیان لە ئاستی نرخی کەمدا بوو.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت شەپۆلی جیهانگیری هاوکار بێت لە بردنە پلەی یەکەمی جیهانەوە لە هەناردەکردندا، چین لە سەرەتای هەشتاکانەوە سەنگی بازرگانی بەردەوام لە هەڵکشاندایە، لە ساڵی ١٩٨٠ دا بری هەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازیەکان ١% ی رەت نەدەکرد، لە ساڵی ١٩٩٣ ئەم رێژەیە گەیشتە ٤%و ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە ٩% ، لە بواری هەناردەکردنی ئەلیکترۆنیاتدا لەم ساڵەدا گەیشتە نزیکەی ١٥% .

ئـەمرۆ چین لـە پلـەی یـەکـەمدایـە لـە هـەنـاردەکردنـی جلو بەرگدا. لە هەناردەکردنی چنینیشدا لە پلەی دووەمدایە،
ستراتیژیەتی بازرگانی چین بە شێوەیەکی گشتی کرانـەوەیـە بـە رووی سـەرجـەمولاتـانو بـازارەکـانی جیهانـدا، بـۆ ئـەم مـەبـەستەش چینیـەکـان لای خۆیانـەوە کۆی وڵاتانیـان دابـەش کردووەو بۆ هەر یەکەشیان شێوە بەرنامەو سیاسەتێک پەیرەو دەکـەن، شـێوازی مامـەڵـەکردنیـانو ئامـانجی کۆتاییـان لـە گەوهەردا بۆ گەیشتنە بە بەرزترین سوودو قازانجی ئابوری، لەم چوارچێوەیەدا ئـەوەی چینیـەکـان تـا ئـەمرۆ توانیویانـە پێـی بگـەن لـە کـۆنترۆڵ کردنـی کـەرتـی بازرگـانیو ئـاڵوگۆری شمەکـو کەلو پەل لە گەڵ وڵاتاندا بەم شێوەیەیە:

٤ـ ١ ـ چینو هۆنگ کۆنگ

لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە پەیوەندیە بازرگانیو ئابوریـەکـانی نێوا ئـەم دوو وڵاتـە پێشـکەوتـنو گـەشـەکردنێکـی بـەرچـاوی بـە خۆیەوە بینی، لە ساڵ ٢٠٠٤دا بە هۆی بـەستنی گرێبـەستێکی دوو لایـەنـەی نێوانیانـەوە بـازارەکـانی چین بـە رووی هۆنـگ کۆنگـدا بــە تــەواوی کرایــەوە، بــاجی گــومرکی لــە ســەر دامـەزراوەکـانی هۆنـگ کۆنـگ بـە رێژەیـەکـی بـەرچـاو کـەم کرایەوە، ئاسانکاری بۆ پرۆسەکانی وەبەرهێنان بە تایبـەتـی لـە بوارەکانی خزمەتگوزاری لە رویاندا واڵا کرا.
کۆی رێژەی ئاڵوگۆرە بازرگانیەکانی نێوان ئـەم دوانـە بـری ٤٥% ی تۆمارکرد، لەم رووەوە ٤٠%وەبەرهێنانـەکـانی چین

لـەم وڵاتـەدایـە، کـە دەکاتـە بـری ٣٠%ی کۆی وەبـەرهێنـانی بیانی هۆنگ کۆنگ.

٤ـ ٢ـ تایوان‌و چین

لە نەوەتەکانـەوە دامـەزراوە تایوانیـەکان بـە شێوەیـەکی چڕ روویـان کـردە چـین. ئـەم وڵاتـە بـری دوو لـە سـەر سـێی وەبەرهێنانی چینیەکانی گرتە خۆی، لـە ساڵی ٢٠٠١ەوە چین بـووە یـەکـەم بـازاری هـەنـاردەکردنـی تـایوان، ٣٨%ی هەناردەی تایوانەیەکانی وەرگرت، بەمەش تایوان بووە دووەم وێستگەی بازرگـانی چینیـەکان لـە دوای هۆنـگ کۆنـگ. لـە ئاکـامی ئـەم سیاسـەت‌و پـەیوەندیـەش تایوانییـەکان سوودێکی زۆریـان کـردو توانییـان تـەکـانێکی گـەورە بـە پڕۆسـەی گـەشـەکردن‌و پێشخستنی بواری ئـابوریی خۆیـان بـۆ پێشـەوە بدەن.

٤ـ ٣ـ چین‌و ژاپۆن

لـە ماوەی حـەفتاکانـدا چین بووە یـەکـەم وڵاتـی ئاسیایی لـە وەرگرتنـی وەبـەرهێنانـەکـانی ژاپۆنـدا، لـە نێـوان ١٩٩٠ تـا ٢٠٠٤ بـەشـی بازرگـانی دەرەکـی چـین لـەگـەڵ ژاپـۆن دوو ئەوەندەی خۆی تۆمار کرد، بەمـەش چین ١٦%ی هـەنـاردەی ژاپۆنی گرتە خۆی‌و بوو بە دووەم بازاری ژاپۆنیەکان.

٤ـ ٤ـ چین‌و کۆمەڵەی‌وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا

ئاڵوگۆری بازرگانی ئەم وڵاتانە (تایلەند، فلپین، ئەندۆنیسیا، سنگافۆرە، مالیزیا، کۆمبۆدیاو لاوس‌و برونای) لـە گـەڵ چیندا

پێشکەوتنێکی زۆر خێرایان بە خۆوە بینی، لە ساڵ ٢٠٠٢دا چین رێکەوتنێکی بۆ ئاڵوگۆڕکردن‌و بازرگانی ئازاد لە گەڵ ئەم وڵاتانەدا مۆرکرد، ئەم رێکەوتنە بریاری وای لە سەر درا، کە لە ساڵی ٢٠١٢ەوە تا ٢٠١٥ بگاتە قۆناغێکی کامڵ. لە پێناو پتەوکردنی بازرگانی‌و ئاڵوگۆری شمەکدا لە ساڵی ٢٠٠٧دا رێکەوتنێک لە نێوان چین‌و ئەم کۆمەڵەیەو کۆریای باشوورو ژاپۆن مۆر کرا، لە راستیدا خەونی چینیەکان لەم ناوچەیە زۆر لەمە زیاترو فراوانترە، چینیەکان ستراتیژیی سەرەکیان کۆنترۆڵ کردنی تەواوی ئەم ناوچەیەیە.

٤ـ ٥ـ ئەمەریکاو چین

پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە واقعدا ناهاوسەنگ‌و نەتەبایە، هۆی سەرەکی ئەم ناهاوسەنگییەش دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی تاک جەمسەری ئەمەریکاو سەپاندنی خواست‌و بەرژەوەندیەکانی بە سەر ئەم وڵاتەدا. بۆ رزگار بوون لەم گرفتە چین کاری لە سەر دارشتنەوەی پەیوەندییەکان لە رێگای دبلۆماسییەوە دەست پێکرد، لە ئاکامدا چینیەکان بە پشتیوانی گۆڕانکاریە نێودەوڵەتیەکان‌و پێشکەوتنی ناوخۆیان لە نەوەتەکانەوە توانیان سەرکەوتنێکی گەورە بە دەست بێنن، هەناردەی چین بۆ ئەمەریکا زۆر بە خێرایی زیادی کرد، لە ساڵ ١٩٩١ەوە تا ساڵ ٢٠٠٥ نۆ ئەوەندەی خۆی زیادی کرد، بەمەش چین بووە بازاری یەکەمی ئەمەریکا لە هەناردەکردن‌و رێژەی ٢١%ی هەناردەی ساڵ ٢٠٠٥ی تۆمارکرد.

٤ـ ٦ـ چین‌و یەکێتی ئەوروپا

یەکێتیی ئەوروپا بە هەر بیست‌و پێنج دەوڵەتەکەیەوە دووەم بازاری هەناردەکانی چینە بەواتە راستەوخۆ لە دوای ئەمەریکاوە دێن. لە ساڵی ٢٠٠٤دا ١٩% ی هاوردەکانیان لە چینەوە بوو، ١١% هەناردەشیان راوانەی ئەم وڵاتە دەکرا.

٤ـ ٧ـ چین‌و ئەفریقیا

تا کۆتای سەدەی بیستەم رێژەی ئاڵوگۆری بازرگانی نێوان چین‌ووڵاتانی ئەفریقیا بە گشتی لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو. کە بری ٢%ی تێنەدەپەراند. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە ئاکامی بەرزبونەوەی نرخی ئەو سوتەمەنیەی چین لەوڵاتانی ئەفریقیای هاوردە دەکرد، ئاڵوگۆری بازرگانی نێوان ئەم دوو لایەنە بە شێوەیەکی خێرا پێشکەوتن‌و گەشەکردنی بە خۆیەوە بینی. لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە پەیوەندیە بازرگانیەکانی نێوان ئەم وڵاتانە بە تایبەتی (ئەنگۆلا، ئەفریقیای باشور، سودان، کینیا، کۆماری کۆنگۆ) چووە قۆناغێکی باڵاترەوە، لە راستیدا چینیەکان چاوی تەواویان لە سەر ئەم وڵاتانەیە، کە بتوانن پێداویستییەکانی سووتەمەنیان بۆ دابین بکەن. بەڵام پێدەچێت ئەمەریکا لە رێگا پڕۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەورەوە کۆمەڵێ ئاستەنگ‌و گرفت بۆ چینیەکان دروست بکات.

٥ـ لە بواری وەبەرهێنانی دەرەکیدا

کرانـەوەی چین بـە رووی جیهـانی دەرەوەدا ئـامرازێکی بـە هێز بوو بۆ تـازەگـەری ئـابوریو کاریگـەری ئیجابی لـە سـەر زیـادکردنی پرۆسـەی گـەشـەکـردن بـە شێوەیـەکـی بـەرچـاو هەبوو، بۆیە هەر لـە سـەرتـاوە دەسـەڵاتـی ئـەم وڵاتـە تـەدبیری خۆی بۆ راکێشانی سـەرمایەی بیانی کـرد. هـانی پیشـەسازی هـەنـاردەکردنـی دا. لـە سـاڵی ١٩٧٩ بـە یاسـایەکـی تایبـەت بـە وەبەرهێنانی بیانی، رێگایدا بـە دامـەزراندنی پـرۆژەی بیـانیو هاوبـەش، هـەر لـەم ساڵدا چـوار ناوچـەی ئـابوری تایبـەت بـە وەبـەرهینـانی بیـانی دامـەزرا، هاوکـات ئاسـانکاریو هـاندری زۆرش بۆ راکێشانی سەرمـایی بیـانی خرایـە روو لـەوانـە کـەم کردنەوی باج لە سەر قازانجەکانیان.

لە نەوەدەکانەو وەبەرهێنانی بیـانی بـە شێویکی چڕ روویـان لەم وڵاتە کرد.

لە نێوان ساڵی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٣وەبـەرهێنـانی دەرەکـی چین ١٧ ئـــەوەنـــدەی خـــۆی زیـــادی کـــردووە، بـــەمـــەش ســێیەکـــی وەبەرهێنانی وڵاتانی گەشەکردووی داگیر کردووە.

٦ـ دامزراندنی سیسمی بانکی:

لە ساڵی ١٩٨٠دا لـە ژێر کاریگـەریی ئـەو گۆرانکاریانـەی بـە سـەر ئـابوریی دراوو بـەرزبوونـەوەی دەخیلـەی نـەختیـدا هات، دەخیلەی خێزان زیادەیەکی خێراو بەرچاوی بە خۆیـەوە بینی، داهاتی تاک لە ساڵ ١٩٧٨ەوە بۆ ١٩٩٠ لە ٥%ەو بوو بە ٧٣% . لە ساڵی ٢٠٠٤ بوو بە ٨٧%.

لە ساڵی ١٩٩٠دا چین یەکەم بازاری بۆرسەی دراوی لە شاری شنگای کردەوە.
لە ساڵی ١٩٩٧ رزگاربوونی هۆنگ کۆنگ لە ژێر دەستی داگیرکەری بەریتانیو گەرانەوەی بۆ ئامێزی وڵاتی دایکی شێوە کودەتایەک بوو لە زانستی یاسای نیودەوڵەتی. ئەم روداوە بە بارێکدا راستی تیۆرەکەی دینگی (دەوڵەتێک بە دوو سیستمی حوکمرانیەوە)ەوەسەلماند. لە ساڵ ٢٠٠٤دا هێزی بۆرسەی چین بە بری ٤٥٠ ملیار دۆلار مەزەندە کرا، لە ساڵ ٢٠٠٦دا بری یەدەکی دراوی بە ٩٠٠ ملیار دۆلار مەزەندەکرا لە راستیدا بە گەیشتنی یەدەکی دارایی ئەم ولاتە بەم ژمارەیە ، یەدەکی دارای ژاپۆنی رەتکرد.

بە مردنی ماوتسی تۆنگ لە ساڵ ١٩٧٦دا گۆرەپانی سیاسیی چین شەرو ناکۆکیو ململانێیەکی توندی لە نێوان هەردوو رەوتی ریفۆرمخوازان بە رابەرایەتیی دینگ شیاو بینگو رەوتی موحافزکارەکان بە سەرۆکایەتی ژنەکەی ماوتسی تۆنگ، گرتە خۆی.
لە خولی سێیەمی لیژنەی ناوەندی یازدەی حیزبی شیوعیی چیندا لە ساڵی ١٩٧٨ ئەم شەرو ململانێیە بە لای بەرژەوەندیی باڵی ریفۆرمدا شکایەوە. دینگ شیاو بینگ رابەرو خاوەن تیۆری ریفۆرمو کرانەوە کۆی دەسەڵاتەکانی وڵاتی گرتە دەست.

لە دوای ساڵی ١٩٧٦ەوە چین مۆدێلێکی تایبەتی بە خۆی داهێنا، لە شێوازی رووبەڕووبوونەوەی بیروباوەری کۆنیدا رێبازی هەنگاو بە هەنگاوی لە سەرخۆو بە هێمنی گرتە بەر. لە پڕۆسەی دوورکەوتنەوەی لە تیۆری مارکسی کلاسیکی بە هەموو شێوە لە شێوازو رێگای کودەتاو شۆڕش دوورکەوتەوە. لە پڕۆسەی گۆڕانو پەرینەوە بۆ قۆناغێکی نوێ، رێگاو مۆدێلی سەرکەوتنی ئاشتییانەی هەڵبژارد. چینییەکان لە رووبەرووبوونەوەی هەر هێرشو گوشارێک بۆ سەر سەروەری نیشتمانیو نەتەوەیی زۆر بەتوندیو بێ گوێدانە هیچ پرانسیپو رینماییەکی مرۆڤایەتیی جیهانی وەڵامی دەدەنەوە؛ ئەوان باوەریان وایە رووداوو دیاردەو گۆڕانکاریە نێوخۆیەکان تایبەتمەندیی نیشتمانیان هەیەو هیچ کەسو لایەنێک بۆی نییە دەستیان تێوەر بدات، لەم چوارچێوەیەدا ئەوان پێیان وایە زۆربەی رێکخراوە مەدەنییە نێوخۆیو جیهانییەکان سیخوری ئەمەریکانو لە کرۆکدا ئامانجیان تێکدانی باری نێوخۆیی گەلانە بۆ بەرژەوەندیی ئەمەریکا.

لە پڕۆسەی سیاسیی چیندا بە هەمان شێوەی پڕۆسەی ئابوریان بە گشتی، تایبەتمەندییەکی چینییانەی هەیە. تیۆرە سیاسیو دبلۆماسییەکانی چین رەنگدانەوەی بیرو کلتورو رۆشنبیریی ئەو گەلو نەتەوانەیە، کە مێژوویەکی دوور لە جوگرافیایەکدا کۆیانی کردۆتەوە. چۆن لە رەهەندی فەلسەفیدا، کلتوری چین لە سەر بناغەی گونجان دادەمەزرێت. کۆی سیاسەتو ئیدارەو مۆدێلی ژیانی چینییەکان هەڵقوڵاوی

گونجانی نێوان هەردوو فەلسەفەی کلاسیکی (ین ویانگ)و فەلسەفەی (کۆنفۆشیۆس)ییە، بە هەمان شێوە بیرو تێروانینیان لە دایکبووی هەمان کلتورو فەلسەفەیە. ئەمە لە کاتێکدا بەرامبەرەکەی، کەلتوری خۆرئاواو بە تایبەتی ئەمەریکیەکان، لە سەر بناغەی شەرو ململانێی دژەکان دروست بووە، ئەمان جیاواز لە چینیەکان هەموو ئاکامەکان بە قەبارەی سودو زیان دەپێون.

لە پرۆسەی رێکخستنەوەی ماڵی خۆیاندا چینیەکان سەرەتا بە چاکردن‌و رێککردنەوەی دەزگا یاسایەکان‌و دادوەری‌و یاسای هەڵبژاردن‌و دانانی سنوورێک بۆ دیاردەی گەندەڵی دەستیان پێکرد.

لەگەڵ ئەوەی قەیران‌و کێشەکانی سیستمی سۆسیالستی بە گشتی، ئەم گۆڕان‌و ریفۆرمەیان بە سەر چینیەکاندا سەپاند، هاوکات زیادبوونی خێرایی گۆڕان‌و نوێبوونەوە لە سەر ئاستی جیهان‌و رووداني گۆڕانکاری چۆنایەتی لە کۆی سیستمی نێودەوڵەتیدا ئەوەی لە چینییەکان دەخواست، کە بەردەوامی بە پرۆسەی گۆڕان‌و کرانەوەی زیاتر بدەن‌و گۆڕانی گەوهەری‌و چۆنایەتی لە بیرو کردارياندا ئەنجام بدەن.

لە پرۆسەی ریفۆرم‌و کرانەوەدا سەرۆک دینگ گەیشتە ئەو باوەرەی، دەبێت ریفۆرمی سیاسیش بە هەمان میکانیزم‌و ستایلی ریفۆرمی ئابوری بە مۆدێلی قۆناغ بە قۆناغ‌و هەنگاو بە هەنگاو، بە هێمنی‌و لە سەرخۆ پراکتیزە بکرێت. لە بواری

سیاسیدا دینگو خوێندکارەکانی بە هەمان شێوازی ریفۆرمی ئابوری پرۆژەیەکی کامڵیان لە هەردوو بواری تیۆریو پراکتیزەیشدا دارشتەوە.

لەم بارەدا لەگەڵ ئەوەی هەردوو بواری ریفۆرمی ئابوریو سیاسی تەواوکەری یەکترنو هیچیان بە بێ ئەوی‌تر مەحاڵە توانای بەرجەستەکردنو مانەوەی هەبێت، بەڵام لە واقعی وڵاتانی دواکەوتوو جیهانی سێ دا، بە پێی خواستو پێداویستیەکان ئەم پرۆسانە هەندێک جارو لە هەندێک جێگادا پێشو دوا دەکەون. ریفۆرمی ئابوری پێش سیاسی دەکەوێتو لە جێگایەکی‌تر رەنگە بە پێچەوانەوە بێت. لەم بارودۆخەدا کۆمەڵێک پرسیارو سەرنج چینییەکانی راگرت. لە بارودۆخی چیندا ئەم دوو چەمکە کامیان پێش ئەویتریان دەکەوێت. ئایا ریفۆرمی سیاسی دەبێتە فاکتەری ئاسانکاری بۆ ریفۆرمی ئابوری؟ یان بە پێچەوانەوە بەرجەستەکردنی ئابورییەکی بەهێز زامنی سەرکەوتنی ریفۆرمی سیاسیە؟ ئایا دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤو چاکسازیی سیاسی، هیچ سەنگو کاریگەریەکی دەمێنێت کاتێک هەڵئاوسانی ئابوری رێژەی ١٠٠٠% تێپەر دەکات، مێردەزمەی برسێتیو مەرگ دەستی لە بیناقاقای زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک توند دەکات؟

لە راستیدا پەیوەندی نێوان ریفۆرمی ئابوریو سیاسی، پەیوەندییەکی ئاڵۆزو تێهەڵکێشە، بۆیە بڕیاردان لە سەر پێشخستنی هەر یەکەیان کۆمەڵێک فاکتەر یەکلای دەکاتەوە، لە

بـــارودۆخی چینـــدا دینـــگ گەیشـــتە ئەو بـــاوەرەی، کە بە بـــێ دامەزرانـــدنی بنـــاغەی ئـــابورییەکی بەهێـــز مەحـــاڵە بتوانرێـــت ریفۆرمێکی دروستو بێ گرفت ئەنجام بدرێت.

لەم واقعیـــدا دەرهاویشـــتەکانی ریفـــۆرم لە دوو ئاســـتەوە، گرفـتو کێشـەی بـۆ چینیەکـان دروسـت دەکـرد، لە سـەر ئاسـتی نێوخۆیی، کێشەو دەرهاویشتەکانی ریفۆرم (گەندەڵی، بێکـاری، هەژاری.. هتـــد)، لە ئاســـتی دەرەکیشـــدا نەیارەکـــانی چـــین لە ئەمەریکـــاو جەمســـەری ســـەرمایەداریو هەنـــدێک لە وڵاتە هەرێمـایەتییەکـان، بـە تایبـەتـی ئـەو وڵاتانـەی چـین کێشـەی سنووریو جوگرافیی لە گەڵیاندا هەیە.

ئەم بـــارودۆخە ئـــەوەنـــدە ترســـناکە، ئەگەری دروســـتکردنی کێشـەو گرفتـە بـۆ دەوڵەتـی چـین تـا ئاسـتی روخـانی دەسـەڵات دەچێت. لەم بازنەیەدا یەکێـک لەو هۆیـانەی وایکـرد ریفـۆرمی ئـــابوری هەنگاوێـــک پـــێش ریفـــۆرمی سیاســـی بکەوێـــت، بـــارودۆخی نـــوێی جیهـــانو دەرهاویشـــتەکانی ســـەرلەنوێ دامەزراندنەوەی سیستمێکی نوێی نێودەوڵەتیو جیهانیە.

دەرهاویشـــتەکانی ریفـــۆرمی ئـــابوری لە فراوانکردنـــی کەلەبەری نێوان داهاتی تاکی چینی، ئەو زەمینەیەی خوڵقانـدوە، کە سـامانو داهـاتی ئەو وڵاتە لە دەسـت چەنـد سـەرمایەدارێکی دیـاردا کـۆبێتەوە، هاوکـات نەهەنگـی گەنـدەڵیو نـاعەدالەتیو برسێتیو هەژاریو بێکاریو گرانـیو هەڵئاوسـان... تـاد، ببێتە

بەشــی زۆریـنەی هەرە زۆری خەڵکــی خـوارەوەی چـین. ئەم دابەشـــبوونو گرفتـــانە لە بنـــاغەدا خـــوڵقێنەری ســـەرەکیی قەیرانەکـانی بەردەم پرۆسـەی ریفـۆرمو کـرانەوەو هەرەشـەی جدی بوون بۆ سەر سەروەری دەوڵەتو سیستمی حوکمرانی لەو وڵاتەدا.

دیـاردەی گەنـدەڵی، کە خـۆرکەی سیسـتمی سیاسـیو بـاری ئاسایشـی وڵاتە، سـەرجەم داموو دەزگاکـانی حیـزبو حکـومەتی گرتبـــوەوە، دیـــاردەی بەرتیـــل خـــواردنو مەحســـوبیەتو قۆستنەوەی پلەی وەزیفیو ئیختلاس بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو لە شـادەمارەکانی کۆمەڵگـای ئەم وڵاتەدا بڵاوەیـان کردبـوو. لەم بـازنەیەدا سـەرچاوەکانی زانیـاریە رۆژنـامەوانیەکـان ئامـاژە بـۆ تێوەگلانـی زیاتر لە بیست هەزار بەرپرسی حیزبی لە گەنـدەڵی دەکەن.
لە ســاڵ ١٩٨٢ لە خــولی دووەمــی ئەنجــومەنی نیشــتمانیدا حکومەت بریاریدا بە ئەنجامدانی گۆڕانو چاکسازی لە سیانزە بـرگەی یاسـایدا. کـۆی ئەم چاکسـازیانە لە بـواری ریفـۆرمی سیاسیو باشکردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤدا بوو.

سروشـــتی سیاســـی حـــوکمرانی چینـــی وەک مـــۆدێلێکی خـۆرهەڵاتی، کە سـیماو نـاوەرۆکی تـاکرەویی حـوکمڕانیو تێکەڵبـوونی حیـزبو حکـومەتو زەلیلبـوونی حکـومەت بە دەسـتی حیـزبەوەیە، واقعێکـی خوڵقانـدوە پرۆسـەی ریفـۆرمو کرانەوە تێیدا پڕ هەورازو نشێو بێت، بۆیە دینـگ گەیشتە ئەو

باوەڕەی، کە دەبێت ریفۆرمو کرانەوە لە هەردوو بواری حیزبیو حکومی پێکەوە بەرجەستە بکات. لەم بازنەیەدا سەرەتا کاری لە سەر جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت کرد، نەخشەی ئازادکردنی حکومەتی بە چەند قۆناغێک پراکتیزەکرد. بە دەستێکی پۆڵاین کاری لە سەر بە مەرجەعیکردنی یاسا کرد. لە ناو حکومەتیشدا دینگو خوێنکارەکانی کاریان لە سەر پێشخستنو سەربەخۆ کردنی کۆی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو دادوەریو جێبەجێکردن کرد. سەرکەوتنی دینگ لەم قۆناغەدا ئەو زەمینەیەی بۆ رەخساند، کە گۆڕانکاری زۆر گرنگ لە بواری هزریو سروشتی سەرکردەیەشدا بکات، بەم سیاسەتە کۆمەڵێکی زۆر لە سەرکردە کلاسیکیەکانی لە بازنەی حوکمرانی دورخستەوەو نەوەیەکی نوێی سەرکردەی هێنایە بازنەکەوە. ئەم گۆڕانو چاکسازیانەی دینگ هەزاران لاوو ژنی هێنایە ریزەکانی حیزبەوە، نەوەیەکی نوێو چینێکی ناوەندی بە هێزی بۆ حیزب دروستکرد.

قوڵبوونەوەی قەیرانەکانی سیستمی سەرمایەداری بە گشتیو دەرکەوتنی سیماکانی دارمانو هەرەسهێنانی حکومەتەکانیان لە سەرەتای هەشتاکاندا، چینیەکانی خستە سەر ئەو باوەرەی، کە دەبێت زۆر لە پێشوو زیاتر خێرابن لە ئەنجامدانی ریفۆرمو کرانەوە. هەر چەندە لە کۆتایی هەشتاکاندا سەرۆک گۆرباتشۆف پرۆژەیەکی بۆ ریفۆرمو نوێکردنەوەی سیستمی سۆسیالستی لە جیهان بە گشتیو یەکێتی سۆفیەت بە تایبەتی راگەیاند. بەڵام چینییەکان بەو پرۆژەیە رازی نەبوون،

پێیانوابوو چین تایبەتمەندیی خۆی هەیە، دەبێت پرۆژەی تایبەت بە خۆی دارێژێت.

لەگەڵ ئەوەی چینیەکان لە کۆتایی هەشتاکانو سەرەتای نەوەدەکانەوە قۆناغی دووەمی ریفۆرمیان بەرجەستەکرد، بەڵام هاوکات دەستبەرداری شێوازی گۆڕانو ریفۆرمی تەدریجیو قۆناغ بە قۆناغ نەبوون.

لە روویەکی ترەوە دینگو هاوبیرانی وانەیەکی گرنگیان لە رووداوو خۆپێشاندانەکانی گۆرەپانی تیانمینی ساڵی ١٩٨٩ وەرگرت. لە راستیدا ئەو خۆپیشاندانە بە پێی بیرو تێروانینی چینیەکان لەدەستدانی شەرعیەتی حوکمڕانی بوو لەو وڵاتە، بەڵام ئەوەی بووە هۆی ئیحتیواکردنو کۆنترۆڵکردنی ئەو نارەزاییانە حیکمەتو شارەزایو دانای بێ سنووری سەرۆک دینگ بوو.

لە دوای تەنیا دەساڵ لەو کارەساتە، نەک ئەوانەی، کە نارەزایو خۆپێشاندانەکانیان ئەنجام دابوو پەشیمان بوونەوە، بگرە زۆربەیان دانیان بە دروستی سیاسەتەکانی ئەوکاتەی دینگدا ناو، هەندێکیشیان داوای دروستکردنی پەیکەریان بۆ دەکرد.

ئەم رووداوە وایکرد، کە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە، نەک لە موئامەرەکانی ئەو کاتەی ئەمەریکای دژ بە جەمسەری

سۆسیالزم بە گشتیو چین بە تایبەتی ئاشکرا بکەن، بەڵکو زۆر وریایانە کەوتنە دارشتنەوەی چەندین میکانیزمی بەهێز بۆ رووبەڕووبونەوەی هەر کێشەو گرفتێک، کە هەرەشە بێت لە سەر سەروەریو ئاسایشی نیشتمانی. هاوکات لە پراکتیزەکردنی پرۆژەکەیشدا لە هەموو هەنگاوو قۆناغێکدا حیسابی جدیان بۆ پاراستنی باری ئاسایشو هێشتنەوەی سەروەری نیشتمانیو حکومەت بە بەهێزی دەکرد.

لە رووی سیاسیشەوە بۆ ئیحتیواکردنی ئەم گرفتانە سەرۆک دینگ بەرنامەیەکی نوێی تایبەت بە ئەو بارودۆخەی چینی دارشت، بە وردیو بە پلان کاری لە سەر بەرجەستەکردنی سیستمی دیموکراسی بە مۆدێلی ئاشتیو قۆناغ بە قۆناغ دەکرد، لە دامەزراندنی بناغەی کۆمەڵگای مەدەنیدا لە هاوشانی بە هەند وەرگرتنی باری تایبەتی خۆیان زۆر وریایانە کاریان لە سەر گونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکاریە ئابوریەکانی وڵاتەکەیاندا دەکرد.

چینیەکان کاریان لە سەر داهێنانی فۆرمو مۆدێلێکی تایبەت بە خۆیان دەکرد، لەم بارەشدا دوو خاڵیان لە بەرچاو دەگرت: یەکیان پێیان وابوو فۆرمی بیری سیاسی نوێی وڵاتەکەیان دەبێت لە دوو سەرچاوەوە رێچکە بگرێت، بیرو فەلسەفەو کلتوری کۆنی چینیەکان، کە تا ئەمرۆش بە واقعی بیرو تێروانینەکانی (تاو) نەک بە تەنیا لای چینیەکان، بگرە لای زۆرێک لە خەڵکو بیرمەندانی گەلانیش جێگای سەرنجو

بایـەخ پێـدانە، وەک سـەرچاوەی دووەمـیش داهێنـانە نوێکـانی بیـرو تێروانینـی نـوێی مرۆڤـایەتیە، کە ئەمـرۆ لە سـەر بنـاغەی پێداویستی گۆڕانو پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی بنیات دەنرێت.

پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی چین بە هەمان ستایلی پرۆسەی ئـــــابوری بە هەر دوو ئاراســـــتەی دەرەکـــــیو ناوخۆیـــــدا، دادەرێژرێتەوەو پراکتیزە دەکرێت.

لە بـواری دەرەکیـدا چینیەکـان هێڵـی سیاسـی خۆیـان لە سـەر پرنسـیپی (دۆسـتایەتیکردنی دۆسـتانو دوژمنـایەتی نەکردنـی دوژمنان) دارێژاوە. بۆیە بەردەوام دژی دەستێوەردان بـوون لە کاروبـاری نـاوخۆی وڵاتـان. سـتراتیجی ریفـۆرمی سیاسـیی چـین، کـــارکردن بـــوو بە ســـتایلێکی نەرمو میـــانڕەو، بـــۆیە بەردەوام خۆیـان لەگەڵ کـۆی دیـاردە نەگونجـاوو ناکۆکەکـانیش رێکدەخسـت، ئەوان پێیـان وایە چـین دەبێـت بەردەوام لە شـەرو نـــاکۆکی دوور کەوێـــتەوە، بەردەوام کـــار لە ســـەر چنیـــنەوەی دەســـکەوتەکانی بکـــات، ئەگەر کەمـــیش بـــن. هەر لە ســـەر ئەم بنـاغەیە پەیوەنـدییەکانی خۆیـان لەگەڵ ئەمەریکـادا ریکخسـتەوە، بەڵام لە گەوهەردا ســـــتراتیجی کـــــارکردنی چینیەکـــــان لەگەڵ نەخشـــەو خواســـتەکانی ئەمەریکـــادا، کە ئامـــانجی ســـەرەکی مانەوەیە لە سەر کورسی دەسەڵاتی دنیا، ناگونجێت.

چینیەکـان ئەمـڕۆ زۆر بە بەرنـامەو بـە خێرایـی کـار لە سـەر سـەرکەوتن بـۆ گەیشـتن بە لـوتکەی دەسـەڵاتی ئـابوری جیهـان دەکەن، یان هەر نەبێت کار بۆ بـوون بە جەمسـەرێکی سـەرەکی

دنیا لە پاڵ ئەمەریکادا دەکەن. ئەم خواستەی ئەمان تا ئەمڕۆش لای ئەمەریکیەکان مایەی قبوڵکردن نییە. لەم چوارچێوەیەشدا ئەم نارازیبوونو دژایەتییەی ئەمەریکا تەنیا لە هەرەشەو چاوسوورکردنەوەدا نەوەستاوە، بەڵکو بە پراکتیکی چەندین هەنگاوی زۆر گرنگو بە هێزی بۆ گۆشەگیرکردنی چین ناوەو چەندین بەربەستی لە بەردەم رەورەوەی پێشخستنیدا دروستکردوە.

لەم بازنەیەدا یەکێک لە هۆکانی روخاندنی وڵاتی لیبیا لە چوارچێوەی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا، برینەوەی دەستی چین بوو لەو وڵاتەو دواتریش هەوڵێک بوو بۆ دەرکردنی لە وڵاتانی ئەفریقیا.

بە روخانی لیبیا چینیەکان بری (١٦) ملیار دۆلار زیانیان لێکەوت، کۆی پرۆژە ئابوریەکانیان لەو وڵاتەدا توشی ئفلیجی بوونو کۆتای بەو سەرچاوەیان لە دابینکردنی ووزەو کەرەسەی خاو هات. ئەوەی جێگای سەرنج بوو چینیەکان لە بەرامبەر ئەم روداوەدا هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، بگرە بەردەوام بوون لە سەر هەمان مۆدێلو پرنسیپی کارکردنی خۆیان. لەگەڵ هەموو هەڵوێستو سیاسەتێکی ئەمەریکی دژ بە چین، چینیەکان بەردەوام بوون لە دان بەخۆداگرتنو بەردەوام بەرەو پێشچون، دینگ پێی وابوو لەم قۆناغەدا دەبێت چینیەکان کار لە سەر ئیستیفزازکردنی ئەمەریکا نەکەنو خۆیان لە هەر جۆرە رووبەروبونەوەیەک لەگەڵیدا ئەگەر زیانیش بە چین بگەیەنێت دوورخەنەوە، بەڵام ئەمەریکیەکان لەگەڵ ئەمەشدا چین

بە گەورەترین مەترسی لە سەر خۆیان دەزانن، بۆیە نەخشەو بەرنامەی رووبەرووبوونەوەی چین لەلایەن ئەمەریکاوە بە چەندین ئاڕاستەو میکانیزم کاری لە سەر کراوە. لە وانە:

١ـــ ژیانەوەی رێکەوتنی هاوپەیمانی سەربازیی نێوان ئەمەریکاو ئوستر الیاو نیوزلەندا، ئەمە لە کرۆکدا بە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەی (هندی ـــ چینی)و توندکردنی گوشارەکانی لە سەر چینە، بە خێراترین شێوەو بە توندترین میکانیزم.

لەم چوارچێوەیەدا بە قۆستنەوەی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان چین‌و فیتنام لە سەر دەرهێنانی نەوت لە ناوچەی دەریای باشوری چین، کاری لە سەر بەهێزکردنی پەیوەندی‌و شەراکتە سەربازیەکانی لەگەڵ وڵاتی فێتنام کرد. ئەمەریکیەکان ئەم رێکەوتنەیان بۆ مەبەستی داکوتانی رەگی خۆیان لەم ناوچەیە ئەنجامدا. ئاستی بەشداریکردن‌و پراکتیزەکردنی ئەم رێکەوتنە لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە تا پلەی جوڵاندنی ئەستوڵی دەریایی بۆ دەریای باکوری چین بوو.

٢ـــ دانانی نەخشەی دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی لە سنگافورە، واتا دەرخستنی ئەوەی، کە ئەمەریکیەکان دەتوانن ئەو ناوچەیەی، کە چین لە رێگایەوە پێداویستیە بنەرەتیەکانی لە ووزەو کەرەسەی خاوی پیشەسازی‌و بەرهەمهێنانی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست‌و ئەفریقیا هاوردە دەکات، دابخەن.

٣ـ گرێدانی ڕێکەوتنێکی ستراتیژی هاوبەشایەتی لە نێوان ژاپۆن‌و ئەمەریکا لە ئۆقیانووسی هێمن، ئەم ڕێکەوتنە لە هاوشێوەی یەکێتیەکی ئابوریدا کار لە سەر ڕاکێشانی ژاپۆن بۆ ناو ستراتیجی ئەمەریکی دەکات. لەم ڕووەوە ئەوەی ژاپۆنیەکان هان دەدات، بەرەو ڕووی ئەم ڕێکەوتنە بچن بوونی کێشەی سنوری لە سەر چەند دورگەیەکی نێوان خۆیان‌و چینە.

٤ـ دژایەتیکردنی ڕێکەوتن‌و هاوپەیمانی نێوان ڕوسیاو چین، کارکردن‌و گوشار دروستکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی ستراتیجیی نێوانیان، بە تایبەتی لە ڕێگای گرنگی دان بە بەرژەوەندیەکانی ڕوسیاو پشتگوێ خستنی چینییەکان.

لە ڕاستیدا هاوپەیمانیی نێوان چین‌و ڕوسیا لەم سەردەمەدا تەواوی ناکۆکیەکانی پێشویان تێپەردەکات، چونکە لە واقعیدا پێویستی ئەم دوو وڵاتە بە یەکتری گەیشتوەتە ئاستی پشت بە یەکتر بەستن بۆ تێپەراندنی قۆناغێکی زۆر گرنگ‌و هەستیاری سیستمی نێودەوڵەتی‌و پەڕینەوە بۆ سەردەمێکی نوێ. لەم بارودۆخەدا مەحاڵە هیچ یەک لەم دوو وڵاتە بتوانێت بە بێ ئەویتر ڕووبەڕووی دەسەڵاتی تاکرەوانەی ئەمەریکا ببێتەوە.

لە ڕوویەکیترەوە ئەمەریکیەکان بە میکانیزمێکیترو لە ڕێگای داواکردنی گرێدانی شەراکەتێکی ستراتیژی لەگەڵ چینیەکان بە مەرجی خۆیان، نەخشەیەکیترە بۆ ئیحتیواکردنی چین. بۆیە

هەر لە سەرەتاوە چینیەکان بە گومانەوە دەیانروانیە ئەم خواستەی ئەمەریکا.

## ستراتیژیەتی دبلۆماسی چین

بە شێوەیەکی گشتی، تیۆرو ستراتیجی چین تایەتمەندییەکی چینییانەی هەیە. لە کۆتایی حەفتاکاندا لە هاوشانی ریفۆرمی ئابوری دینگ شیاو بینگ ئاماژەی بە پێویستی بوونی ستراتیژو سیاسەتێکی دەرەکی تایبەتو نوێی کرد.

تیۆری دبلۆماسی نوێی چین بەو ئامانجو خواستە دارێژراوە، کە ببێتە پشتیوانیو بناغەیەک بۆ بەرجەستەکردنو سەرخستنی پرۆسەی ریفۆرمو کرانەوە لە سەرجەم بوارو ئاستەکانیدا. لە پرۆسەی ریفۆرمی سیاسیو پێشخستنی پەیوەندیە دەرەکیەکانی چیندا، ستراتیژیەتی کارکردن بۆ بە عەسرەنەکردنی چین( واتاگەیاندنی چین بە پێشکەوتنەکانی سەردەم.. ناوەندی خەندان)، داەبەشکرد بە سەر چەند رێبازو شێوازێکدا.

لەم چوارچێوەیەدا مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەمەریکادا شێوازێکی تایبەت بە ئەمەریکای بۆ دارێژرا، لەگەڵ روسیا و وڵاتانی دۆستو هاوپەیمانیشدا شێوازی تایبەت بەمانی دارشت، هاوکات بۆ مامەڵکردن لەگەڵ ولاتانی دەوروبەری سیاسەتێکی تری هەبوو، بە هەمان شێوە بۆ سەرجەم وڵاتان و ناوچەکان بە

ستایل‌و شێوازی جیاوازەوە کاری دەکرد. یەکێ لە گرنگترین شت، کە چینیەکان لەم پرۆسەیەدا کردیان ئەوە بوو خۆیان وەک وڵاتێکی جیهانی سێیەم پێناسەکردو بەرنامەی کاری خۆیان لە سەر ئەم بناغەیە دارشت.

هەر لە سەرەتاوە دینگ سیاسەت‌و ستراتیژی کارکردنی خۆیان لە سەر بناغەی چەند پرنسیپ‌و باوەرێکی تایبەت بە خۆیان دامەزراند. لە وتەو پرانسیپە گرنگەکانی دینگ بۆ دارشتنەوەی بناغە سیاسەتی دەرەکیان دەڵێت:

(چین دەبێت لەم قۆناغەداو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، خۆی لە ناوەندی پێشەوایی، یان شەرکردن لە سەر گەیشتن بە لووتکەی دەسەڵاتی دنیا بە دوور بگرێت، لە بازنەی ئەم سیاسەتەدا هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی راستەخۆ پەیوەست نابن بە بەرژەوەندیی چینییەکانەوە خۆیانی تێهەڵنەقورتێنن و نەبنە بەشێک لە گرفت‌و کێشەکان. بە واتا چین دەبێت لە تاریکیدا و بە شاراوەیی رۆڵی خۆی بگێرێت).

(دەستگرتن بە سەروەریە نیشتمانیەکانەوە تا باڵاترین ئاست، وەلانانی ناکۆکیەکان، گەران بە دوای خاڵی بەرژەوەندی هاوبەش‌و گەشەی هاوبەش لە نێوان لایەنەکاندا).

ئەم پێشنیارو پرانسیپانە لە رووی پراکتیزەییەوە، لە گەوهەردا دوو خەسڵەت هەڵدەگرێت لە لایەک ئەوەندە

پراگماتیە، بەرژەوەندی ئابوریو سیاسیو گرێدانی پەیوەندیەکان دەبنە بناغەی کارکردنو بەستنی هاوپەیمانیو پەیوەندیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەکیدا. خەسڵەتێکی تری ئەم پرانسیپە هەڵگری سروشتێکی نەرمو میانرەوانەیە، لە سەر بڕیارو تێروانینی پێش وەخت بەرجەستە ناکرێت، لە رووی گوزارشتو زاراوەیەوە ئەم سیاسەتە بە رێبازی سەرکەوتنی ئاشتییانە (الصعود السلمی) ناوزەد دەکرێتو لە رووی ئامانجەوە گرێدانی ئاشتیە بە گەشەکردنەوە. چینییەکان گرنگیی تایبەت بە رەهەندی دبلۆماسی دەدەنو بە میکانزمێکی زۆر گرنگی جێبەجێکردنی ریفۆرمو کرانەوەی دەخەنە روو، بۆیە دەیخەنە خزمەت سەرجەم پایەو کەناڵەکانی پرۆسەو پرۆژەی ریفۆرمو کرانەوەیان.

پرسی دبلۆماسیەتی چین لە دوای شۆرشی سۆشیالیو دامەزراندنی کۆماری چینەوە، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێتە دوو قۆناغەوە. لە هەردوو قۆناغەکەیدا پرسی گەشەکردن لە ستراتیژیەتی بەرێوەبردنی وڵاتدا بووە.

**قۆناغی یەکەم:** لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری چینەوە تا ساڵی ١٩٧٨وە بەردەوام بوو. لەم قۆناغەدا، کە رێنماییو بیر و تێروانینەکانی ماوتسی تۆنگ بناغەی سەرەکی کارکردنی چینیەکان بوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە بواری دبلۆماسیو سیاسەتی دەرەکیشدا تایبەتمەندی خۆی هەبوو. ماو پێی وابوو دەبێت بە هەر نرخێک بێت سنورەکانی لە ترسە

دەرەكیەكـان بپارێزێـت بـۆ ئەم مەبەسـتەش سیاسـەتی داخسـتنی بەرووی دەرەوەدا پەیرەوكـرد. بە پـێچەوانەوە سـەرۆک دینـگ بـاوەری وابـوو بەكـرانەوە لە سـەرجەم بوارەكـانی ئـابوری و سیاسـیو كلتـووری... هتـدو گـرتنە بەری تیـۆرێكی دبلۆماسـی نوێ، چین لە ترسە دەرەكیەكان دەپارێزرێت.

لە سـەردەمی دەسـەڵاتی ماوتسـیدا چینیەكـان جـگە لە كێشـەو گرفتەكــانی ســنوریو دەریــای ناوچەكەیــان كێشــەیان لەگەڵ هەردوو رەوتــی ئایــدیۆلۆژی ســەرمایەداری بە رابەرایەتــی ئەمەریكا، وەک دوژمنێكی سەرسەختی سۆسیالیزم لە لایەكـو رەوتـی سۆسیالسـتی ماركسـی لینینـی سـۆفێتی، كە خۆیـان بە خـاوەن تیـۆرو رابەری بیـرو جەمسـەری سۆسیالسـتی دەزانـی پێیـان وابـوو دەبێت كۆی وڵاتـانی سۆسیالسـتی كۆپیەک لەمـان بـنو لە بـازنەی كـار وبەرژەوەزەنـدی روسـیادا بجـوڵێنەوە، لەم چوارچێـوەیەدا هـیچ حیسـابێكیان بـۆ تایبەتمەنـدیەكانی چـین نەدەكـرد، بۆیە رێبـازی سۆسیالسـتی چینیەكانیـان بە بە لادان لە سۆســیالیزم دەزانــی، بــۆیە بەهەمــوو شــێوەیەک كەوتــنە دژایەتیكردنیــان، بە بارێكیتریشــدا، دەیانویســت لە رێگــای كـۆنترۆڵكردنی چیـنەوە، كـۆنترۆڵی تەواوی نـاوچەی هنـدی چینـی بـكەن. لە راستیدا رووسـەكان خۆیـان بە چەتـری هەمـوو جەمسـەری سۆسیالسـتی دەزانـی بـۆیە پێیـان وابـوو، كە دەبێـت كـۆی گەلانـی سۆسیالسـت بـۆ سـەركەوتنو مـانەوەی ئەمـان بەردەوام قوربانی بدەن.

ئەم ستراتیژەی رووسەکان بۆ خۆیان زۆر دروست بوو، چونکە لە لایەک بەم سیاسەتەو نەخشەو پلانە بەرەی دژ بە سەرمایەدارییان زۆر فراوان دەکردو هاوکات برێکی زۆر لە قەیرانەکانی خۆشیان هەناردەی ئەم وڵاتانە دەکرد. ئەم ناکۆکیەی نێوان چینو روسیا، کە بەرگی ناکۆکیی نێوان ماویزمو لینینیزمی لەبەر کرد لە گەوهەردا ناکۆکیو ململانێی گرتنە دەستی رابەرایەتی جەمسەری سۆسیالستی بوو. ئەم ململانێ و ناکۆکیە لە شەستاکاند سەریهەڵداو تا گەیشتە ئاستێکی زۆر ترسناک.

## دووەم: قۆناغی ریفۆرمو کرانەوە

گۆڕانکاریو سیاسەتەکانی کرانەوەی دینگ لە ساڵي ١٩٧٨دا، لای زۆرێک لە بیرمەندو سیاسەتوانەکان بە کودەتا لە بیری ماویزم لە قەڵەم دەدرێت. لەم قۆناغەدا چینیەکان بەرابەرایەتی دینگ مۆدێلو ستایلێکی نوێو جیاوازی دبلۆماسیو گەشەکردنیان پێکەوە پەیرە کرد. شکاندنی سنورەکانو کردنەوەی دەرگا بەرووی دنیادا، سەرۆک دینگو هاوبیرانی گەیاندە ئەو باوەرەی، کە ئەم واقعە نوێیە تیۆرێکی تایبەتو نوێی بۆ سیاسەتی دەرەوەو دبلۆماسیەتی نوێی چین دەوێت.

ئەندازیاری ریفۆرمو کرانەوەی چین، بۆ ئەم قۆناغە بە پێی پێویستیو خواستەکان سەردەمی نوێ تیۆرێکی دبلۆماسی

دارێژا. ستراتیژی سەرەکی کارکردنی ئەم تیۆرە لە سێ بواردا چڕ کردەوە:

١ـــ دبلۆماسیەت لە خزمەت ئابوریدا: چینیەکان بۆ پشت ئەستورکردن و پتەوکردنی پەیوەندیە دەرەکیەکانیان لە سەر بناغەی کۆمەڵێک پرانسیپو میکانیزم، ستراتیژی رێکخستنەوەو پێشخستنی کەرتەکانی ئابوریو بەرهەمهێنانی خۆیان دارشتەوەو هاوکات رێبازو مۆدێلێکی تایبەت بە خۆیان بۆ بەرزکردنەوە وبەردەومیدان بە ئاستی گەشەکردن پەیرەوکرد. میکانیزمەکانی گەشەکردن لە تیۆرەکەی دینگدا لە سێ بواردا چڕ دەبێتەوە (یارمەتی دەرەکی، پەیوەندیی بازرگانی، وەبەرهێنان).
ستراتیژی سەرەکی دبلۆماسیەتی ئابوری لە دوو بواردا چڕ دەبێتەوە، یەکیان دەستخستنی سوتەمەنی بۆ بواری پیشەسازیو بەرهەمهێنان، ئەویتر کردنەوەی بازار بۆ شمەکەکانیان.

هەوڵدانی چینیەکان بۆ هێشتنەوەی ئاستی گەشەکردنیان لە پلەیەکی بەرزدا، بە تایبەتی لە سەردەمی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری جیهانیدا هەر وا ئاسانو بێ گرفت نیە. لەم بارو زەمەنەدا، کە قەیران هەرەشەی جدی لە کۆی ئابوری جیهان بە گشتیو ئەمەریکا بە تایبەتی دەکات، کارێکی هەروا ئاسان نیە بۆ چینییەکان، کە بتوانن خۆیان لەم قەیرانە بپارێزن. لە راستیدا وەک چۆن ئابوری جیهانو سەرمایەو کۆمپانیا مەزنەکان لەم سەردەمەدا بوون بە خێو و سنوری وڵاتان بە بێ مۆڵەت و

رێگـــا پێـــدان دەبـــرن، هەر بەم شـــێوەیەش قەیـــران‌و گـــرفتە ئابوریەکانیش بە ئازادی سنوری وڵاتان دەبڕن، بە تایبەتی لە وڵاتە لاوازو دواکەوتوەکانـــدا زۆر جـــار دەبێـــتە هـــۆی ئیفلیجکردنی کۆی سیستمی ئابوری ئەو وڵاتە.

لەم بازنەیەدا چینیەکان، کە پێش ئـەوانی تـر هەسـتیان بەم مەترسیە کرد، لە چەندین ئاستەوە، لە هەردوو بواری دەرەکی‌و ناخۆی چەندین بەربەستیان لە بەردەم ئەم قەیرانانە دروستکرد، لەم پرۆسەیەدا کۆمەڵێک فاکتەر هاوکاری چینییەکان بوون، گرنگترینیان فاکتەری جیۆپۆلۆتیکی‌و فاکتەری کلتووری مێژویی‌و بیروباوەری کۆنی چینیەکان بوو. چین بەوەی خاوەنی پانتاییەکی بەرفراوانی زەویی‌و ژمارەیەکی گەورەی دانیشتووانە، بۆتە خاوەنی بازارێکی گەورەی بەکاربردن، ئەمە جگە لەوەی ئەو بارەی بۆ خولقاندوە، کە لە هیچ روویەکەوە نەیارانی توانای داگیرکردن، یان کۆنترۆڵکردنیان نەبێت، بە بارێکی تریشدا ئەم خەسڵەتەی هاوکارە بۆ گەشەکردن کۆی کەرتە ئابوریەکان.

٢ـ دبلۆماسیەت لە خزمەتی سیاسەتدا:

چینیەکان لە قۆناغی ریفۆرم‌و کرانەوەدا، گۆڕانێکی بنەرەتیان لە سیاسەتی دەرەکی خۆیان ئەنجامدا، لەم پرۆسەیەدا تەنیا دوو خاڵ هێڵی سور بوون یەکیان: روشاندن‌و پێشێلکردنی سەروەری نیشتمانی‌و ئەوی‌تر: دەستبەرداربوون

لە هەر بەشێکی خاکی چین و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی وەک دورگەکانی تایوان، هۆنگ کۆنگ، مکاو، ڕێگە نەدان بە دابەشبوونی وڵات. لەم پرسەدا چینیەکان مۆدێل‌و ستایلی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەکیدا، بە شێوەیەکی وورد جیاکردەوەو بۆ هەر ناوچەو وڵاتێک ستایلێکی تایبەتیان دارشت، لەوانە:

ستایلی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەمەریکادا تایبەتمەندی خۆی هەبوو، هاوکات لە سەر دوو بناغە یان دوو پایەی سەرەکی دامەزرابوو، یەکیان لە رووی تیۆری‌و پرانسیپەوە مامەڵەکردن بوو لەگەڵ بیرو تێروانینێکی تەواو جیاواز لە خۆیان، ئەوی‌تر مامەڵەکردنێکی سیاسی‌و ئابوری بوو وەک ململانێکی سەخت بۆ گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵاتی جیهان.

سیاسەتی چین لە بەرامبەر ئەمەریکادا سیاسەتی خۆ لادان بوو لە رووبەروو بوونەوەی راستەوخۆ، خۆگونجاندن بوو لەگەڵ بارودۆخەکان، بەرجەستەکردنی سیاسەتی سەرکەوتن بە ستایلی ئاشتیانەو دوور لەتوندوتیژی بوو، ئەم پرانسیپە لە واقعدا لای چینیەکان ئەوەندەی تەکتیکێکی کاتی بوو ئەوەندە ستراتیژ نەبوو.

چینیەکان بۆ رەخساندنی بوارێک بۆ گەشکردن‌و پێشخستنیان، کاریان لە سەر دورکەوتنەوە لە خاڵەکانی پێکداخشان لەگەڵ ئەمەریکا دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بە وردی‌و خێرایی کاریان بۆ رەخساندنی زەمینەی پێشکەوتنی

خۆیـان بەو ئاراسـتەیەی بـگەن پـلەی یەکەمـی ئـابوری جیهـان دەکرد.

هێڵی سووری چینیەکان لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەمەریکـادا، قبـوڵ نەکردنـی مـانەوەی ئەمەریکـا بـوو بەتەنیـا لەلـوتکەی دەسڵاتی دنیادا. لەم چوارچێوەیەدا پێشنیاری ئەمەریکیەکـان بۆ دامەزرانـدنی شـەراکەتەتێکی سـتراتیژی لەگەڵ چینـدا ئەونـدەی تەکتیکێـک بـوو بۆ ئیحتیـواکردنی چـین ئەوەنـدە مەبەسـت لێـی شەراکەتێکی راستەقینە نەبوو، بۆیە هەر لە سەرەتاوە چینیەکـان بە گومانەمەوە دەیان روانیە ئەم دەستپێشخەریەی ئەمەریکا.

بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی ئەم سیاسـەتەیادا چینیەکـان بێـدەنگیان هەڵبـژارد لە بەرامـبەر دەسـتتێوەردانی ئەمەریکـا لە کاروبـاری وڵاتـانو بەکارهێنـانی سیاسـەتی گوشـارو هێـزو تونـدوتیژی لە دژی وڵاتـانی وەک عێـراقو بورمـا، باشـوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، زیمبـابۆیو باشووری ئەفریقیـاو دواتـریش لە روداوەکانی تونسو میسرو لیبیا... هتد.

وەک شـێوازو سـتایلی پەیوەنـدیەکانی لەگەڵ روسـیادا، لە بنـاغەدا لە سـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی هـاوبەشو بەرگـری هاوبەشە لە سیاسەتو نەخشەی ئەمەریکـا بۆ بەردەوامبوونی لە سەر درێژەدان بە دەسەڵاتی تـاکرەوی خۆیو کۆنترۆڵکردنی ئـابوری جیهـان. پەیوەنـدییەکانی چـین لەم قۆنـاغەدا گـۆڕانی گەوهەری بە سـەردا هـاتوە، لە راسـتیدا لە دامەزرانـدنی

دەسەڵاتی سۆسیالستی لە هەردوو وڵات وەک دوو ستایلی سۆسیالستی جیاواز کێشەو گرفتو ناکۆکیی بەردەوام بەشی شێری پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەی داگیرکردبوو، لە قۆناغی دارمانو سەرلەنوێ بنیاتنانەوە لە ماوەی هەشتاکاندا لە سەر پرس ریفۆرمو نوێبوونەوەش جارێکیتر ناکۆکیو گرفت کەوتە نێوان ئەم دوو وڵاتە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەمرۆ ئەم پەیوەندیە لە باشترین باریدایە.

٣ـ دبلۆماسیەت لە خزمەت ئایدیۆلۆژیادا:

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سیاسەتی چین لە فراوانی تێروانین و دڵگەورەییاندایە لە وەرگرتنو گونجاندن لەگەڵ کەلتورە جیاوازەکاندا، ئەم خەسڵەتە بە درێژایی مێژووی سیاسی ئەم وڵاتە بەشێک بووە لە سیستمی سیاسی. کلتوورو هزری کۆنی چینییەکان بە تایبەتی کۆنفۆشیۆس، تا ئەمرۆ نەک هەر کاریگەری بەهێزی لە سەر بیرو هەڵسوکەوتەکانی تاکی چینی هەیە، بەڵکو لە یاساو بریارەکانی دەوڵەتیش بەهێزترە. چینییەکان لە خۆرئاواوە فێری بنیاتنانو دامەزراندنی سیستمو شێوازی حوکمرانی نوێی بە هێز بوون، بەڵام لەم بنیاتنانو دامەزراندنەدا کلتوورو تایبەتمەندی خۆیان لە بیر نەکرد. بە تێکەڵکردنی تازەگەری خۆرئاوایی لەگەڵ بەهاو کەلتوری خۆرهەڵاتیدا، توانییان بە سەر زۆربەی گرفتو کێشەکانیاندا زاڵ بن. ئەم واقعە شێوازێکی تایبەتی پەیوەندیو پێکەوە

هەڵکردنو هاوکاریکردنو تێگەیشتنی لە نێوان هەرسێ فاکتەری سەرەکی نەتەوەی چین (دەوڵەت، بازار، کۆمەڵگا) دامەزراندوە.

لە سەردەمەکانی پێشودا بە هۆی رەقیو وشکی بیری ماویزم دبلۆماسی چینی نەیتوانیوە رۆڵی پێویستی خۆی ببینێت، لە ساڵی ١٩٦٦ەوە لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی ئەو کات بریاری بەرپاکردنی شۆرشی رۆشنبیریو کەلتوریدا بۆ ماوەی دەساڵ ئەم شۆڕشە بەردەوام بوو، بەڵام بە هۆی قوڵبوونەوەی قەیرانەکانی دەوڵەتە مارکسییەکان بە گشتی ئەم شۆرشە هیچ بەرهەمێکی نەبوو.

لە کۆتایی حەفتاکاندا لە چوارچێوەی تیۆرو بەرنامەی ریفۆرمو کرانەوەدا سەرۆک دینگ هەستی بەوە کرد، کە دەبێت لە رووی ئایدیۆلۆژیایشەوە چینیەکان گۆڕانێکی گەوهەری بەرپا بکەن. لەو کاتەوە قۆناغ بە قۆناغ کاریان لە سەر دارشتنەوەی بیری سۆسیالستی تایبەت بە خۆیان کرد. گۆڕانکاریە ئایدیۆلۆژیەکان ئەوەندە دیارو کاریگەر بوون زۆرێک لە وڵاتانی سۆسیالستو هێزە موحافزکارەکارەکانی ناوخۆی چینیش بە کودەتایان لە قەڵەم دەدا. سیاسەتی پراگماتیکی دەوڵەتو حیزب بەتایبەتی لەبواری تێکەڵکردنی کارکردن بە دوو سیستمی جیاوازو ناکۆک (سەرمایەداری، سۆسیالستی) نەک تەنیا خەسڵەتێکی تایبەتو لە داهێنانی بیرو تێروانینی چینیەکان بوو، بەڵکو لەم سەردەمەدا بووە بە

مۆدێلێکی نوێی حوکمرانی. مۆدێلی سۆسیالستی چینی لەگەڵ بەرجەستەکردنی بنەمای سیستمی سەرمایەداری هاوکات پارێزگاری لەرۆڵی دەوڵەت لەئاراستەکردنو کۆنترۆڵکردنی ئابوری وڵات دەکات.

بۆنموونە لەگەرانەوەی هۆنگ کۆنگی سەرمایەداری بۆ سەر وڵاتی چینی سۆسیالستی، زۆرێک لە چاودێران پێیان وابوو چین تووشی گرفتێکی گەورە دەبێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، چینیەکان ئەو ناکۆکیو جیاوازیەیان کرد بە پەیژەیەکیتر بۆ سەرکەوتنیان.

کۆکردنەوەی ئەم دوو ناکۆکیە تەنیا لەبازار و سیستمی ئابوریدا نیە، بەڵکو لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەرجەستەی دەکەن، لە وڵاتی چین تا ئەمرۆش ٥٥ نەتەوە پێکەوە دەژین. ئەمانە هەر یەکەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوەی بە یەکیانەوە دەبەستێت بە واقعی ئەم خەسڵەتەی چینیەکانە، کە لە گەوهەردا بەرهەمی کلتوورو فەلسەفەی کۆنی چینیەکانە.

باڵادەستبوونو مانەوەی ئەم گیانە بە زیندوی لە بیروبۆچوونی چینیەکان ئەو زەمینەیەی خوڵقاندوە، کە پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە سەر بناغەی ریزگرتن و لێبووردەیی لە یەکتر دامەزرێت، پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵاتیش لە سەر بناغەی تاعەتو ئینتما بێت. ئەم رێکەوتنە کۆمەڵایەتیە کەبناغەیەکی ئایدیۆلۆژی مێژوی هەیە، تا ئەو کاتە بە پیرۆزی دەمێنێتەوە، کە دەسەڵات لە بەرژەوەندی گەلدا کار بکات و نەیەڵێت بێزاریەکانی تاک بگاتە ئاستی دەربرینی

نارەزایی، چونکە بە پێی هەمان کەلتور ئەو کاتەی نارەزایەکان دەگەنە ئاستێک دەنگەکان دەبنە توندوتیژی، ئەو کات بە پێی کلتور و باوەری ئەوان ئەو دەسەڵاتە شەرعیەتی نامێنێتو دەبێت بروات، لە مێژووی کۆنی ئەم وڵاتەدا چەندین نمونە هەیە، کە لادانی دەسەڵات لە بیرو پرنسیپەکان هاوڵاتیانی گەیاندوەتە ئەوەی پادشاکانیان لە کورسی دەسەڵات دەرپەرێنن‌و سزایان بدەن. بۆیە لەکاتی لە دەستدانی شەرعیەتدا هەندێک جار پادشاکان خۆیان کوشتوە، ئەو کاتەی باوەری لە دەستدانی شەرعیەت لای گەلی چینی دەبێتە یەقین، قوربانی دان بۆ گۆڕینی دەسەڵاتو سزادانی لایان دەبێتە ئەرکێکی ئاینی و نیشتمانی و درێغی لێدا ناکەن.

لە بیروباوەری کۆنفۆشیۆسدا گەل مافی لێپرسینەوەی لە دەولەت نیە تا ئەو کاتەی شەرعیەتی بمێنێت.

چینییەکان ئەمرۆ بە دبلۆماسی کار لە سەر بڵاوەکردن‌و بانگەشەکردن بۆ ئەم ئایدیای خۆیان دەکەن،

کۆنفرانسی ١٨ی حیزبی شیوعی‌و پەرینەوە بۆ قۆناغێکی نویَ لە هەشت تا پازدەی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢ کۆنفرانسی هەژدەی حیزبی شیوعی چین بەرێوە چوو. ئەم کۆنفرانسە بە نهێنی‌و بیَ دەنگیەکی زۆرەوە دور لە چاوی راگەیاندنەکان، بەرنامەو بریارەکانی خۆی خستە بواری گفتوگۆو لێکۆلێنەوەوە، ئەم کۆنفڕاسە، کە بە بەشداریکردنی ٢٢٠٠ ئەندام سازکرا تێیدا ٢٥ ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و ٢٠٠ ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردران، تشی جینگ وەک

زەعیمـــی حـــزب لە جێگـــای (لهـــو جینـــاتو) دانـــراو (لـــی کیشـــتیانگ)یـــش وەک ســـەرۆک وەزیـــران هەڵبژێـــردرا بـــۆ جێگرەکەشـــی (وانـــگ تشبشـــان) دیـــاریکرا. لە راســـتیدا ئەم سەرکردانە هەرسێکیان لە بەرەی ریفۆرمخوازان بوون.

گرنگتـرین‌و گەوهەریتـرین بـاس‌و بریـار لەم کۆنفرانسـەدا، گـۆڕینی نەوەی رابـردوو (الحـرس القـدیم) بـوو بە نەوەیەکـی نوێ.

ئەم بڕیـارە یەکێـک لەهەرە سـیما دیارەکـانی سـەرکەوتنی کۆنفرانسەکە. لە روویەکیترەوە بەرێوەچونی ئەم گۆڕانکاریـانە، بە ئاشـــتی‌و دوور لە کێشـــەوگرفت‌و تونـــدوتیژی رووی هۆشیاری‌و نیەت پاکی سەرکردەو کادرانی حیزبی خستەروو. چینیەکـان(حیزبی شـیوعی چینـی) هەر پێـنج سـاڵ جارێـک کۆنفرانس دەبەستن. لە سـەردەمی سـەرۆک دینگەوە تـا ئەمرۆ بەردەوام گۆڕانکـاری گەوهەری نەک تەنیـا لە سیاســەت‌و هزریانــدا دەکەن، بەڵکــو بەردەوام گــۆڕان لە ســەرکردەوو دەسەڵاتەکەشـــیاندا ئەنجـــام دەدەن، نەوە لە دوای نەوە ئەرکـو بەرپرسیاریەکان بەرێوە دەبەن. لە سـەردەمی سەرۆک دینـگو لە هاوشـــانی پڕاکتـــایزکردنی ریفـــۆرم بە هەردوو بـــاڵە ســەرەکیەکەی ئــابوری‌و سیاســی، چەمکــی ئــاڵوگۆرکردنی ئاشــتیانەی دەســەڵات‌و هێنــانە پێشــەوەو پەروەردەکردنـــی سـەرکردەو نەوەی نـوێیش هـاتنە نێـو بـاس‌و خواسـەکانەوە. لە راسـتیدا لەگەڵ ئەوەی مـۆدێلی حـوکمرانی وڵاتـانی رووسـیاو چـین جیـاوازیەکی تەواوی لە مـۆدێلی وڵاتـانی سـەرمایەداری

بەگشــتی و ئەمەریکــا بەتــایبەتی، بەڵام چەمکــی ئــاڵوگۆری دەســەڵاتو چەسـپاندنی ماریفەتەکــانی ئــاڵوگۆری ئاشــتیانەی دەســەڵات بە مەرجێکــی ســەرەکی بەردەوامبــوون لە ســەر پێشــکەوتنو بەهێزبــوون دەزانــن، لە راســتیدا ســەپاندنو پراکتیزەکردنــی پرنسـیپو مــاریفەتی ئــاڵوگۆری ئاشــتیانەی دەسـەڵات لە سـەدەی بیسـتو یەکدا بـووە بە مەرجـی سـەرەکی دەســەڵاتی چــاک لە ســەر ئاسـتی زەوی. هەرگەلو نەتەوەیەک توانــای بەرجەســتەکردن و پراکتیزەکردنــی ئەم پرنســیپو ماریفەتەی نەبێت ئەوە بێ گومـان دەکەوێتە نـاو کۆمەڵەی وڵاتە دیکتاتۆرو تاکرەوەکانەوە.

لە سـەرەتای بەرجەسـتەکردنی پرۆسـەو پـرۆژەی ریفـۆرمو کرانەوە تـا سـاڵی ٢٠١٢و کۆنفرانسی ١٨ی حیزبدا چینیەکـان پێنج نەوەی جیاوازی سەرکردە بەرێدەخەن.

نەوەی پێنجەم، کە بۆ مـاوەی پێنج سـاڵی داهـاتوو حـوکمرانی ئەم وڵاتە دەکەن، سیستمی سیاسـی بەرێوە دەبەن، بەرپرسیاری تەواوی ئەم قۆناغەیـان دەکەوێـتە سـەر، لە کۆتـای ئەم خـولەدا، کـۆی کـارو چالاکیەکانیـان تـاوتوێ دەکرێـت، لە سـەر ئاکـامی راپۆرتەکە دەستخۆشـی یـان لێپرسـینەوە لەم نەوەیەی سـەرکردە دەکرێت.

بە پێـی بریـاری کـۆنفرانس لەم مـاوەیەدا یاسـا دەبێـت بە تەواوەتی سەروەر بێت، بۆیە هەرکەسێک لە هەر پلەو پایەیەکی دەسەڵاتدا بێت سەرپێچی یاسا بکات یـان لە گەنـدەڵی تێوە گلێت

بە توندی سزا دەدرێت. لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبدا حەسانە بۆ هـــیچ کەســـێک نـــیە، هەمـــوو وەک یەک لە بەردەم دادگـــا رادەوەســـتن، بەڵـــگەی ئەمەش ســـزادان و لە ســـێدارادانی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی خولی پێشووی حیزبە.

لەنەخشەو پلانی کارکردنیان بۆ ئەم خولە کۆنفرانس جەختی لە سـەر بەردەوامبـوون لە سـەر بەرنـامەی ریفـۆرمو کـرانەوە کـردەوە، سـەرۆکی نـوێو هـاوەڵانـی دەستیان کراوە دەبێت لە بەرەو پێشخستنی ئەم بەرنامەیە.

لە چینـدا تـا ئەمـرۆ لەگەڵ بـوونی چەنـدین حیزبیتـردا، بەڵام دەسەڵات تەنیا لە دەستی حیزبی شیوعیدا کۆنترۆڵکراوە، بۆیە بەرپرسـانی حیـزب لە پێنـاو بەردەوامبوونو مـانەوە لە لوتکـەی دەسەڵاتدا، گەیشتنە ئەو باوەرەی دەبێت گۆڕانکاری چۆنـایەتیو گەوهەری لەبوارەکـانی ئایـدیۆلۆژی و کـاری پراکتیـزەیو بەرنـــامەو میکـــانیزمی کـــارکردنی حیزبیـــدا بـــکەن. بەرجەســـتەکردنو پەیڕەوکردنـــی ماریفەتەکـــانی ئـــاڵوگۆری ئاشـتیانەی دەسـەڵاتو دانـانی بنـاغەی سیسـتمی دیموکراسـی، خاڵی سەرەتاییو بنـاغەی سـەرەکی گۆڕانکاریە ئیجابیەکانە لەم وڵاتە.

لە پرۆســەی ریفــۆرمو کــرانەوەدا ســەرۆک دینــگ وەک هەنگـــاوی یەکەم ســـەرەتا بریاریـــدا بە خانەنشـــینکردنی هەر ســـەرکردەیەک، کە تەمەنـــی بگـــاتە ٦٨ ســـاڵ. ئەم بریـــارە

بەرجەستەکردنو پراکتیزەکردنی پرنسیپی ئاڵوگۆری ئاشتیانەی دەسەڵات نیە، بەڵام دەکرێت بە خاڵی دەسپێک، یان هەنگاوی یەکەمی ئەم گۆڕانکاریانەی ئەمرۆ دانرێت.

لە کۆنفرانسی چواردەدا حیزب توانی بازێکی زۆر گەورە لە بواری ریفۆرمو نوێبونەوەدا بدات. بۆ یەکەم جار هەیمەنی حیزبی بە سەر بریارە سیاسیەکاندا سنوردار کردو بەستەڵەکی بیری کۆنی

شکانداو پرۆژەی ریفۆرمو کرانەوە چوە قۆناغێکی باڵاو هەستیارەوە.

لە کۆنفرانسی پازدەی حیزبدا لە ساڵي ١٩٩٧ گۆڕانێکی گەوهەری لە هۆشیاریی سیاسیو بیرو تێروانی نوخبەی سیاسی جەماوەریو حزبیشدا بەرجەستە بوو. دەرگا لە رووی گەشەی سیاسیو دامەزراندنی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە کرایەوەو چاکسازیو راستکردنەوە لە چەندین بریاری سیاسیو تازەکردنەوەی سیستمی هەڵبژاردنو پەیرەوکردنی ئازادی راگەیاندنو رادەربریندا ئەنجام درا.

لە کۆنفرانسی شازدەدا لە ساڵی ٢٠٠٢ گۆرانکاریەکی گرنگ لە ئایدیۆلۆژیای فەرمی حیزبدا بەرجەستەکرا. ئەمە جگە لەوەی، کە بە تێکرای دەنگ جەغتیان لە سەر بەردەوام بوون لە پرۆسەی ریفۆرم و کرانەوە کردەوە.

لەم کۆنفرانسەدا ئاڵوگۆری دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیو هێمنانە لە نەوەی سێیەمەوە پەریەوە بۆ نەوەی چوارەم، سەرکردایەتی نوێ بە راشکاوی جەختی لە سەر پابەندبوون بە

دەستوری حیزبەوە کردەوەو مەرجەعیەتی کارکردنی لە سەر سێ بناغە (ڕێنماییەکانی ماوتسی تۆنگ، پرۆژەی ریفۆرمو کرانەوەی دینگ، هزرو گۆرانکاریە نوێکان) دیاریکرد.

سەدەی بیستو یەک لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریو چەمکی نوێی هێنایە نێو بازنەی ژیانی سیاسیو ئابوری گەلانەوە بە تایبەتی گەلانی خۆر هەڵات.

لەم قۆناغو سەردەمەدا بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤایەتی لە هاوشانی پێشوازیکردنی لە سەدەیەکی نوێ گۆڕانو وەرچەرخانێکی گەورەی لە ڕێرەوی خۆیدا بەرجەستە کرد، لە ماوەی نێوان ئەم دوو سەردەمو قۆناغەدا، واتە لە نێوان داروخانی سیستمی کۆنو دانەمەزراندنو دانەرشتنەوەی کامڵی سیستمی نوێ، ڕەوشو زەمینەیەک لە فەوزاو ناجێگیری بەرۆکی سەرجەم مرۆڤایەتی گرتەوە. لە ڕێگای دامەزراندنی سیستمی نوێدا ڕۆژانە گوێبیستی ڕووداوو دیاردەی نوێ دەبین. لەم بارەدا بۆ گونجان لەگەڵ ئەم واقعو ڕەوشە نوێیەدا، ئەمرۆ سەرتاپا گەلانی دنیا کار بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی خۆیان دەکەن. لەم زەمینەیەداو لە هەناوی ئەم گۆڕانکاریو ووداوانەدا کۆنفرانسی ١٧ی حیزب لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا بەستراو بۆ ماوەی شەش ڕۆژ بەردەوام بوو.

ئەندامانی کۆنفرانس تێکرا جەختیان لە سەر پێویستی ئەنجامدان گۆڕانو پیاچوونەوەیان بە دەستوری حیزبو چەمکی گەشەکردن لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کلتووری، کۆمەڵایەتی کردەوە.

سەردەمی دوای کۆنفرانس دەیان گۆڕانکاریو رووداو لە واقعی جیهانیو چینیدا روویاندا.
کۆی ئەمانە زەمینەی گۆڕانو نوێبوونەوەی بۆ کۆنفرانسی ١٨ سازاند. پێشهاتە نوێکانی جیهانو گۆڕانکاریە گەوهەریەکانی سیاسەتو سیستمی نوێی جیهان رێگا خۆشکەرن بۆ ئەنجامدانی وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتو بەرنامەو نەخشەی کارکردنی چینیەکان. سیاسەتمەدارو بیرمەندانی چین لە پێناو کۆمەنیوکەیشنی جیهانو مەلەکردن لە دەریای سیاسەتو ستراتیژیەتی سیستمی نوێدا لەم قۆناغەدا ئەو پەری میانڕەویو سازاندن لە پەیوەندیە دەرەکیەکانیان پەیرەو دەکەن، بەڵام لە بواری ناوخۆیدا تا ئەمرۆش بە دەستی پۆڵاین رووبەرووی نارەزاییەکان دەبنەوە، پێیانوایە ئەوەی ئەمرۆ لەجیهانی عەرەبی روو دەدات دەستی ئەمەریکیەکانەو ئەوەی لە چیندا لاساییان بکاتەوە ئەوە بە سیخوری ئەمەریکای دوژمنی دێرینی گەلی چینی دادگای دەکرێتو سزای بە سەردا دەسەپێنرێت.

چینیەکانو روسەکان پێیان وایە بەوەی سەرچاوەی داهات و هێزی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی رێکخراوە بیانیەکانە، کە لە بناغەدا سیخوری ئەمەریکان ئەمانیش ناراستەوخۆ دەبنەوە بە سیخوری ئەو وڵاتەو کۆی کارو پلانەکانیان لە کۆتاییدا بۆ بەرژەوەندیی ئەوانە.

ئەگەر لە کۆنفرانسەکانی پێشوتردا، حیزبی شیوعی چین توانیبێتی سیستەمو ماریفەتی گۆڕانی ئاشتیانەی دەسەڵات بخاتە دەستوری حیزبو حکومەتەوە، لەم پرۆسەیەدا بەهاوسەنگیو سازان لە نێوان نەوەی کۆن (الحرس القدیم)و نەوەی نوێدا دەسەڵاتی نوێ دادەمەزرێنێ، ئەوە ئەمرۆ ئەو قۆناغ و پرۆسەیەی رەتکردوەو بە راشکاوی کار لە سەر داهێنانێکی نوێی تایبەت بە خۆیان دەکەن. لەم قۆناغەدا چینیەکان بەتەواوەتی ئایدیۆلۆژیای رابردوویان لە سیستەمی حوکمرانیو ئیدارە دوور دەخەنەوە، کۆی سیاسەتو بەرنامەی کارکردنیان لە سەر هەردوو ئاستی دەرەکیو ناوخۆیی لە سەر بناغەی بیرو تێروانینی پراگماتیکی دادەرێژن.

لە راپۆرتی کۆنفرانسی ١٨دا بە دەگمەن دەچنەوە سەر بیری سۆسیالیزم و پایەکانی، بەڵکو قسەکردنو دیبەیتیان لە سەر بیری سۆسیالستی لە کرۆکدا لە بازنەی گۆڕان بەرەو بەرجەستەکردنو کارکردن بە هەمان میکانیزمەکانی سەرمایەداری دەخولایەوە.

چینیەکان بە باشی لەو راستییە ئاگادارن، کە ئەمرۆ مرۆڤایەتی لە قۆناغی پەرینەوەیدا بۆ سەردەمێکی نوێ لە بارێکی زۆر ئاڵۆزو هەستیاردا دەگوزەرێت. بۆیە ئەوان پێیانوایە بەوەی وڵاتەکەیان لە پلەی دووەمی جیهاندایە، ئەرکو بەرپرسیارێتیان زۆر گرنگو جێی بایەخە. لەم بارودۆخەدا دەبێت زۆر بەهەستیاریو وردیەوە چاودێری پەیوەندی و

ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان بە تایبەتی دۆخی پاشەکشێی ئەمەریکا لە سەرۆکایەتی جیهان‌و پلەی تاک جەمسەری بکەن، پێیانوایە زیانە کاتیەکانیان هەرچەندێک بێت نابێت ئیستیفزازی ئەمەریکا بکەن. لەم چوارچێوەیەدا بێ دەنگبوونیان لە بەرامبەر رووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی‌و باشوری ئەفریقیا بە تایبەتی رووداوو شەرەکانی روخانی رژێمی لیبیاو دەسەڵاتەکەی ئەسەد بەم پرنسیپ‌و ساسەتە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

لەم بارودۆخەدا سەرۆکی نوێ لەگەڵ دەستبەکاربوونی لە سەر کورسی دەسەڵات، کۆی کێشەو گرفت وقەیرانەکانیان‌و سیاسەتی کارکردنیان لەم خولەدا بە روونی دەخاتە روو. لە بواری ناوخۆی لە هاوشانی جەختکردنەوەی لە سەر بەردەوامبوون لە سەر بەرنامەی ریفۆرم‌و کرانەوە، جەختی لە سەر پێویستی رووبەرووبونەوەی گەندەڵی و گرفتە نێوخۆییەکانی حیزب‌و پەیوەندی نێوان حیزب‌و حکومەت کردەوە. لە رووی دەرەکیش گرنگی پراکتیزەکردنی پرنسیپ‌و بیرو تێروانینەکانیان‌و زیاتر پێشخستنیان لە رووی تیۆری دبلۆماسیەتی نوێدا خستە روو.

لە یەکەم ووتاریدا سەرۆک زۆر راشکاوانە قسەی لە سەر گەندەڵی و نایەکسانیەکانی ناو حیزبەکەی وەک نەخۆشیەکی کوشندە کرد، زۆر بە جەرگەوە باسی لە پێویستی رووبەڕووبونەوەی نەخۆشییەکانی کردو داوای لە ئەندامانی حیزبەکەی کرد، کە دەستبەرداری نوخبەوییەتی خۆیان بن‌و

تێکەڵ بەجەماوەر ببن تا لە نزیکەوە لە کێشەو گرفتەکان بگەن. بۆ دڵنیاکردنەوەی جەماوەرەکەی جارێکیتر جەختی لە سەر رێزگرتن لەیاساو دەستوری وڵاتەکەی وەک بەرزترین مەرجەع کرد، ئەم بریارو خواستانەی سەرۆک هەر لە سەرەتاوە کاریگەری بەدەرکەوتو ژمارەیەکی زۆر لە لاوانو روناکبیران بۆ پشتگیری سەرۆکەکەیان روویان کردە رێکخستنەکانی حیزب.

چەمکی سەرکردایەتی لای چینیەکان بە درێژای مێژوو گرنگیو تایبەتمەندی خۆی هەبووە، لەم قۆناغەدا کە دەسەڵات لە نەوەی چوارەمی سەرکردەوە دە پەرێتەوە بۆ نەوەی پێنجەمی سەرکردە، حیزبو سەرکردە بەرگی نوێ لەبەر دەکەن، بە تازەکردنەوەو گۆرینی سەرکردەکانیان کۆی هزرو سروشتی حیزب و وڵاتەکەیان بۆ بارێکی باشتر و پێشکەوتووتر دەگۆرن.

نەوەی نوێی چین بە سەرکردەو جەماوەرەوە لە سەر ئەوە کۆکن کە ئەمرۆ بارودۆخی وڵاتەکەیان لە هاوکێشەی سیاسیو هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتیدا زۆر هەستیارو ئاڵۆزە، بۆیە پێویستی بە گۆرانو نوێبوونەوەی گەوهەری هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت زۆر ووریایانە مامەڵە لەگەڵ کۆی رووداوە دەرەکیو ناوخۆییەکاندا بکەن. واپێ دەچێت ترسو کێشە دەرەکیەکانیان زۆر لەوە زیاترە بێت کە چاوەروانیان دەکرد، بۆیە لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستو یەکدا پێ ناچێت بتوانن

وەک رابـــردوو خۆیـــان لە رووبەرووبـــوونەوەی ئەمەریکـــاو هاوپەیمانانی لادەن.

بە بــــــارێکیتردا لە رووی نـــــاوخۆییەوە گۆڕانکــــــاریە جیهانییەکـــانو پێشـــکەوتنە خێراکـــانی بـــواری زانســـتو تەکنولـــۆجیو مەعـــریفە، بە تـــایبەتی لە بـــواری راگەیاندنـــدا ناراستەخۆ کاریگەری لە سەر کۆمەڵگـاو تـاک لەهەر ئاستێکـو لە هەموو جێگایەکی ئەم زەویە بوونی هەیە، لە چینو جیهـان بە گشـتی تـاک بەهەمـان مۆدێـلو سروشـتی سیسـتمە سیاسـیەکان زیاتر روەو بەرژەوەنـدخوازی تـایبەتی خـۆی دەچێت، هاوکـات تاک زیاتر سروشتی عەجولیو شپرزەییو بێ ئارامیو تـرس و دڵەراوکــێ دەبێــت. لەم واقــعەدا تـــاک متمــانەی بە سیســتمە سیاســیەکانی نامێنێــت، بــۆیە بەردەوام مــافی خــۆیو ژیــانی شایستەی بە خێرای دەوێت.

بــواری راگەیانــدنی جیهـــانی، کە بە پـــلەی یەکەم لە دەســتی ئەمەریکایەکانـــدایە زۆر بە نەخشـــەو بەرنـــامە کـــار لە ســـەر شـێواندنی بیــرو تێروانینـــی گەلان بـــۆ بەرژەوەنـــدی خۆیـــانو شـــڵەژانـــدنی بـــاری ئـــارامی وڵاتـــان دەکەن. لەم بـــازنەیەدا لەهاوشانی هەموو ئەو پێشکەوتنو گۆڕانکاریانەی لە وقعی ئەم وڵاتە رووی داوە، لە پەراوێزی ئەو سـەرکەوتنە مەزنەی کە لەم چەنـد دەیەیەی دوایدا بەدەستیان هینـاوە، ئەو رێـزو پـایەیەی بـۆ رەخســاندوە، کە زۆرێــک لە وڵاتـــانی جیهــان ســەردانی چــین دەکەن، تـــا بە شـێوەیەک لە شـێوەکان سـود لە ئەزمـونی ئەوان

ببینن‌و لای خۆیان کۆپی بکەن، یان دووبارەی بکەنەوە، لە هاوشانی هەموو ئەم پێشکەوتن‌و سەرکەوتن‌و گۆڕانکاریانە تا ئەمرۆش چینیەکان بۆ خۆیان وەک خەڵک‌و نووخبە گلەییان هەیەو دەنگی نارەزاییو خۆپێشاندان بەردەوام دووبارە دەبنەوە. لەم روەوە تەنیا لە ساڵی ٢٠١٢دا زیاتر لەسەد هەزار نارەزایو خۆپێشاندانی نوخبەوی لە وڵاتە ئەنجام دراوە.

لە رووی کێشە ناوخۆییەکان، ناکۆکیو ململانێکانی نێوان چین ودراوسێکانی، خواستە جوداخوازیەکانی (تبت)و شینگیانگ (تورکستانی خۆرهەلات)و کێشەی تایوان، کۆمەڵێکی تری ئەو کێشەو گرفتانەیە کەواچاوەروان دەکرێت لەم خولەدا روەو زیاتر ئاڵۆزیو قوڵبوونەوەی کەلەبەرەکان بچێت.

لە بواری نێودەوڵەتیشدا پێدەچێت گوشارو شەرانگێزیەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لە سەر ئەم وڵاتە روو لەو زیاد بوون بکات، بە تایبەتی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق‌و گواستنەوەی سەنگی هێزە سەربازیەکانی بۆ ناوچەی ئۆقیانووسی هێمن‌و ئاسیای ناوەند. لە لایەکیترەوە ئەمرۆ رووسەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەمەریکاو کۆتایهێنان بە سیستمی تاک جەمسەری دنیا بەهەموو شێوەیەک کار بۆ پەلکێشکردنی چین بۆ بەرەی رووبەرووبونەوەی راستەوخۆی ئەمەریکا دەکەن.

پوختەی ستراتیجی چین لە رووبەرووبونەوەی کۆسپەکانی دەیەی دووەمی سەدەی بیستو یەک:

ـــــ پارێزگـــاریکردن لە یەکپـــارچەی وڵاتو جێگیـــریو ئاســـایشو ئـــارامیو ئاشـــتەوای کـــۆمەڵایەتی بە هەر نـــرخو بەهایەک بێت.
ــ هەڵسـوکەوتی دروسـت لەگەڵ کەمینەکانـدا لە چوارچێـوەی یەکپـارچەیی خـاکی چـینو رووبەڕووبـونەوەی هەر هەوڵێکـی جوداخوازی.
ـــ دارشـتنەوەی سـتراتیژی پەیوەنـدیەکانی لەگەڵ روسـیا بە شـێوەیەک کە هاوسـەنگی خـۆی لە نێـوان پارێزگـاریکردن لە سەربەخۆییبوونی خۆیو تێکەڵبوونی بە بەرەی دژ بە ئەمەریکا لە چوارچێـوەی نەخشـەرێگایەك بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکـانی بپارزێت.
ـــ سـتراتیجی کـارکردنو مامەڵەکردنیـان لەگەڵ ئەمەریکـا بەردەوامە لە ســـەر خـــۆلادان لە رووبەرووی راســـتەوخۆو ئیستیفزازکردن.
ـــ سیاسـەتی پەیوەنـدیو هەڵسـوکەوتکردنی لەگەڵ وڵاتـانی سـەرکەوتوو (الـدول الصـاعدە) بە تـایبەتی هینـدو ئەڵمانیـاو بەرازیل.
ـــ سیاسـەتەکانی لەگەڵ وڵاتـانی باشـوری ئەفریقیـاو کەنـداوو وڵاتانی عەرەبی.
ـ ستراتیژی پەیوەندیو سیاسەتەکانی لەگەڵ وڵاتـانی ئاسیای ناوەند کۆریای، ژاپۆن، فلیپین، فیتنام... تاد.

ـ لە بواری گەشەکردندا:

- بواری جوتیاریو کشتوکاڵ: راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان کشتوکاڵو پیشەسازیدا، دروستکردنی تەنسیقێک لە نێوان هەرێمە هەژارو دەوڵەمەندەکاندا بە شێوەیەک لە پرۆسەی گشتیدا تەواوکەری یەکتر بن.
ـ بەردەوامبوون لە سەر گرنگیدان بە پرۆژەی بچووکو مام ناوەندو هەوڵی زیاتر بۆ پێشخستنیان.
ـ کردنەوەی دەرگای زیاتر لە رووی وەبەرهێنانی دەرەکی، لەم چوارچێوەیەدا چینیەکان بەو پەری پراگماتیکیەوە هەڵسوکەوت دەکەنو هێڵی سووریان لە سەر هیچ کەسو لایەنو وڵاتێک نییە.
ـ لە بواری بازرگانیو ئاڵوگۆری شمەکیەوە، تا بەرزترین ئاست میانرەوەن، بە هەردوو باری ئاسۆیو ستونیدا کار دەکەن.
لە بواری وزەدا، کە وا پێدەچێت لە قۆناغی ئایندەدا پێویستی چینییەکان بە وزە بە هۆی بەرزی ئاستی گەشەکردنو زیادبوونی خێرای زۆر لە زیادبووندا بێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە فراوانکردنو پێشخستنی سەرچاوەکانی دەستخستنی وزەیە لە هەردوو بواری دەرەکیو ناوخۆی، بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەو میکانیزمی کارکردنی زیاتر پشت بە ململانێی ئابوریو دبلۆماسی دەبەستێت.

لە بواری سەربازیدا: چینیەکان تا ئەمرۆ کەرتی چەکسازیان زیاتر لە بواری داهێنانو بەرهەمهێنانی سیستمی بەرگریکردندایە، لە رووی سەربازیەوە مەزنی ژمارەی دانیشتوانی چین ئەو هەلەی بۆ رەخساندووە، کە سوپایەکی نوخبەوی گەورەی هەبێت، لە رووی فراوانی سنورو جوگرافیاوە، ئەم هەلەی بۆ رەخساندووە، کە هیچ وڵاتێک جورئەت نەکات بە ئاسانی هێرش بکاتە سەری، لە بواری چەکسازیدا چینیەکان چەک تەنیا بۆ خۆیانو هاوپەیمانەکانیان بەرهەم دێنن.

بە شێوەیەکی گشتی ڕەوتی پرۆسەو پرۆژەی چینییەکان، کە ئەمرۆ تەمەنی دەگاتە ٣٤ ساڵ ئەم وڵاتەی لە وڵاتێکی هەژارو کەم دەرامەتو پر لە قەیرانەوە دەکاتە یەکێک لە جەمسەرە سەرەکیو مەزنەکانی جیهان. لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستو یەکدا، سیستمی نوێی جیهانو هاوسەنگی نێو دەوڵەتی لە نێوان سێ هێزی سەرەکیو مەزنی دنیا (ئەمەریکا، چین، روسیا)دا دادەڕێژرێتەوە. بە واتە ئەمرۆ چین رکەبەریو ململانێکانی لە لوتکەی دەسەڵاتدا ئەنجام دەدات.

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئەمرۆ چین بە یەکێک لە جەمسەرە سەرەکییەکانی دنیای نوێو فرە جەمسەری پۆلێن بکرێت.